تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

کورد و کێشەی (کەرکووک)

ڕەخنە و کۆڵینەوە

حوسێن محەمەد عەزیز

2705ک /2005ز

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کورد و کێشەی

« کەرکووک »

« ڕەخنە و کۆلینەوە »

حوسێن محەمەد عەزیز

2705ک/2005ز

91 - 970560 - 5 - 7

کورد و کێشەی کەرکووک
دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز
چاپی یەکەم
چاپخانەی سیما
کوردستان ـ سولەیمانیی
سالی 2005
تیراژ 1000
ژمارەی سپاردن 38

بۆ هەموو ئەو کوردە ڕەوشت بەرزانەی، بە ڕاشکاویی دەنووسن، سڵ لە کەس ناکەن، بە موو لە ڕاستیی لا نادەن، زمان و پێنووسیان خاوێنە، سووکایەتی بە خۆیان و پێنووسەکانیان ناکەن، لە پێناوی پارە و دەسەڵاتدا، خۆیان و پێنووسەکانیان نافرۆشن، لە باڵ هیچ لایەنێکدا، خۆیان حەشار نادەن، جگە لە ڕۆڵەکانی گەل، هیچ پشت و پەنایەکیان نییە، باوەڕیان بە خۆیان هەیە و مەبەستی سەرەکییشیان، تەنیا هەر، ڕازەی کۆمەڵانی خەڵکە!

ـ نــــــاوەڕۆک ـ

1. پێشەکیی 6
2. کونی ئۆزۆن 8
3. کێشەی دەسەڵات 12
4. دوو وڵات و چوار پارت 15
5. یەک هەرێم و دوو میرنشین 20
6. یەک گەل و دوو ئاڵا 23
7. سێ جۆر سەرکردە 27
8. زمانی ماتماتیک 30
9. دڵ و قودس 32
10. کێشەی « کەرکووک »، لە نێوان « پارتیی » و « یەکێتیی »دا 35
11. بڕە نەبێ، بازە بێ، کلک بە ئەندازە بێ 48
12. دەربارەی « کەرکووک » 60
13. چەن سەرنجێکی دیکە، دەربارەی « کەرکووک » 69
14. دەربارەی یاسای کاتیی، بەڕێوەبردنی دەوڵەتی « عێراق » 78
15. « کەرکووک » و « برۆکسل » 81
16. « ڕیفراندۆم » و « هەڵبژاردن » 85
17. دەربارەی هەڵبژاردنەکان 93
18. « هاوبیر » و پێنج پرسیار 112
19. پرۆسەی « ڕیفراندۆم » 118
20. کورد و فەلە 122
21. کورد و جوو 126
22. هەڵی مێژوویی 129
23. بەرهەمەکانی نووسەر 133

پێشەکیی

لە سەرەتای مانگی « فێبرووەری »یەوە، تا کۆتایی مانگی « دیسێمبەر »ی ساڵی « 2004 »، واتە: لە ماوەی دە مانگدا، پتر لە هەشتا گوتاری کورت و درێژ، بابەتی « نەتەوەیی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، زمانەوانیی و وێژەیی »م نووسیوە. هێندێکیان بڵاوکراونەتەوە و هێندێکی دیکەشیان، هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە و لە سەرەدا وەستاون.

بەشێ لەو گوتارانەم، لە پەرتووکی « برایەتی دڕۆزنانە »دا چاپ و بڵاوکردەوە. ئەوا ئەوڕۆش، دووەمین بەشی گوتارەکانم، لەم بەرهەمە نوێیەدا چاپ و بڵاودەکەمەوە. کاتی خۆی، هەموو ئەم گوتارانەم، لە لاپەڕەی ئەلیکترۆنیی « Kurdistanpost » و لە کۆشەی « کوڵبژێر »دا، هەفتانە، بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک بڵاوکردۆتەوە. بەو هیوایەی، ساڵی ئایندە بتوانم، بەشەکانی دیکەش، لە دوو توێی بەرگێکی جوان و ڕازاوەتردا، پێشکەش بە خوێندەوارانی هێژای نەتەوەکەم بکەم.

لەم پەرتووکە نوێیەدا، گوتارەکانم، بەپێی بابەتەکان و نزیکییان لە یەکدییەوە، پاش و پێش خستووە و ڕیزمکردوون، نەک بەپێی ئەو زنجیرە گوتارە بێ، کە کاتی خۆی، لە لاپەڕەی « Kurdistanpost »دا بڵاوکراونەتەوە.

بایەخێکی تایبەتییم، بەو گوتارانە داوە، کە لە سەر کێشەی « کەرکووک »، گرفتی هەڵبژاردن و پرۆسەی « ڕیفراندۆم » نووسیومن، لەبەرئەوە دەبینین، دوو گوتار لە سەر « کەرکووک »، دووپارەبوونەتەوە، کاتی خۆی، لە پەرتووکێکی دیکەدا بڵاومکردوونەتەوە. چونکە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان، بە یەکدییەوە هەیە، بە پێویستم زانی، جارێکی دیکە بڵاویانکەمەوە، تا، زنجیرەی باسەکان نەپچڕێن. بەڵام، بە کورتیی نووسیومنەتەوە. هەروەها، هێندێ زانیاریی نوێم، بۆ هێندێ لە گوتارەکان زیادکردووە. جگە لەوەی، هێندێ هەڵەی ڕێنووس و چاپیان تێکەوتبوو، هەموویانم ڕاستکردۆتەوە.

ئەم بەرهەمە نوێیە، لە « 21 » گوتاری جیاجیای نەتەوەیی و ڕامیاریی پێکهاتووە. بە شێوەیەکی گشتیی، لە ڕەوشی ئێستەی ڕامیاریی « باشووری کوردستان » دەدوێ، زۆر بە ڕاشکاویی، قامکم لە سەر گرفتەکانی کورد داناوە و چارەسەری گونجاویشم، بۆ هێندێکیان پێشنیازکردووە.

هەرچەندە، ئەمانە بیروباوەڕی تایبەتیی خۆمن و ئەز وەک ناسیۆنالیستێکی دیمۆکراسیخوازی کورد، زۆر بە ڕاشکاویی، بیروباوەڕی خۆم دەربڕیوە، بەلام، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بۆی هەیە، باری سەرنجی خۆی دەربڕێ، ڕەخنە لە بیروباوەڕەکانم بگرێ، گەر لە هەر ڕوویەکەوە، هەڵەیەکم هەبێ، بۆم ڕاستکاتەوە و ڕێی ڕاستم پیشاندا، زۆرم پێ خۆش دەبێ و لە ناخی دڵەوە سوپاسیدەکەم!

خوێنەرانی هێژا!

ئەوا بەرهەمی « کورد و کێشەی کەرکووک »، لە بەر دەستتان دایە، هیوادارم، بە وردیی بیخوێننەوە و زۆر بە ڕاشکاویی، باری سەرنجی خۆتان، بەرانبەری دەربڕن، تا، بە هەموو لایەکمان بتوانین، لە لایەکەوە، بە شێوەیەکی باشتر و ڕاشکاوانەتر، بابەتەکان تاوتوێکەین و هەڵیانسەنگێنین. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕازەی ووشەی پیرۆزی کوردیی، زمانی شیرینی دایک و ئەم نەتەوە بندەستە هەژارە بکەین. هەڵبەتە، مەبەستی هەموو لایەکیشمان، جگە لە دڵسۆزیی و ئەمەک نەبێ، هیچی دیکە نییە و سەرکەوتنیش، بۆ هەموو لایەک دەخوازم.

دوکتۆر حوسێن محەممەد عەزیز
ستۆکهۆلم

2005. 02. 01

گوونی قۆڕ!

ڕۆژی « 17 .07 .2004 »، سەرۆک « یاسر عەرەفات »، بێ ئەوەی، بۆ لایەنە تایبەتیی و دەسەڵاتدارەکان بگەڕێتەوە، یا، پرس بە ئەنجوومەنی شالیارانی دەسەڵاتەکەی خۆی بکا، دەستی لە کاری نێوخۆی میریی « فلەستین » وەردا، بە ناوی گۆڕانکاریی و گواستنەوەوە، سەرکردەی ئاسایشی گشتیی « عەبدولڕەزاق ئەلمجاهیدە »ی لابرد، « موسا عەرەفات »ی ئامۆزای لە جێی دانا و « حەربی عەرەفات »ی خزمیشی، بە بەڕێوەبەری ئاسایشی سنوور دامەزراند. هەروەها، نزیکەی پەنجا کارمەندی ئاسایشی دەرکرد و هێندێ گۆڕانکاریی دیکەشی کرد.

لەبەرئەوە، گێرمەوکێشەیەکی مەزن، لە نێو ڕیزەکانی گەل و میرییدا ڕوویدا. لە لایەکەوە، سەرۆک شالیاران « ئەحمەد قرەیع »، یەکسەر وازی لە پۆستەکەی خۆی هێنا. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەندامانی ڕێکخراوی « کەتائیب ئەلشوهەدا، ئەلئەقصا لیحەرەکەت ئەلفەتح »، دژی ئەو کارە ناڕەوایەی « عەرەفات »کردی، بێزاریی و توورەیی خۆیان دەربڕی. لە ئەنجامدا، هەراوئاژاوەیەکی گەورە، لە ڕیزەکانی گەلی « فلەستین »دا پەیدابوو، دژی بڕیارەکانی « عەرەفات »، لە شارەکانی « غەزە » و « خانیونس » خۆپیشاندان دەستپێکرد. ئەوەبوو، بە تەواویی تەقییەوە، هێندێ چەکدار، پەلاماری کرتووخانەکانی بارەگەی سیخوڕیی سەربازییان دا، هێندێکیان لێ سووتاندن و گیراوەکانیان بەرەڵاکرد. پاشان، بارەگەی پارێزگە و شارەوانیی « خانیونس »یان داگیرکرد و داوایان لە « عەرەفات »کرد، « موسا » لابا و ئەو پەنجا کەسەی لە دەزگەی ئاسایش دووریخستبوونەوە، بۆ شوێنەکانی خۆیان بیانگێڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هێندێ نێوچە، بۆ پشتگیریکردنی « عەرەفات »، خۆپیشاندانێکی پێچەوانە سەریهەڵدا و خەریکبوو، کار لە کار بترازێ! تەنانەت، بارێکی وا خراپیان ئەفراند، هەراکەیان وا گەورەکرد، « خافیر سۆلانا »ی بەرپرسی پێوەندییە رامیارییەکانی دەرەوەی « یەکێتی ئەورووپا » هەڵیدایە، هەڕەشەی لە « عەرەفات » کرد و گوتی: گەر میرییەکەی « قرەیع » سەرکەوتوو نەبێ، « یەکێتی ئەورووپا » ناچاردەبێ، چاو بە بەرنامەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە!
بۆیە، « ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی فلەستین »، لەگەڵ « عەرەفات »دا کۆبوونەوە، تا چارەسەرێکی پەلە، بۆ ئەو بارە ئاڵۆز و نالەبارە بدۆزنەوە و تووڕەبوونی جەماوەری گەل دامرکێننەوە. ئەم هەراوناژاوە گەورەیە، نزیکەی دوو هەفتەی خایاند. بەلام، لەوە دەچوو، لە بنەوە، لە سەر هێندێ خاڵ ڕێک کەوتبن، لە نێوە و دەرەوەی وولاتیش، گوشارێکی زۆر، لە سەر « عەرەفات » هەبوو. لەبەرئەوە، وردەوردە، نارەزایی و تووڕەبوونەکەی گەل کپبوو!
هەرچەندە، « عەرەفات » چەن جارێ، دەستکێشانەوەکەی « قرەیع »ی، لە پۆستەکەی خۆی ڕەتکردەوە. بەلام، لە کۆتاییدا، « ئەنجوومەنی یاسادانانی فلەستین » هەڵیدایە، داوایان لە « عەرەفات » کرد، وازهێنانەکەی « قرەیع » پەسەندکا، میرییەکی دیکە دامەزرێنێ و دەسەلاتی پتریش، بە شالیاری نێوخۆ ببەخشێ، تا ئاسایشی نێوخۆ، بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوەبچێ و بپارێزرێ!
هەڵبەتە، « عەرەفات » باش دەیزانی، ئەمە یەکەمین سەرۆک شالیاران نییە، وازدێنێ و لەگەڵیدا ناگونجێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بۆ ئاییندەی رامیاریی ئەو باش نابێ. بۆیە، بە هەموو شێوەیە هەوڵیدەدا، « قرەیع » بمێنێتەوە و واز نەهێنێ! کەچیی، ئەو هەر لە سەر وازهێنانەکەی خۆی سووربوو، تا، ڕۆژی « 2004. 07. 27 »، بە تەوایی، کۆتایی بەو گرفتە گەورەیە هات و « قرەیع » خۆی، وازهێنانەکەی کێشایەوە، بە مەرجێ، دەسەلاتی ئاسایشی نێوخۆی پتری هەبێ!
لە ڕاستییدا، « عەرەفات » ڕاژەیەکی زۆر گەورەی، کێشەی « فلەستین »ی کردووە، ڕامیار و دیپلۆماتێکی بلیمەتە، سەرکردەیەکی بە توانا و زیرەکە، بەڵەنسێکی باشی، لە نێوان باڵەکانی ڕزگاریبخوازی « فلەستین »دا ڕاگرتووە، نیشتمانپەروەرێکی پاکە و گوڵی گەنجێتی خۆی، لە پێناوی کێشەی ڕەوای گەلەکەیدا هەڵوەراندووە. بەلام، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، گەر بڵێم: تا بڵێی، سەرکردەیەکی دیکتاتۆر و کەللەڕەقە، هێندێ

زیانیشی، بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەی گەیاندووە. بۆیە، ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبی « فلەستین »، تووشی گوترەشی خۆیان بوون. بە کورتیی، وەک « کوونی قۆڕ » وایە، دەیبڕن، هەر وەی، نایبڕن، هەر وەی!!!
با بزانین، ئەم ڕووداوە گرنگە، چی دەگەیەنێ؟ زۆربەی چاودێرانی ڕامیاریی لەو باوەڕەدابوون، ئیدی چی دیکە ناتوانرێ، دەسەڵاتی ڕەها و بێ ئەندازەی « عەرەفات » قەبوولکرێ، لە هەموو شتێکدا، تەنیا هەر ئەو بڕیاربدا و قسەکانی ڕەت نەکرێتەوە. جگە لەوەی، ئەم ڕووداوەیان، بە سەرەتای تێکچوونی یەکێتی ڕیزەکانی گەلی « فلەستین » دادەنا. گوایە: یەکێتی نێوان ڕێکخراوە ڕامیارییەکان لێک هەڵدەوەشێن و لەوانەیە، سەرەتای جەنگێکی نێوخۆیی، نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی « فلەستین » بێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ئاواتێکی مەزن و دێرینی سەرانی « ئیسرائیل » بوو، تا، ڕۆڵەکانی گەلی « فلەستین »، لە نێوخۆدا یەکدی سەربڕن!
بەڵام، لە ئەنجامی گوشارێکی زۆری، نێوخۆی ڕۆڵەکانی گەلی « فلەستین »، سەرانی دەوڵەتە عەرەبییەکان و « یەکێتی ئەورووپا »دا، ئەو پێشبینیی و بۆچوونانە، ڕاست دەر نەچوون. بەڵکوو، هەموو لایەکیان، وازیان لە هێندێ داواکاریی خۆیان هێنا، بە چارەسەرێکی مامناوەندیی قایلبوون، تا ڕیزەکانی بزووتنەوەی گەلی عەرەبی « فلەستین »، لەوە کز و لاوازتر نەبێ و دوژمنەکانیشیان کەڵکی لێ وەر نەگرن!
کەچیی، گەر سەرنجێ، لە باری دەسەڵاتی ئەو دوو میرنشینەی « هەولێر » و « سولەیمانیی » بدەین، زۆر بە ڕوونیی دەبینین: « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، بێ ئەوەی، هیچ جۆرە خەسڵەتێکی فەرمییان، لە مێژیدا هەبێ، چیان بوێ، بە ئارەزووی دڵی خۆیان دەیکەن، شالیار و سەرۆک شالیاران دادەمەزرێنن، دەریاندەپەڕێنن، یەکێکی دیکەیان لە جێ دادەنێن و پرسیش بە کەس ناکەن! تەنانەت، « بارزانیی » لەگەڵ سکرتێری پارتەکەی خۆیدا « جەوهەر نامیق سالم » تێکچوو، بە شێوەیەکی ناشیرین وەڵامدرایەوە، تا وای لێ کرد، واز لە پۆستەکەی خۆی بێنێ، لە ماڵی خۆی دانیشێ و سکرتێرێکی نوێ دابنێ!
ئەم هەڵسوکەوت و دیاردانە ئەوە دەگەیەنن
1. ئەو دوو بەرپرسە گەورەیەی « پارتیی » و « یەکێتیی »، ڕێز لە ویست و ئارەزووەکانی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »دا ناگرن.
2. هەرچەندە، خۆیان دەسەڵاتەکەیان ناوناوە « میریی هەرێم ـ بەڕێوەبەرێتی هەولێر و سولەیمانیی »، بەڵام، لە ڕاستییدا، هیچ جۆرە خەسڵەتێکی میریی هاوچەرخیان تێدا نییە. بەڵکوو، پتر لە دوو میرنشین دەچن! بۆیە خۆشیان،

وەک دوو سەرکردەی خێڵەکیی دوو میرنشین، هەڵسوکەوت لەگەڵ دەسەڵاتەکەی خۆیاندا دەکەن.
3. خۆیان لەو دوو میرنشینە، گەلیٚ بە گەورەتر دەزانن. ئەگینا، گەر وا نییە، هەڵبەتە، یەکێکیان بەرپرسیی، لە دەسەڵاتەکەی خۆیدا وەردەگرت!
4. ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە گشتیی، ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانی دیکەی « باشووری کوردستان » بە تایبەتیی، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نییە. لەبەرئەوە، لە هەموو جۆرە کارێکی هەڵە و خراپەکارییەک، خۆیان کەنار گرتووە، زیندوو نین. گیانی بەربەرەکانییان تێدا ناسێنراوە، هەست بە لێپرسینەوە ناکەن. ئەرکەکانی سەر شانیان بەجێ ناهێنن و ئەو دوو دەسەڵاتە، بە هی خۆیان نازانن. چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەشداریی تێدا ناکەن!
بە داخێکی گەورە و گرانەوە، ئەو دوو سەرکردەیە دەیانتوانی، ڕۆڵەکانی گەل، پەرلەمان، دەزگەکانی میریی هەرێم، ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانی دیکەی « کوردستان »، لە زۆر بریاری نەتەوەیی و ڕامیاریی گرنگدا بەشداركەن. بەلام، ئەوان نایانەوێ، گوێ لە دەنگی داواکاریی و پێشنیازەکانی گەل بگرن، مەگەر، بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بێ!
بۆیە، ئەو دوو سەرکردەیە دەتوانن، هەموو بریارێکی چەوت، بە سەر گەلی کورددا بسەپێنن، هەموو کردەوەیەکی خراپ، بە سەر کورددا تێپەڕێنن! هیچ کەس و لایەنێکیش نییە و ناتوانێ، بە ڕاشکاویی بەرەنگاریانبێتەوە، خۆپیشاندان سازکا، بریارەکانیان ڕەتکاتەوە و پێیان بڵێ: ئەرێ ئێوەی سەرکردە، پتر لە چل ساڵ دەبێ، بە ناوی شۆڕش و گەلی کوردەوە، ئاژاوەیەکی گەورەتان، لە « باشوور »دا هەڵگیرساندووە، بە هەزاران ڕۆڵەی کورد، لە پێناوی سەربەستیی کورد و سەربەخۆیی « کوردستان »دا، گیانیان لەدەستداوە، بە هەزاران گوند، لەگەڵ زەویدا ژێروژووركراوە، نابێ، کەمێ ڕێز لە داواکاریی و ئامانجەکانی گەلەکەمان بە گشتیی و خوێنی شەهیدان بە تایبەتیی بگرن؟! ئایا، بەم خەسڵەتە دزێو و شێوازە پڕ لە هەڵەیەوە دەتانەوێ، « کوردستان » بەرەو کوێ بەرن؟! تا کەی، تەنیا هەر بە دەم، بانگەشەی دیمۆکراسیی و ئازادیی دەکەن، بە کردەوەش دژ دەوەستن؟! ئایا، کاتی ئەوە نەهاتووە، ئاوڕێ لەو گەلە هەژارە دڵسۆزە بدەنەوە، شەقێ لە بەرژەوەندیی تەسکی بنەماڵە و پارتایەتیی هەڵدەن، تەنیاوتەنیا، هەر بۆ کورد هەوڵبدەن؟!!

* * *

کێشەی دەسەڵات

هەموو پارتە چەپ و کۆمۆنیستەکان، هەموو پارتە دیکتاتۆرییی و سەر بە بنەماڵەکان، مەگەر سەرۆک و سکرتێرەکانیان مردبن، یا، بە ئارەزووی خۆیان وازیانهێنابێ، ئەگینا، تا مردن، دەستیان لە قوولفی « کەعبە ی دەسەڵات بەر نەداوە و نەگۆڕراون!

بە پێچەوانەشەوە، هەموو پارتەکانی دەوڵەتە دیمۆکراسییەکانی، وڵاتانی هەر سێ کیشوەرە گەورەکەی « ئەورووپا، ئەمیریکا و ئوستراليا »، هەر چەن ساڵ جارێ، کۆنگرە دەگرن، گەر سەرکردەکانیان، لە هەڵبژاردندا دەر نەچوون، ئیدی، مافی ئەوەیان نییە، پۆستی سەرۆک، یا، سکرتێری پارت داگیر و پاوەنکەن! یا گەر، کارێکی خراپیان لە دەس قەوما، شتێکی ناشیرینیان کرد، بە زیانی پارت و دەوڵەتەکانیان تەواوبوو، ئەوا، پێویستی بەوە نییە، چاوەڕێی کۆنگرە بکەن، ئینجا لایانبەرن. بەڵکوو، هەر یەکسەر، ڕەخنەی توندیان لێ دەگرن و لە دەسەڵات دووریاندەخەنەوە!

بەڵام، گەر تەماشایەکی نەخشەی دابەشبوونی، پۆستی سەرۆک و سکرتێری گشتیی پارتەکانی « کوردستان » بکەین، بە تەواویی، بە پێچەوانەی هەموو پارتەکانی گەلانی جیهانەوە دەیبینین!

بۆ نموونە: ماوەی پەنجاوهەشت ساڵ دەبێ، « پارتی دیمۆکراتی کوردستان » دامەزراوە. تا ئێستە، دوازدە کۆنگرەی گرتووە. بەڵام « پارتیی »، تەنیا هەر دوو سەرۆکی هەبووە. « بارزانیی » باوک، ماوەی سیوسێ ساڵ سەرۆک بوو، گەر کۆچیدوایی نەکردایە، تا ئێستەش، هەر سەرۆک دەبوو! دوای ئەویش، ئەوا، ماوەی بیستوپێنج ساڵە، « مەسعوود بارزانیی » کوڕی، سەرۆکە و تا لە ژیانیشدا بێ، هەر دەبێ، سەرۆک بێ! چونکە، « پارتیی »، پارتی بنەماڵەی هۆزی گەورەی « بارزانیی »یە و لە سیستێمی بنەماڵەشدا، دەسەڵاتی ڕامیاریی، وەک هەموو شتەکانی دیکە، لە باوکەوە بۆ کوڕ، یا، لە برای گەورەوە بۆ برای بچووک دەگوێزرێتەوە!

بیستوپێنج ساڵە، « یەکێتی نیشتمانیی کوردستان » دامەزراوە. تەنیا دوو کۆنگرەی گرتووە. بەڵام، تەنیا هەر « جەلال تاڵەبانیی »، پۆستی سکرتێری گشتیی هەیە. جا، مەگەر خۆی وازبێنێ، یا کۆچیدواییبکا، ئەگینا، وەک بۆی برابێتەوە، تا ماوە، هەر دەبێ، سکرتێری گشتیی « یەکێتیی » بێ! مەگەر هەر خواش بۆ خۆی بزانێ، « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، چەن ساڵی دیکە دەژین، سەرۆک و سکرتێری، ئەو دوو زلپارتەی « کوردستان » دەبن؟!!

کورد گوتوویەتی: « گەورە ناو دەرێژێ، بچووک پێی لێدەخا! » لەبەرئەوە، شتێکی سەیر نییە، گەر پارتە بچووکەکانیش، بە چاولێکەری لە پارتە گەورەکانی بنەماڵەی « بارزانیی » و « جەلال تاڵەبانیی »، پۆستی سکرتێری پارتەکانیان، لە سەر خۆیان تاپۆکردبێ و بە هیچ شێوەیە، دەستبەرداری نەبن! بۆ نموونە:

« حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازانی کوردستان، حیزبی سۆسیالستی دیمۆکراتی کوردستان »، ئەوەتەی دامەزراون، « قادر عەزیز، بەهادین نووریی و حەمەی حاجی مەحموود »، پۆستی سکرتێری پارتەکانیان وەرگرتووە! هەڵبەتە، ئەو جۆرە پارتە بچووکانە، هیچ ئاییندەیەکی رامیاریی گەشیان نییە، هەر هێندە بڕەکەن، تا سکرتێرەکانیان لە ژیاندا بن، پاش خۆیان، کەسێکی وا نییە، جێیانبگرێتەوە و هەر زووش هەڵدەوەشێنرێنەوە!

هەروەها، گەر سەرنجێکی سەرپێیی، لە رەوشی پارتەکانی دیکەی پارچەکانی « کوردستان »یش بدەین، جیاوازییەکی ئەوتۆیان، لەگەڵ پارتەکانی « باشوور »دا نییە. هەر بۆ نموونە: پتر لە بیستوپێنج ساڵ دەبێ، « P.K.K. » دامەزراوە و پتر لە شەش کۆنگرەشیان گرتووە. کەچیی، تەنیا هەر « عەبدوڵڵا ئۆجەلان » سکرتێری گشتیی بووە. تەنانەت، هێندێ جاریش، لە کۆنگرەدا ئامادە نەبووە و بە تێلێفۆن بەشداریکردووە! دوای ئەوەی فڕێنرا و دەستگیریشکرا، وا پتر لە شەش ساڵ دەبێ، لە قوژبنی گرتووخانەی « ئیمرالیی »دا توندکراوە، کەچیی، هەر سکرتێری گشتیی پارتەکەیەتی و تا لە ژیانیشدا بێ، هەر ئەو سکرتێر دەبێ!

بەڵام، گەر بەراوردێ، لە نێوان پارتەکانی هەر سێ پارچەی « کوردستان » و پارتەکانی « رۆژهەڵات »دا بکەین، ئەوا دەبینین: ئەم بارە، لە « رۆژهەڵات »، کەمێ جیاوازیی هەبووە و جیاوازییشی هەیە. چونکە، لەو رۆژەوە، « حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران » درووستبووە، تا ئەورۆ، سیازدە کۆنگرەیان گرتووە، چەن سەرۆک و سکرتێریان هەبووبێ، تا هەمووویان، بە دەستی

داگیرکەری دەوڵەتی « ئێران »، شەهید نەکرابن، پۆستەکەی خۆیان پاراستووە. بەلام، لە دوای خۆیان، یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵەکانیان نەبووە، تا جێیان بگرێتەوە! لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوا کۆنگرەیاندا، سکرتێری پێشووی پارت « عەبدوڵڵای حەسەنزادە » لابرا و « مستەفا هیجری » هەڵبژێردرا، هەرچەندە، ئەمە یەکەمین جار نییە، ئەو سکرتێر بێ!

* * *

2 وولات و 4 پارت!

له « وولاته یەککرتووەکانی ئەمیریکا »، چەندین سال دەبێ، جگه لەوەی، چەندین پارتی گچکه دامەزراون، دوو پارتی گەورە و سەرەکیی دیکەی وەک: « دیمۆکراسیی » و « کۆماریی »ش دروستبوون. بەلام، هیچ جۆرە گرفتێکی رامیاریی و سەربازیی، له نێوانیاندا رووی نەداوە! چونکه، « دیمۆکراسیی » راستەقینە هەیە و هەر چوار سال جارێ، هەلبژاردن دەکرێ. هەرچەندە، هەموو جارێ، تەنیا هەر، ئەو دوو پارتە، له هەلبژاردنەکاندا دەردەچن، تەنیا هەر، ئەو دوو پارتە مەزنە دەتوانن، رۆلی سەرەکیی، له زۆربەی زۆری، بوارەکانی ژیانی « نەتەوەیی، رامیاریی، دیپلۆماسیی، سەربازیی، ئابووریی، کەلتووریی ... »گەلی « ئەمیریکا »دا ببینن. بەلام، پارته بچووکەکانیش، هەموو مافێکی یاسایی خۆیان پارێزراوە و رێزی تایبەتیی خۆیان هەیە!

هەروەها، له « باشووری کوردستان »یش، جگه له چەندین کۆمەل، پارتی ئایینیی و « سیکولار »ی گچکه، دوو پارتی گەورەی دەسەلاتداری وەک: « پارتی دیمۆکراتی کوردستان » و « یەکێتی نیشتمانیی کوردستان »یش هەن. کەچیی، به پێچەوانەی ئەو دوو پارتەی له « ئەمیریکا » هەن، هەموو رێنەکان، لەو بەشەی « کوردستان »دا پێچەوانەبوونەتەوە! چۆن؟

ئەوەتەی ئەو دوو پارتە دروستبوون، گرفتی رامیاریی و سەربازیی، به شێوەیەکی بەردەوام، له نێوانیاندا هەبووە و هەیە. چونکه، « دیمۆکراسیی » راستەقینە نەبووە و هەر به ناویش هەیە. ئەوا، پتر له دوازدە سالیش دەبێ، تەنیا هەر یەک جار، هەلبژاردن بۆ « پەرلەمان » کراوە. پارته بچووکەکان، گەر له خولگەی بەرژەوەندیی و بۆچوونەکانی ئەواندا نەخولێنەوە، ئەوا، هیچ جۆرە مافێکی یاسایی و رێزێکی تایبەتییان نییە. چونکه، جگه لەوەی، ئەوان بەخێویاندەکەن، ئەو دوو پارتە گەورەیەش، رۆلێکی مەزن، له هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلگەی کوردەوارییدا وازیدەکەن!

لە « ئەمێریکا »، چەن پرینسیپ و یاسایەک هەیە، هیچ یەکێ لەو دوو پارتە ناتوانن، لێی لادەن و هەرزەکارانە هەڵسوکەوتیکەن. لە سەروو هەموو شتێکیشەوە، دەستوورێکی نووسراو و نەگۆڕ هەیە، پێویستە، هەموو لە سەری بڕۆن و پێڕەویکەن. هەروەها، جگە لەوەی « کۆنگرێس » و ئەنجوومەنی « پیران »یش، دەسەڵاتی تایبەتیی خۆیان هەیە، دەزگەکانی دادگەی باڵای دەوڵەتیش، ڕۆڵێکی باڵا، لە چاودێرییکردن و لێپێچینەوەی لێبرسراواندا دەبینن. لەبەرئەوە، کارەکان وەک پێویست بەڕێوەدەچن، هیچ کەسێ بۆی نییە، خۆی لە یاسا بە گەورەتر بزانێ، هەموو هاوولاتییەک، هەر لە مرۆیەکی ئاساییەوە بیگرە، تا بە سەرۆک کۆمار دەگا، لە بەردەم یاسادا، چوونیەکن و هیچ جیاوازییەکیان نییە. گەر هەر گرفتێکیش ڕوویدا، ئەوا، بە شێوازێکی « دیمۆکراسیی »یانە و دادپەروەرانە، چارەسەردەکرێ.

کەچیی، لە « باشووری کوردستان »، تا ئێستە، چەن پرینسیپ و یاسایەکی « کوردستانیی » نییە، بەڵکوو، زۆربەی زۆری ئەو شتانەی هەن، لە یاسای « عێراق »ـەوە وەرگیراون. هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار، بە هیچ شێوەیە، بە هیچ یاسایەکەوە پابەند نین. دەستوورێکی نووسراو نییە، تا لە سەری بڕۆن و پێڕەویکەن. هەرچەندە، دەزگەی « پەرلەمان » هەیە، بەڵام، هەر بە ناو هەیە و خۆشیان ڕێزی لێ ناگرن! لەبەرئەوە، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نییە، ئەو بڕیارانەی دەیدا، تەنیا هەر قسەی ڕووت نەبێ، هیچی دیکە نییە. دادگەی باڵای هەرێم، توانای ئەوەی نییە، چاودێریی کردارە خراپەکانی ئەو دوو پارتە بکا و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکا! بۆیە، کارەکان زۆر بە خراپیی، بەڕێوەدەچن، هاوولاتییان، لە بەردەم یاسادا، چوونیەک نین و جیاوازییان هەیە، بە تایبەتیی، ئەو دوو سەرکردەیە « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، لەگەڵ هێندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەر دوو پارتدا، نەک هەر لە سەروو یاساوەن، بەڵکوو، لە گەلی کوردیش گەورەترن! لەبەرئەوە، هەر گرفتێ ڕوویدا، شەقێ لە « دیالۆگ » و « دیمۆکراسیی » هەڵدەدەن، پەنا بۆ بەر زمانی بازاڕ و چەک دەبەن، تا گرفتەکانی نێوانیان، چارەسەرکەن!

ڕاستە، هەر دوو پارتی « کۆماریی » و « دیمۆکراسیی »، دوو پارتی سەربەخۆن، بەڵام، لە بەردەم بەرژەوەندیی باڵای « ئەمێریکا »دا، وەک یەک گیان وان و لە دوو جەستەی جیاواز دان! یەک ستراتیژی درێژخایەنی نەتەوەییان هەیە، یەک دید و بۆچوونی تایبەتییان هەیە!

لە ڕاستییدا، ئەو دوو پارتە گەورەیە، لە زۆر شتدا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بە تایبەتیی، لە ڕامیاریی دەرەوەدا، هەر دووکیان هەمیشە، بەرژەوەندیی

دەوڵەت و گەلی « ئەمێریکا »یان، پێش هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکەوە خستووە. چونکە، چ « دیمۆکراسیی »یەکان و چ « کۆماریی »یەکان، پێش ئەوەی، خۆیان بە ئەندامی ئەو دوو پارتە بزانن، خۆیان بە « ئەمێریکایی » دەزانن. واتە: بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمان، لە سەروو بەرژەوەندیی پارتایەتیی تەسکەوە دادەنێن. ئەوەش خۆی لە خۆیدا، بۆ خاکوخۆڵی نیشتمان، بۆ کوڕوکاڵانی گەل، بە ئەو پەڕی نیشتمانپەروەریی و دڵسۆزیی دادەنرێ. لەبەرئەوە، هەر کاتێ، هەر جۆرە مەترسییەک، ڕوو لە وڵاتەکەیان بکا، هەموو وەک پەنجەکانی دەس، بە یەک ڕیز و پێکەوە، دژی دەوەستن و داکۆکیی لە نیشتمانەکەی خۆیان دەکەن!

کەچیی، ئەو دوو پارتەی « کوردستان »، لە زۆر شتدا، جیاوازییان هەیە، چونکە، هەمیشە دید و بۆچوونیان، بۆ گرفت و چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد جیاوازە. لەبەرئەوە، ئەندامانی « پارتیی » و « یەکێتیی »، پێش ئەوەی، خۆیان بە کورد دانێن، خۆیان بە ئەندامانی ئەو دوو پارتە دادەنێن! واتە: بەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتیی، پێش بەرژەوەندیی بڵندی گەل و نیشتمانەوە دەخەن! لەبەرئەوە، سەرانی ئەو دوو پارتە، هەمیشە هەوڵدەدەن، هاوکاریی لەگەڵ داگیرکەری نیشتمانەکەیاندا بکەن، بۆ ئـــــــەوەی، دژی لاکەی دیکە، « دوژمنێکی دۆست » پەیداکەن، پشتی هاوخوێن و هاوزمانەکانی خۆیان، لە زەوی بدەن، هەر وەک چۆن، چەن جارێ، لە چەن سەردەمێکی جیاوازدا و بە نۆرە، ئەو کاریان کردووە و لەشکری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی « توورکیا، ئێران و عێراق »یان، بۆ سەر یەکدی هێناوە!

ئەو دوو پارتەی « ئەمێریکا »، بە یەک دەنگ و ڕەنگ، بەرانبەر مەترسیی تیرۆریزم دەوەستن، بە یەک دڵ و گیان، بیر لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان دەکەنەوە، بە یەک دەس، دژایەتی تیرۆر و تیرۆریستان دەکەن و بەرانبەریان دەجەنگن. کەچیی، لە کاتێکدا، ڕۆژبەڕۆژ، مەترسیی تیرۆری بزووتنەوەی ئیسلامی ڕامیاریی، لە « باشووری کوردستان » زیادی دەکرد، بنکەی بیانیی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا دادەمەزرا و گەرای شانەی نهێنیی تیرۆریان دەخســـت، ئەو دوو پارتە، چ بە نهـێنێیێ و چ بە ئاشکرا، دژی یەکـــدی، پارمەتییاندەدان و هاوکارییاندەکردن، تا، هەر دوو لایان، بە ئاگری کردەوە چەوتەکانی خۆیان سوتان و چەندین جار، دەسیان لێ وەشاندن!

لە « ئەمێریکا »، ئەوانەی خۆیان، بە ئەندامی پارتی « دیمۆکراسیی » دەزانن، لە ژێر ئاڵای ئەو پارتەدا کۆبوونەتەوە و خەباتدەکەن، وەنەبێ، باوەڕیان بە سیستێمی « کۆماریی » نەبێ! یا، ئەوانەی خۆیان، بە ئەندامی « کۆماریی »

دەزانن، لە ڕیزی ئەو پارتـــەدا تێدەکۆشن، وەنەبێ، باوەڕیان بە سیستێمی « دیمۆکراسیی » نەبێ! نەخێر، ئەمە هەرگیز وا نییە. گەر هێندێ کەس، وا تێبگەن، ئەو دوو پارتە، لە لێکدانەوەی ئەو دوو چەمکەدا، جیاوازییان هەیە، بە هەڵەدا چوون. بەڵکوو، ئەندامانی هەر دوو پارتەکە، باوەڕێکی تەواویان، بە هەر دوو چەمکی « دیمۆکراسیی » و « کۆماریی » هەیە. چونکە، جگە لەوەی، لای ئەوان، ئەو دوو چەمکە، بۆ بەختەوەریی و سەرفرازیی گەل بەکاردێنرێ، لە هەمان کاتیشدا، لە یەکدی جیا ناکرێنەوە. بەڵکوو، دەسەڵاتی سیستێمی دووەمیان، هەر لە کانیاوی ڕوون و سازگاری سیستێمی یەکەمەوە هەڵدەقوڵێ! بەلام، لە کاری باشدا، ڕکەبەرایەتی یەکدی دەکەن. بۆیە، هەر چوار ساڵ جارێ، هەڵبژاردن دەکرێ، بە شێوەیەکی « دیمۆکراسیی »، بێ گزیی و دزیی کردن، هەر جارەی، یەکێکیان دەسەلات وەردەگرێ.
کەچیی، هەموو ئەوانەی، لە ڕیزەکانی « پارتیی »دا کاردەکەن، باوەڕێکی تەواویان، بە سەرکردایەتی پارت و سەرانی بنەماڵەی « بارزانیی » هەیە، وەنەبێ، باوەڕیان بە « یەکێتیی » ڕیزەکانی گەل هەبێ! بە هەمان شێوەش، هەموو ئەوانەی، لە ژێر ئاڵای سەرکردایەتی « یەکێتیی »شدا کۆبوونەتەوە و بە ڕێبەرێتیی « جەلال تاڵەبانیی » قایلبوون، وەنەبێ، باوەڕێکی تەواویان، بە دروشمی « دیمۆکراسیی » هەبێ. واتە: ئەمە، گەر شتێ بگەیەنێ، تەنیا هەر ئەوەیە: نە هیچیان، هێندە « نیشتمانپەروەر »ن، نە هیچیشیان، هێندە باوەڕیان، بە سیستێمی « دیمۆکراسیی » و دروشمی « یەکێتیی » ڕیزەکانی گەل هەیە!
لە « ئەمەریکا »، گەر هەر ئەندامێکی ئاسایی، یا، هەر ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە، کارێکی ناڕەوا بکا، لەگەڵ یاسا و دەستووری پارت و دەوڵەتدا نەگونجێ، یا دزییبکا، یا ناپاکیی لە پارت، گەل و نیشتمانەکەی خۆی بکا، ئەوا، بێ ئەوەی، یەک و دووی لێبکرێ، یەکسەر، لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ و بە سزای ڕەوای خۆی دەگەیەنرێ.
کەچیی، لە « کوردستان »، ئەندامانی هەر دوو پارتی گەورە بە تایبەتیی و ئەندامانی سەرکردایەتی بە گشتیی، تەنانەت، هێندێ جاریش، خزم و کەسەکانیشیان، لەبری لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ و سزابدرێن، چاوپۆشییان لێ دەکرێ و هێندێ جاریش، خەڵاتدەکرێن!
ئەو دوو پارتەی « ئەمەریکا »، بە ڕاستیی، بە دوو پارتی « ئەمەریکایی » و گەلی « ئەمەریکا » دادەنرێن، لە چوارچێوەی سنووری « وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا »دا کاردەکەن و « ئەمەریکایی »یانەش بیردەکەنەوە!

کەچیی، هەر دوو پارتە زلهێزەکەی « باشووری مەزن، هەرچەندە، ناوی پیرۆزی « کوردستان »یان، بە دوای پارتەکانیانەوە نووساندووە و شانازییشی پێوە دەکەن، بەڵام، لە ڕاستییدا، دوو پارتی « کوردستانیی » ڕاستەقینە نین. چونکە، لە لایەکەوە، کوردانە و « کوردستانیی »یانە بیر ناکەنەوە، بەڵکوو، « عێراقیی »یانە بیردەکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، بەرژەوەندیی تەسکی تایبەتیی « تاکەکەسیی، بنەماڵە و پارتایەتیی »، پێش هەموو جۆرە، بەرژەوەندییەکی باڵای « هەرێمایەتیی » و « نەتەوایەتیی »یەوە دەخەن!

ئەو دوو پارتەی « ئەمێریکا »، نەک هەر یەکپارچەیی خاک و دەوڵەتەکەیان پاراستووە و دەشیپارێزن، بەڵکوو، وازیشیان لە یەک بست، لە خاکی نیشتمانەکەی خۆیان نەهێناوە و وازیشی لێ ناهێنن! لەبەرئەوە، یەک وڵات، یەک دەوڵەت، یەک میریی، یەک جۆر یاسا و یەک دەسەڵاتیشیان هەیە!

کەچیی، ئەو دوو پارتەی لای ئێمە، لەبری ئەوەی، یەکپارچەیی خاک و یەکێتیی میریی هەرێم بپارێزن، پارێزگاریی لە یەکپارچەیی خاک و دەوڵەتە داگیرکەرەکەی « عێراق » دەکەن! ئەو بەشەی « کوردستان »یشیان، دوولەت کردووە، دوو میرنشینی بچووکیان تێدا دامەزراندووە. لە یەک کاتیشدا، هەر دوو پارتەکە، دەسەڵاتیان هەیە و فەرمانڕەواییدەکەن، دوو جۆرە یاسا، بۆ خەڵکی کوردی بندەسیان دەردەکەن! جگە لەوەی، وازیان لە هێندێ نێوچەی « کوردستان » هێناوە، گەر لە ترسی یەکدی و ڕۆڵەکانی گەلیش نەبووایە، ئەوا، هێندێ نێوچەی خاکی « کوردستان »یشیان، بە بیانیی دەفرۆشت!

بە کورتیی: ئەوان وڵاتیان هەیە، ئێمەش هەمانە. ئەوان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە، ئێمەش هەرێمێکی سەربەخۆمان هەیە. ئەوان دوو پارتی گەورەیان هەیە، ئێمەش هەمانە. بەڵام، ئەوەی ئەوان هەیانە و ئێمە نیمانە، پتر خۆی لە « دیمۆکراسیی، ئازادیی، یاسا، دەستوور، یەکێتیی، تەبایی، هەستی نیشتمانپەروەریی، دڵسۆزیی، چەن پارتێکی باش و سەرکردەیەکی بلیمەت »دا دەبینێ! ئاخر، دوای چەن هەزار ساڵ ژێردەسیی و چەوساندنەوە، بۆ دەبێ، وابێ؟ ئایا، ئەوان و ئێمەش، هەر مرۆ نین و لە یەک قوڕ دروست نەکراوین؟!! ئاخۆ، چەن ساڵی دیکەمان بوێ، تا بە ئەوان بگەین؟!!

* * *

1 هەرێم و 2 میرنشین!

سەرکردە دڵسۆز و نەبەزەکانی گەلانی بندەس و چەوساوەی جیهان، هەوڵێکی زۆریان داوە، خەباتێکی زۆری بێ وچانیان کردووە، خوێنێکی زۆریان ڕشتووە، تا نیشتمانەکانیان، لە ژێردەسی دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان، بە تەواویی ڕزگارکردووە، ئاڵای نەتەوەیی خۆیان، لە سەر بەرزترین باڵەخانە و لووتکەی چیا سەرکەشەکانیان هەڵکردووە، تا، لە ئاسمانی سەربەخۆیی و سەربەستیی نیشتمانەکانیاندا بشەکێتەوە!

هەموو ئەو نەتەوە دابەشکراو و لەتوپەتکراوانەی، خاکی نیشتمانەکانیان، لە بندەستیی و چەوساندنەوە ڕزگاریانبوویوو، بەڵام، یەکگرتوو نەبوون و چەن لەت کرابوون، سەرکردەکانیان، هەموو توانای خۆیان بەکەرخست، تا، خاکە دابەشکراوەکانیان یەکبگرنەوە و سنوور لە نێوان ڕۆڵەی، ئەو گەلە لە یەکدی بچڕاوانەدا نەمێنێ!

خۆ بە گاڵتە نەبوو، سەرکردەکانی گەلانی « ڤیێتنام، ئەڵمانیا، یەمەن ... »، خۆیان ماندوودەکرد، هەموو جۆرە هەوڵێکی دڵسۆزانەی « ڕامیاریی، دیپلۆماسیی و سەربازیی »یان دەدا، تا، هەر دوو دەوڵەتەکانیان یەکبگرنەوە. ئەوە بوو، لە ئەنجامی ئەو خەباتە درێژ و بێ وچانەیاندا، هەر دوو دەوڵەتی « ڤیێتنامی خۆرهەڵات و خۆراوا، یەمەنی باکوور و باشوور، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا »، هەر دەوڵەتەی، لە چەن سەردەمێکی جیاواز و بە چەن شێوازێکی جیاجیا، یەکیانگرتەوە، ڕۆڵەکانیان، بە یەکدی شادبوونەوە، چی دیکە، هەژدیهای دوو سەری سنوور، لە نێوان ڕۆڵەی ئەو گەلانەدا نەما، بێ پرس و ترس، لەم پەڕی وڵاتەوە، بۆ ئەو پەڕی وڵات، بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕێن و گەشتی پێدا دەکەن!

کەچیی، جگە لەوەی، هێزەکانی ئیمپریالیزمی جیهانخۆر و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی « کوردستان »، خاکی نیشتمانەکەمانیان داگیر و دابەش کردووە، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیان، وەک گوێزەبانەی « جێژنی لەدایکبوون » بە سەر هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکانی « توورکیا، ئێران، عێراق و سووریا »دا بەخشیوەتەوە، هەژدیهای چوارسەری سنوور، ڕۆڵەکانی کورد هەڵدەلووشێ، سەرانی کوردیش، نەک هەر نەیانتوانیوە، پارچەیە لە خاکی نیشتمانەکەمان ڕزگارکەن و دەوڵەتێکی نەتەوەیی تێدا دامەزرێنن، بەڵکوو، هێندەی دیکەش، قووڕەکەیان بۆ کورد خەستترکردۆتەوە و هەژدیهایەکی دوو سەری دیکەی سنووریشیان، لە نێوان هەر دوو دەسەڵاتەکەی خۆیاندا قووت کردۆتەوە! چونکە، هەر دوو سەرکردایەتی « پارتیی » و « یەکێتیی »، خاکی « باشووری کوردستان »یان، بە سەر دوو ناوچەی دەسەڵات و دوو میرنشینی خێڵەکییدا دابەشکردووە.
بەڵێ، ئەو دوو سەرکردە دڵسۆزە « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، لە پێناوی پارە و دەسەڵاتی ڕامیاریی خۆیان و پارتەکانیاندا، هەر لە ساڵی « 1996 »ەوە، خاکەکەیان دوولەتکردووە، هەر پارتەی بە جیا، میرنشینێکی پچکۆلانەی خنجیلانەی لاوازی خێڵەکیی، لەو بەشەی بندەستی خۆیدا دامەزراندووە.
لەبری هەر دوو میرنشینەکەی « سۆران » و « بابان »، دوو میرنشینی دیکەی « بارزان » و « تاڵەبان »یان قووتکردۆتەوە، هێندەی دیکە، ڕۆڵەکانی کوردیان، لە یەکدی دابڕیوە، تۆوی دووبەرەکیی، ناکۆکیی و دوژمنایەتییەکی زۆریان، لە نێواندا چاندووە، وایان لێ کردوون، یەکدی بە دوژمنی سەرەکیی بزانن.
تەنانەت، سەردەمێ « 1996 - 2000 » خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئەو دوو میرنشینە، وایان لێهاتبوو، نەیاندەوێرا، بە ئازادیی، سەر لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکەی دیکە بدەن و خەڵکەکەش، بە گاڵتەپێکردنەوە دەیانگوت: « ڤیزە سان نییە و ناتوانین، سەرێ لە شاری « هەولێر » بدەین، یا، سەردانێکی « سولەیمانیی » بکەین!
کەچیی، سەیر ئەوەیە، ئەو دوو سەرکردەیە، دان بە دەسەڵاتی یەکدیدا نانێن، بەڵام، لە بەردەم سەرانی عەرەبدا، خۆیان زۆر بە بچووک و گوێڕایەڵ پیشان دەدەن! هەر دوو سەرکردە، داوای یەکێتی خاکی « عێراق » دەکەن، بەڵام، لەگەڵ یەکێتی خاکی « کوردستان »دا نین! هەر دوو سەرکردە، لە پێناوی بەرژەوەندیی دەسەڵات و سەروەریی دەوڵەتی « عێراق »دا، وازیان لە هێندێ لە مافەکانی کورد هێناوە، بەڵام، وازیان لە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و پارتەکانیان نەهێناوە! هەر دوو میرنشینەکەش، لە ئاستی دەوڵەتی

داگیرکەری « عێراق »دا، خۆیان زۆر بە پچووک دادەنێن، بەڵام، بە چاوێکی سووک و بێ باوەڕەوە، لە یەکدی دەڕوانن!

باوەڕیش ناکەم، هیچ شەهیدێکی سەربەرز و پیرۆزی « کوردستان »، هەرگیز، خەباتی بۆ هەرێمێکی لەتوپەتکراو و دوو میرنشینی لاواز کردبێ! بەڵکوو، گەر ئەو شەهیدانە زیندووکەینەوە و لێیان بپرسین، گومانم نییە، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێن: ئێمە، لە پێناوی ڕزگارکردن و سەربەخۆیی، هەموو خاکی « باشووری کوردستان » و سەربەستیی هەموو تاکێکی کورددا، گیانی خۆمان بەخشیوە. ئامانجمان، دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی « کوردستانیی » بووە! جا ئایا « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، کەی گوێ لە هاواری ڕۆڵەکانی گەل، ناڵەی جەرگسووتاوان و دەنگی شەهیدان دەگرن؟!!

* * *

1 گەل و 2 ئاڵا!

ساڵی « 1992 »، سەرکردایەتی « بەرەی کوردستانیی » بڕیاریدا، هەڵبژاردنێ بۆ پەرلەمانی « باشووری کوردستان » سازکا. ئەوەبوو، ئەندامانی پەرلەمان هەڵبژێردران. ئەو کاتە هێشتا، ڕژێمی داگیرکەری فاشیی « بەعس »، لەو بەری دەسەڵاتیدا بوو.

لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەماندا، چەن دەنگێکی ڕەسەن، لە فراکسیۆنی سەوزی، سەر بە لیستی « یەکێتی نیشتمانیی کوردستان » ەوە بەرزبۆوە. داوایانکرد، ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، لە هۆڵی پەرلەمان لابرێ، لەبری ئەوە، ئاڵای « کوردستان » هەڵکرێ! بەڵام، « پارتی دیموکراتی کوردستان » دژبوو، نوێنەری فراکسیۆنی زەرد، پێی لە سەر ئەوە داگرت و گوتی: ئێمە، لە دەوڵەتی « عێراق » جیا نەبووینەتەوە. لەبەرئەوە نابێ، ئاڵای « عێراق » لابرێ!

ئیدی، ئاڵا سێ ڕەنگە ئەستێرەدارە ڕەشە تاریکەکەی « عروبە » و « عێراق »، وەک خۆی مایەوە، ئاڵا سێ ڕەنگە جوانە خۆردارە گەشە درەوشاوەکەی « کوردستان » یش پێچرایەوە، لە بوخچەدا هەڵگیرا و چاوی خۆرە زەردەکەشی، خەوی چاوەڕوانیی لێکەوت!

بەڵێ، وەک دەڵێن: ئەم ژیانە بەری کورتە. بۆیە، ڕۆژگار هات و زۆر بە خێرایی تێپەڕی. بەڵام، جگە لە جەنگی چەپەڵی نێوخۆی، نێوان هەر دوو زلهێزی دەسەڵاتدار « پارتیی » و « یەکێتیی »، هیچ جۆرە شتێکی دیکەی باش و نوێ، لە « کوردستان » دا ڕووی نەدا. تا، ساڵی « 1998 » هات، « پارتیی » ئاڵاکەی دەرهێنایەوە، ئوتوویکرد، لە دەفەرەکەی خۆی، لە سەر هەموو تەلار و دەزگەیەکی دەسەڵاتی میرنشینەکەی خۆی، بەرز هەڵیکرد، تا، خەوشی زەق و لەبیرنەچووی « 31 .08 .1996 » ی پێ داپۆشێ و لە بیر خەڵکی ئابڕوومەندی کوردی بەرێتەوە!

کەچیی، کاتێ هەموو خاکی « عێراق »، لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە داگیرکرا، کاتێ، هەموو ناوچەکانی دیکەی « باشووری کوردستان » ڕزگارکرا، میریی « بەعس » ڕووخا، دیکتاتۆرەکەی « بەغدا » خۆی شاردەوە، پاشان گیرا و بە تەواویی، ئابڕووی هەموو عەرەبی برد، ئاڵاکەش، لە هەموو سەرانسەری « باشووری کوردستان ».، بە ڕەزامەندیی « ئەمێریکا » هەڵکرا، تەنانەت، لە سەر هێتێلی « ئوتێل، چێشتخانە، کەبابخانە، بەڵام ... ی شارەکانیش هەڵکرا!

بەڵام، لە چانسی ڕەش و کەچی کورددا، هەر دوو هەڵوێستەکە پێچەوانە بوونەوە. ئەم جارەیان، « پارتیی » قایل نەبوو، ئاڵای « عێراق »، لە دەڤەرەکەی بندەستی خۆیدا هەڵکرێ و دابگرت. کەچیی، « یەکێتیی » کە پێشتر، هیچ جۆرە ئاڵایەکی هەڵ نەکردبوو، ئەم جارەیان، ڕووە چڵکن و تەڵخە دزێوە « عێراقچێتیی »یەکەی خۆی دەرخستەوە، لە پاڵ ئاڵای ئاڵوواڵای ڕەنگینی « کوردستان »دا، ئاڵای ڕەشی « یەکێتیی » نەتەوەی عەرەب و دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »ی، لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەڵکرد، تا دڵسۆزیی خۆی، بۆ برا عەرەبەکانی نوێکاتەوە و پێیان بڵێ: ئێمە، لە « پارتیی » پتر، بڕوامان بە « عێراقچێتیی » هەیە! ئێمە، لە « پارتیی » پتر، یەکێتی خاکی « عێراق » دەپارێزین! ئێمە، لە « پارتیی » پتر، خۆمان بە « عێراقیی » دەزانین! ئێمە، لە « پارتیی » پتر، خۆمان بە برا بچووک و نۆکەری « عەرەب » دادەنێین!

لەبەرئەوە، ئەز لەو باوەڕەدام، گەر « پارتیی »، ئاڵای « عێراق »ی هەڵکردایە، ئەوا ئەو کاتە، « یەکێتیی » هەڵی نەدەکرد و ڕەخنەی توندی لێ دەگرت! هەر وەک چۆن، لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەماندا، چەن نوێنەرێکی « یەکێتیی » داوایانکرد، ئاڵای دەوڵەتی « عێراق » لابرێ. بەڵام، « پارتیی » قایل نەبوو، چونکە، « یەکێتیی » پێشنیازیکردبوو! ئاخر ئەمە دەبێ، کێبڕکێی نێوان ئەو دوو پارتە گەورەیە، لە هەموو شتێکی باش و خراپدا ڕەنگبداتەوە؟!! ئاخر نابێ، ئەو دوو سەرکردە زرنگە، بیری لەوە بکەنەوە و بزانن، جگە لە گەلی کورد، کەسی دیکە، پتر زیانی پێ ناگا؟!!

بەڵێ، « یەکێتیی » لەبری ئاڵایەک، بە یەک جار، دوو ئاڵای هەڵکرد، هەر وەک چۆن، ڕێکۆردی شکاند، هەست و هۆشی، ڕۆڵەکانی گەلی کوردیشی ڕوشاند! چونکە، ئەو ئاڵایەی هەڵکرد، کە نەتەوەییە ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیستەکانی عەرەب، ساڵی « **1963** » نەخشەیانکێشا و ڕەنگیانڕشت! ئاڵای یەکێتیی نێوان « میسر، سووریا و عێراق »ی هەڵکرد! ئەو ئاڵایەی هەڵکرد، کە هیچ جۆرە

ئاماژەیەک، بە بوونی کورد، لە « عێراق »ی برایەتی درۆزنانەی، نێوان کورد و عەرەبدا ناکا! ئەو ئالایەی هەڵکرد، کە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و دلسۆز، قێزی لێ دەبێتەوە! ئەو ئالایەی هەڵکرد، کە سەرۆک « سەددام حوسێن »ی دیکتاتۆر و خوێنڕێژ، بە دەس و پەنجەی خوێناویی و چەپەڵی خۆی، هەر دوو ووشەی پیرۆزی « ئەڵڵاهو ئەکبەر »ی لە نێوان ئەستێرەکانیدا نووسی!

ئاخر، ئەمە وەک ئەوە وایە، « یەکێتیی » دڵی نەهاتبێ، ئەو یادگارە جوانە شیرینە پڕ بایەخەی « یەکێتیی » عەرەب و سەرۆک « سەددام حوسێن »، لە بەر چاوی ئەندامان و ڕۆڵەکانی کورد ونکا! یا، شانازیی بە ئالای دەوڵەتی « عێراق »ەوە بکا و حەزبکا، لە سەر هەموو باڵەخانەیەکی بەرزی میرنشینەکەی بندەستی خۆی بشەکێتەوە! چونکە، لەوە دەچێ، ئەو ئالا ڕەشەی « عرووبە »، هەر دوو تاوانی « ژاربااران » و « ئەنفال »، بیری ڕۆڵەکانی گەلی کورد نەخەنەوە!!!

ڕاستە، لە سیستێمی « فیدرالیزم »دا، هەموو هەرێمێکی « فیدراڵ » بۆی هەیە، هەر دوو ئالای دەوڵەتی نێوەندیی و هەرێمەکەی خۆی هەڵکا. بەڵام، پارتە ڕامیارییەکان و میریی هەرێم هەرگیز نابێ، ئەو ئالا ڕەشەی « عرووبە » لە « کوردستان » هەڵکەن، کە هیچ نیشانەیەکی نەتەوەیی، بوونی کوردی لە « عێراق »دا تێدا نییە!

بە داخەوە، سەرکردە و پارتە ڕامیارییەکانی هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهان، هەمیشە خواخوایانبووە، ئالایەکی یەکگرتوویان هەبێ، سیمبۆلی نەتەوە و نیشتمانەکانیان بێ، هێندە بەرز هەڵیکەن، تا، لە ئاسمانی وولاتەکانیاندا، بە ئازادیی بشەکێتەوە.

کەچیی، وا دیارە، سەرانی ئەو دوو پارتەی « باشووری کوردستان »، دڵیان بە یەک ئالا، ئاوی نەخواردبێتەوە و کوردیان، بە زۆرلێکراو زانیبێ، گەر یەک ئالای یەکگرتووی هەبێ! بۆیە، لەبری یەک ئالا، دوو ئالایان بۆ هەڵکردووە! ئەمە ئەوە دەردەخا، هەر دوو پارت، هەمیشە، « مزاهیدە »لە سەر یەکدی بکەن، تا، هەست و سۆزی ڕۆڵەکانی کورد، بە لای خۆیاندا ڕاکێشن و کرێتی دەسەڵات بەرنەوە! جا، ئاییندەی کورد و ئەزموونەکەی « کوردستان »یش، چی بەسەردێ، ئەوە لای ئەوان، زۆر گرنگ نییە!

ئاخر، لە سەردەمی فرمانڕەوایی « شێخ مەحموودی حەفید »دا بوو، ڕۆژی « 1922. 09. 17 »، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، لە سەر قشڵەی سوپایی شاری « سولەیمانیی »، لە نێو گۆڕی گوتارخوێندنەوە، هاڕەی

چەپلەڕێزان، دەنگی تەقەوتۆق و ئاگردانی چەکدا، ئاڵای « کوردستان » هەڵکراوە، ئەو کاتە، ڕۆڵە دڵسۆز و بە ئەمەکەکانی کورد، گۆرانییان بۆ چڕیوە و گوتوویانە:

با بلەری، با بلەری، بەیداخی کورد
دایچەقێنە، دایچەقێنە، بەیداخی کورد

کەچیی، دوای پتر لە هەشتا ساڵ، تازە سەرانی « یەکێتیی » دەیانەوێ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە « باشوور »دا فێربکەن، گۆرانیی « با بلەری »، بۆ ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » بڵێن، ئەو دەوڵەتە بێ ڕەوشتەی، لە فەرهەنگی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوایەتییدا، هیچ شتێکی خراپ نەما، تا بە کوردی بکا!

* * *

3 جۆر سەرکردە!

کاتێ، جەنگی ڕۆژی « 1967.06.05 » ، لە نێوان « عەرەب » و « جوو »دا تەواوبوو، کە لە مێژووی عەرەبدا، بە « جەنگی شەش ڕۆژ »ەکە ناسراوە، سوپای « میسر » تێکشکا و دەوڵەتی « ئیسرائیل »یش، سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا. لەبەرئەوە، سەرۆک « **جەمال عەبدولناصر** »، یەکسەر، وازی لە هەموو دەسەڵاتێکی پارت و دەوڵەت هێنا. ئەوەبوو، زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبی « میسر » کۆبوونەوە، لە سەر جادە و شەقامەکان، خۆپیشاندانیان سازکرد، داوایان لە سەرۆک « ناصر » کرد، واز لەو بیرە بێنێ و بەجێیان نەهێڵێ. ئەویش، بە ورەیەکی بەرز، باوەڕێکی پتەو و هەوڵێکی دڵسۆزانەوە، بەڵێنی خەباتی بۆ نوێکردنەوە و لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەزبووە!

« **سیلقادۆر ئەلێندی** »، لە کاتێکدا، بە شێوازێکی دیمۆکراسیی و بە مافی ڕەوای خۆی، لە هەڵبژاردندا دەرچووبوو، ڕۆڵەکانی گەلی « **چیللی** »، بارەڕی تەواوی خۆیان دابوویە و هەڵیانبژاردبوو، هێزە فاشستە کۆنەپەرستەکانی نێوخۆ، بە سەرکردایەتی « پینۆچێت » و بە یارمەتیی ئیمپریالیزمی جیهانخۆری « ئەمێریکا »، ساڵی « 1973 » پەلاماریاندا، نەیانهێشت، فرمانڕەوایی گەل بچەسپێ و کوشتیان. ئەو کەڵەپیاوە مەزنە، سوور دەیزانی، بەو ژمارە کەمەوە، بەرانبەر ئەو هەموو هێزە گەورەیەی سوپا و زلهێزێکی وەک « ئەمێریکا »، هیچی پێ ناکرێ و ناتوانێ، بەرانبەر ئەو هەموو چەکە زۆر و مۆدێرنانە بوەستێ. کەچیی، خۆی بەدەستەوە نەدا، هەڵ نەهات، هەڤاڵەکانی و نیشتمانەکەی خۆی بەجێ نەهێشت، بەڵکوو جەنگا، تا کوژرا!

«سەددام حوسێن» ی دیکتاتۆر، لە مێژووی ڕەشی دەسەڵاتی خۆی و پارتەکەیدا، سێ جەنگی گەورە و ماڵوێرانکارانەی وەک جەنگی: «عێراق ـ کوردستان، عێراق ـ ئێران، عێراق ـ کوێت» ی هەڵگیرساندووە و لە هەر سێ جەنگەکەشدا، سوپاکەی تێکشکاوە و ڕوخاوە. بە هەموو جەنگەکانیش، نزیکەی دوو میلیۆن مرۆی تێدا کوژراوە. کەچیی، چونکە تینوێتی بە خوێن دەشکا، پەندی لە مێژوو وەر نەدەگرت. چار لە دوای چاریش، لە سەر کەللەشەقیی و خوێنڕشتنی خۆی سووربوو!

بۆیە، پێش ئەوەی، ساڵی «2003» جەنگ لە نێوان دەوڵەتێکی زلهێزی وەک «ئەمریکا» و «عێراق» دا دەستپێبکا، چەندین سەرکردەی عەرەب و دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان، چ بە نهێنیی و چ بە ئاشکرا، داوایان لێ کرد، واز لە پۆستی سەرۆک کۆمار بێنێ، خۆی و خێزانەکەی، بۆ کوێ بیانەوێ، ڕێیانبدەن، بارکەن، بڕۆن و وەک پەنابەری رامیاریی، لەوێ بژین.

هەرچەندە، «سەددام» سوور دەیزانی، ئەم جارە «ئەمریکا» بە ڕاستێتی، وازی لێ ناهێنێ، هێزەکانی هاوپەیمان لێیدەدەن و هیچیشی پێ ناکرێ. کەچیی، هێندە دڵسۆز و بە ئەمەک نەبوو، خوێنی ڕۆڵەکانی عەرەب، بە خۆڕایی نەڕێژێ، وازبێنێ و سەری خۆی هەلگرێ. بەڵکوو، زۆر بە ئاسانیی دەیتوانی، لە لایەکەوە، سەری خۆی و خێزانەکەی دەرکا و بەو چارەنووسە ڕەشە نەگا! لە لایەکی دیکەشەوە، ڕۆڵەکانی گەلانی «عێراق» توشی ئەو جەنگە کارلکارانەیە نەکا. بەڵام، هەر ملی نەدا و لە سەر کەللەڕەقیی خۆی بەردەوامبوو، تا، جەنگەکە ڕوویدا، سوپاکەی تێکشکێنرا، وڵاتەکەی داگیرکرا، دەوڵەتەکەی هەڵوەشێنرایەوە، پارتەکەی قەدەغەکرا، خۆی گیرا، ژن و کچەکانی دەربەدەربوون، کوڕەکانی کوژران، باری ڕۆڵەکانی گەلی عەرەب لە «عێراق» دا، خراپتربوو، هەراوئاژاوەیەکی واشی لێ کەوتەوە، مەگەر هەر خوا بە گەورەیی خۆی بزانێ، کەی کۆتاییدێ! مەگەر هەر خواش بۆ خۆی بتوانێ، چارەسەریبکا!

خۆزگە، سەرکردەکانی کوردیش، سەرنجێکی ئەو سێ نموونەیەیان بدایە، پەندێکیان لێ وەرگرتایە، هێندە لەخۆبوردوو و ئازا بوونایە، تەنیا بۆ جارێ، دانیان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنایە. گەر وەک «ناصر» وازیان نەهێنایە، ڕێیان بە خەڵکی دیکە بدایە، لە کاری نەتەوەیی و رامیاریی، لە چارەنووسی گەلی کورد و ئایندەی «باشووری کوردستان» دا، دەستیان هەبوایە و بڕیاریانبدایە. یا، وازیانبێنایە و گۆڕەپانەکەیان، بۆ نەوەی نوێی کورد چۆڵکردایە!

یا، گەر وەک « سیلڤادۆر ئەلیندیی »، بڕیاریاندابێ، لە پێناوی ئامانجە ڕەواکانی گەلدا، تا، دوا دڵۆپی خوێن هەوڵ بۆ کورد بدەن و بکۆشن، لە تەنگانەدا، گەلەکەیان بەجێ نەهێڵن، ئـــــــــەوا، هەر لە ئێستەوە دەڵێم: دەک بڕوانامەی « شەهادە »تان پیرۆزبێ!

بەڵام گەر نیازیان وابێ، تا دوا هەناسەی ژیانیان، وەک « سەددام حوسێن »، دەس بە قولفی کورسیی دەسەڵاتەوە بگرن، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەک، بۆ بەرژەوەندیی باڵای کورد نەکەن، دەبا چارەنووسی ئەویان لەبەرچاوبێ!

* * *

زمانی ماتماتیک

عێراق :

جوگرافیای عێراق = عەرەبستان + باشووری کوردستان.
پانتایی خاک = عێراق ـ باشووری کوردستان « 435.000 ــــ 87.000 = 348.000 کیلۆمەتری چوارگۆشە ».

ژمارەی دانیشتووان = ؟؟؟

ژمارەی پارێزگەکان = 13.

گرووپە ئیتنیکەکانی عێراق = هەر دوو گەلی « عەرەب + کورد » + کەمەنەتەوەیی « توورکمان + ئاشوور + ئەرمەن + کلدان ».
عێراق ـ باشووری کوردستان = بەشێ لە نیشتمانی عەرەب. « عەرەبستانی عێراق = بەشێ لە نیشتمانی عەرەب ».
عەرەبی عێراق ـ « کورد + کەمەنەتەوەیی یەکانی عێراق = بەشێ لە نەتەوەی عەرەب.
ئاین = ئیسلام + فەلە + جوو + صابئە.
ئایینزا = شیعە + سوننە.
میریی عێراق = سوننە + شیعە + کورد.
پێتەخت = یەک شار « بەغدا ».
پارتەکانی عێراق = 1 + 000
دەسەڵاتی عێراق ـ « سوپا + پۆلیس + دەزگەی سیخوڕیی » = 0
عێراقێکی دیکتاتۆریی و شۆڤێنیست = هێزەکانی « سوپا + پۆلیس + دەزگەی سیخوڕیی ».

باشووری کوردستان :

جوگرافیای باشووری کوردستان = « زاخۆ » ←――――― « خانەقین ».
پانتایی خاک = 87.000 کیلۆمەتری چوارگۆشە.

ژمارەی دانیشتووان = ؟؟؟

ژمارەی پارێزگەکان = 5 « مووسڵ + کەرکووک + هەولێر + سولەیمانیی + دهۆک ».

گرووپە ئیتنیکەکانی باشوور = گەلی کورد + کەمینەنەتەوەیی « توورکمان + عەرەب + ئاشوور + ئەرمەن + کلدان ».
باشووری کوردستان = بەشێ لە کوردستانی مەزن.
گەلی کورد لە باشووری کوردستان = بەشێ لە نەتەوەی کورد. « گەلی کورد لە عێراق = بەشێ لە نەتەوەی کورد ».
ئاین = ئیسلام + فەلە + جوو + یەزدیی + کاکەیی.
ئاینزا = شیعە + سووننە + هەقە.
میربی هەرێم = دوو بەڕێوەبەرایەتی « پارتیی » + « یەکێتیی ».
پێتەخت = دوو شار « هەولێر » + « سولەیمانیی ».
پارتەکانی هەرێم = پارتیی + یەکێتیی + کۆمەڵێ پارتی پچووکی سەر بەو دووانە!
گەلی کورد لە باشووری کوردستان = « پارتیی + یەکێتیی » ــ یەکێتی ریزەکانی گەل.
ئاسایشی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشوور = سوپای یەکگرتوو + پۆلیسی یەکگرتوو + ئاسایشی یەکگرتوو.
بەرەی کوردستانیی = کوردستانێکی ئارام و ئازاد + ئاییندەیەکی گەش.
دیکتاتۆریی تاک و پارت = بتپەرستیی + چەوساندنەوە + ڕاونان + گرتن + ئازاردان + کوشتنوبڕین + ناکۆکیی + دووبەرەکیی + جەنگی نێوخۆ + ناپاکیی + کاولکاریی + هەلپەرستیی + تالانیی + دزیی + ماستاوساردکردنەوە + تێداچوونی کورد و ئەزموونەکەی!
دیمۆکراسیی = فرمانڕەوایی گەل + ئازادیی + هەڵبژاردن + یەکێتیی + تەبایی + نیشتمانپەروەریی + سەرکەوتن + خۆشیی + ئاوەدانکردنەوە + پێشکەوتن + گەشەکردن.
پارتیی ـ بنەماڵەی بارزانیی = – 0
یەکێتیی ـ جەلال تاڵەبانیی = + 1

* * *

« دڵ » و « قودس »

ژەنەراڵ « مستەفا بارزانیی »، شـــــاری « کەرکووک »ی بە « دڵ » داناوە و « جەلال تاڵەبانیی »ش، بە « قودس »ی چواندووە. لە ڕاستییدا، ئەز هیچ کاتێ، گوێم لێ نەبووە و لە هیچ شوێنێکیشدا نەمخوێندۆتەوە، گەر یەکەمیان گوتبێتی، یا نووسیبێتی: « کەرکووک دڵی کوردستانە ». لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەکانی خۆی و ئەندامانی پارتەکەی وا دەڵێن! بەلام، گەلێ جار، گوێم لە دووەمیان بووە و خوێندوومەتەوە، لە قسە و نووسینەکانیدا، « کەرکووک »ی بە « قودس »ی « کوردستان » داناوە!

ئەز پێم وایە، « تاڵەبانیی » بۆیە، شاری « کەرکووک »ی بە « قودس » داناوە، چونکە، پێشتر « بارزانیی » باوک، ئەو شارەی بە « دڵ » ناوبردووە و تازە زاراوەکە گیراوە، خۆ ناشبێ، شتێ ئەو گوتبێتی و گرتبێتی، ئەم دووبارەی کاتەوە و داگیریکا! چونکە، عەرەب وتەنی: دووبارەکردنەوە ناشیرینە، گەر جوانیشبێ! *

هەڵبەتە، هیچ مرۆیەک، بێ « دڵ » ناتوانێ، بژی. چونکە، هەر کاتێ، « دڵ » پەکیکەوت، مرۆ ڕەنگی زەردهەڵدەگەڕێ، چاوی زەقدەبێ، سەری دەئاوسێ، ملی دەماسێ، پێستی شیندەبێتەوە، بۆگەندەکا، لاردەبێتەوە، لنگی جووتدەکا و دەمرێ! هەروەها، « کوردستان »یش بێ « کەرکووک »، وەک « سۆماڵ »ی لێدێ و ناتوانێ، بژی! چونکە، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە « باشووری کوردستان » دەبێ، لە ماڵی خۆیاندا، شتەکانی خۆیان، بە پارەی خۆیان بکڕن!

ئاخر، پارێزگەی «کەرکووک»، جگە لەوەی، لە نێو جەرگەی «باشووری کوردستان»دا هەڵکەوتووە، بە سەرچاوەیەکی گەلێ دەوڵەمەندی پڕ لە نەوت و بە پیتیش دادەنرێ. چۆن «دڵ»، خوێن بۆ هەموو ئەندامەکانی جەستەی دیکەی مرۆ دەنێرێ، هەروەها «کەرکووک»یش، «زێڕی ڕەش»، بۆ هەموو کونوقوژبنێکی «باشووری کوردستان» دەنێرێ! کەچیی، «کوردستان» بێ «قودس» دەتوانێ، بژی. چونکە «قودس»، نەک هەر بەشێ لە هیچ پارچەیەکی «کوردستان» پێک نایێنێ، بەڵکوو، هیچیش بە کورد نابەخشێ!
جگە لەوەی، چارەنووسی شاری «قودس»، لە نێو لەپی بێوی چەکی ئەتۆمییدا حەشاردراوە. هەر خەریکە بە تەواوییش، لە دەس ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبی «فەلەستین» دەچێ، گەر هی ئەوانیش بێ! # لەبەرئەوە، هەر وەک چۆن، عەرەبەکان بە گشتیی و عەرەبی «فەلەستین» بە تایبەتیی، شاری «قودس»یان بۆ داگیر ناکرێتەوە، «تاڵەبانیی»ش باش دەزانێ، پارێزگەی «کەرکووک»ی بۆ ناسەندرێتەوە. بۆیە، سەرەدەمێ بە «قودس»ی دەچوێنێ و ئێستەش، بە شاری «برایەتیی» ناودەبا!
با بزانین، کەی سەرکردەی هەر دوو پارت، ئامانجی سەرەکیی، هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە گشتیی، گەلی کورد لە «باشووری کوردستان» بە تایبەتیی و کوردەکانی شاری «کەرکووک» بە تایبەتیتر، بەدەستدێنن؟!! کەی خاوەنەکانیان، بە ڕاست دەگەڕێ؟!! کەی زەوی، بۆ خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە؟!! کەی عەرەبە چێنراوەکان، هەڵدەکەنرێن؟!! کەی ئاوارەکان، بۆ سەر زێد و نیشتمانی خۆیان دەگەڕێنەوە؟!! کەی هەموو جۆرە ناخۆشیی و بەلایەک کۆتاییپێدێ؟!! کەی «دڵ»ە گەورەکەی «کوردستان»، لە دەس ئەشتەرگەریی و لە ژووری ژیاندنەوە قوتاریدەبێ؟!! کەی شاری «قودس»ی «کوردستان»، لە دەس عەرەبە «ئیسرایلیی»یەکان، بە تەواویی ڕزگاری دەبێ؟!!! کەی، کەی، کەی و کەی، کوردی شاری «کەرکووک»، وەک مرۆ دەژین؟!!
لە کۆتاییشدا، هەر ئەوە ماوە، بڵێم: دەبا شارەکەی «بابەگوڕگوڕ»، نە «دڵ» و نە «قودس» بێ، بەڵکوو، تەنیا هەر «کەرکووک»ی ڕووتبێ. بەڵام، لە «مزاهیدە»یەکی نێوان «پارتیی» و «یەکێتیی»دا، لەکیس کورد نەچێ!

* * *

تێبینییەکان:

* التکرار قبیح و لو کان ملیح.

من بە هەموو باوەڕێکەوە دەڵێم: « قودس »، شارێکی عەرەبی نییە، بەڵکوو، شاری جووەکانە. چونکە، جووەکان پێش زایین و لە سەردەمی « نیرۆن »دا توانییان، هەموو خاکی « فەلەستین » داگیرکەن و دەوڵەتەکەشیان تێکدەن. دواتریش، ساڵی « 70 »ی زایینی، شاری « قودس »یان، بە تەواوی داگیرکرد. پاشـــان، عەرەبە موسوڵمانەکان هاتوون، هەموو خاکی « فەلەستین »یان داگیرکردووە. بەڵام، جووەکان جارێکی دیکە توانییان، ساڵی « 1948 »، لە سەر خاکی مێژوویی خۆیان، دەوڵەتی « ئیسرایل » دامەزرێنن و ساڵی « 1967 »یش، بۆ دووەمین جار لە مێژوودا، شاری « قودس » ڕزگارکەن و لە عەرەبەکانی بسەننەوە! واتە: جووەکان پێش عەرەبەکان، لە سەر خاکی « فەلەستین » بە گشتیی و لە نێو شاری « قودس » بە تایبەتیی ژیاون. لەبەرئەوە، لە ڕووی مێژووییەوە، بە شارێکی عەرەبیی نازمێردرێ. بەڵام، چونکە نەتەوەی عەرەب، لە ژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا، زۆربەی وڵاتانی جیهانیان داگیرکردووە، هەر بە هی خۆیانی دەزانن. هەر وەک چۆن، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەر دوو « باشوور و خۆرئاوای کوردستان »یان داگیرکردووە، بە خاکی خۆیانی دادەنێن و بە هی کوردی نازانن!

« بۆ زانیاریی پتر، تەماشای ئەم بەرهەمەی نووسەر بکە: کورد و شۆڕش و هەڵی مێژوویی، چاپ 2، کوردستان ـ سولەیمانیی، 2000، لاپەڕە 306 - 307 ».

کێشەی « کەرکووک »، لە نێوان « پارتیی » و « یەکێتیی » دا

هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەمیشە، ئاواتی هەرە گەورەی، هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر، کوردپەروەر، دڵسۆز و بە ئەمەک ئەوەبووە، ڕۆژێ لە ڕۆژان، شاری « کەرکووک » و نێوچەکانی دیکەی بەعەرەبکرابوون، ڕزگارکرێن و لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی « باشووری کوردستان »دا ڕێکخرێنەوە، دەستی ئاوەدانکردنەوە و شارستانێتیییان بگاتێ، ئاڵای « کوردستان »، بە سەر تەلار و باڵەخانە بەرزەکانییەوە بشەکێتەوە، کۆتایی بە هەموو جۆرە زۆرداریییەکی نەتەوەیی بهێنرێ و هەموو عەرەبە هاوردەکان، بۆ زێد و نیشتمانی تایبەتیی خۆیان بگەڕێنەوە!

بەڵام مەخابن، ئەم ئاواتە، وەک چاوەڕێماندەکرد، بە ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیی « بەعس » و دەستگیرکردنی « سەددام »ی دیکتاتۆریش نەهاتەدی! هەرچەندە، هەلێکی مێژوویی باش، بۆ ئەو کارە ڕەخسا، کەچیی، سەرانی کورد لەکیسیاندا! با بزانین، چۆن؟

ئێمە، هەموو لەو باوەڕەدا بووین، تا ڕژێمی « بەعس » بە گشتیی و « سەددام حوسێن » بە تایبەتیی بمێنن، دەبێ، دەس لە « کەرکووک » و هەموو نێوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکەی « باشووری کوردستان » بشۆین. بۆیە، گرێمان لە سەر ڕووخاندنی ڕژێمی « بەعس » دەکرد، تا، ئەو نێوچانەمان دەسکەوێتەوە. ئەمەش، هەر وا بە خۆڕایی نەبوو، چونکە لەو بارەیەوە، ئەزموونێکی بچکۆلانەمان هەبوو. بۆ نموونە: کاتێ، دووەمین جەنگی کەنداو « عێراق ـ کوێت » ڕوویدا، ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕاپەڕین، شاری « کەرکووک » و زۆر نێوچەی دیکەشیان ئازادکرد. بۆ؟ چونکە، هێزی پێشمەرگەی « کوردستان » یەکبوو، « بەرەی کوردستانیی » هەبوو، جاش و باشیش هەموو پێکەوە، بۆ کورد هەوڵیاندەدا. هەر هێندە « کەرکووک »یش ڕزگارکرا، هەرچی عەرەبی

دەشتەکیی و خێڵەکیی هەبوو، بە چەکدار و بێ چەکیشەوە، گیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەرکرد و شاریان چۆڵکرد! هێزەکانی پێشمەرگە، بێ قرە و برە، قەڵای قایمی شاریان گرددا!
بەڵام، کاتێ « ئەمێریکا »، لە پێناوی بەرژەوەندیی چەپەڵی تایبەتیی خۆیدا، کەلەپچەی دەس و پێی، هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » و سەرانی پارتی « بەعس »ی کردەوە، سوپا ترسنۆکەکەی « بەعس »ی فاشیست، وەک گورگی هاری چاوبرسیی، لە پێشدا پەلاماری « کەرکووک » و دواتریش پەلاماری هەموو « کوردستان »یان دایەوە، سەرلەنوێ داگیریانکردەوە، بە دڕندانەترین شێوە، ڕاپەڕینەکەیان سەرکوتکرد، لە خوێن و فرمێسکیان هەڵکێشا.
ئەو ئەزموونە خۆش و ناخۆشە، ئەو خەونە شیرین و تاڵە، هەر وا لە یادەوەریی ڕۆڵەکانی گەلی کورددا مایەوە. لەبەرئەوە، هەموو کوردێکی دڵسۆز، بیری لەوە دەکردەوە، هەڵێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد هەڵکەوێ، تا، شاری « کەرکووک » و ناوچەکانی دیکەی بندەستی « بەعس » ڕزگارکەنەوە. زۆر بە بێ ئارامیی، چاوەڕوانی ئەوەبوون، گەر « ئەمێریکا »، پەلاماری هێزەکانی « عێراق » بداتەوە، واز لە ڕژێمی « بەعس » و « سەددام » نەهێنێ، تا دەیروخێنێ، ئەم جارە، شاری « کەرکووک » و هەموو « کوردستان »، بە تەواویی ڕزگاردەکرێ. هەموو عەرەبەکانیش هەڵدێن و شار بەجێدێڵن!
بەڵێ، ئەوەی خەونمان پێوە دەبینی، هاتەدی. ئەوەبوو، هێزەکانی « ئەمێریکا » و هاوپەیمانەکانی، جەنگیان دژی دەوڵەتی « عێراق » ڕاگەیاند و پەلاماریاندا، ڕژێمی « بەعس » کەوت و هەر لە « عێراق »یشدا قەدەغەکرا! دواتریش، دیکتاتۆرە ترسنۆکەکەی سەرۆکی نەتەوەیی عەرەب، لە ژێر زەویدا خۆی حەشاردا. بەڵام، هێزەکانی « ئەمێریکا »، وەک مشکێکی تۆپیو، بە پەڕۆیەکی پیس، کلکیان گرت، لە کون دەریانهێنا و گرتیان!
کەچیی، ئەم جارەیان، ئەوەی سەرانی کورد نەیانکرد، ئەوەبوو، لە ماوەیەکی کەم و کورتدا، کێشە ستراتیژیی و چارەنووسسازە گرنگەکەی کورد، یەکلایی کەنەوە، هەموو ناوچەکان ڕزگارکەن، بە هەر شێوەیە بێ، دەستێکی باش، لە عەرەبە چێنراوە چەکدارەکان بوەشێنن، بیانتۆقێنن، ڕاویاننێن، دەریانکەن و بۆ وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە.
ئەز، زۆر لەوە دڵنیام، گەر سەرانی هەر دوو پارتی گەورە، نەخشەیەکی باش و ڕێکوپێکیان، بۆ ڕزگارکردنی « کەرکووک » بکێشایە، هێزێکی یەکگرتووی مەشقپێکراوی ئازای پێشمەرگە، پەلاماری شوێنە گرنگ و

بەعەرەبکراوەکانیان بدایە، لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا، دەستێکی باشیان لێ بوەشاندنایە، هەموو عەرەبەکانیان، لە « کەرکووک » ڕاونایە، نە لێپرسراوانی « ئەمێریکا » و هێزەکانی هاوپەیمان قسەیاندەکرد، نە عەرەبەکان خۆیان بەرگرییان بۆ دەکرا و نە دەشیانتوانی، جارێکی دیکە بگەڕێنەوە. چونکە، تازە ئەو باوکەیان مردبوو، یارمەتییانبدا و بەزۆر بیانگەڕێنێتەوە!
سەیر ئەوەیە، سەرانی « پارتیی » و « یەکێتیی »، وەک ئەو پلانەیان نەبوو، ئەو کارەیان ئەنجام نەدا، بە پەلە خۆیان گەیاندە « کەرکووک » و نەیانهێشت، کوردە ستەمدیدە دەرکراوەکانیش، تۆڵەی خۆیان، لە عەرەبە هاوردەکان بسەننەوە، پەلاماریانبدەن و ڕاویاننێن، چونکە، مەبەستیان خاوێن و ئامانجیان ڕزگارکردنی « کەرکووک » نەبوو!
ئاخر، وەک دەریان نەکردن و ڕاویشیان نەنان، لەبری ئەوە، خەریکی دزیی و تالانیی بوون! بۆیە، زۆر بە ڕاشکاویی دەیانگوت: « کەرکووک » شاری هەمووانە، هەموو کەس بۆی هەیە، بمێنێتەوە و تێیدا بژی! تەنانەت، ئەندامانی پەلیتبیرۆی « یەکێتیی »، سەردانی سەرۆک تیرە و هۆزە عەرەبە هێنراوە داگیرکەرەکانی پارێزگەی « کەرکووک »یان دەکرد، دڵنیایان دەکردنەوە، کە کوردی داگیرکراو و عەرەبی داگیرکەر، هەر بران و هیچ هێزێ نییە، بەردی بنچینەی، ئەو برایەتییە درۆزنانەیە هەڵوەشێنێتەوە! لەبەرئەوە، هەر کەسێ، لە ماڵی خۆی دانیشێ، ترسی نەبێ و کەس زیانیان پێ ناگەیەنێ!
ئەوە لە کاتێکدا، سەرکردەی هەر دوو پارتی گەورە و دەسەڵاتدار، بە هەزاران خێزانی کوردیان، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بۆ ناوچەیەکی دیکەی « باشووری کوردستان » دەرکردبوو، دەستیان بە سەر ماڵ و خانووەکانیاندا گرتبوو، هەر لەبەرئەوەی، سەر بە پارتەکەی خۆیان نەبوون! ئایا، ئەو هەوادار و ئەندامانەی « پارتیی » و « یەکێتیی »، کورد نەبوون، وا لە زێدی خۆیان هەڵیاندەکەندن؟!! ئایا، تەنیا هەر کورد و عەرەب بران، کورد و کورد برا نین؟!!
هەڵبەتە، مێژووی کورد، زۆر بە ڕاستیی، ڕووداوە خوێناویی و جەنگەکانی نێوخۆی کوردی تۆمارکردووە، گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدا، کورد هەمیشە، لە نێوخۆدا و بۆ یەکدی لەنێوبردن، ئازا و چاونەترس بوون، بەڵام، بەرانبەر دوژمن، یا لێبووردەبوون، یا ترسنۆک و نۆکەربوون. گەر چاوێ بە لاپەڕەکانی « شەرەفنامە »دا بخشێنین، ئەوا، ڕاستیی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێ و زۆر بە ئاشکرا دەبینین: ئەوەتەی ئەم نەتەوەیە هەیە، هەر کورد، کوردی

کوشتووە، گەلێ جار، دەستی دوژمنەکەی خۆی گرتووە، بۆ سەر نەیارە کوردەکەی خۆی بردووە و پەلاماریداوە. هێندێ جاریش، باوک، کوڕی دەربەڕاندووە و کوڕیش، باوکی خۆی لە گرتووخانە توندکردووە. مام، برازای خۆی خستۆتە داوەوە و برازاش، مامی سەربڕیوە. خاڵ، خوارزای خۆی کوشتووە و خوارزاش، چاوی خاڵی خۆی هەڵکۆڵیەوە ...

سەیر ئەوەیە، هەر دوو سەرکردایەتی « پارتیی » و « یەکێتیی »، لە سەر ئەوە ڕێککەوتبوون، ئەنجوومەنی شار دامەزرێنن، گرووپە ئیتنیکەکانی « کورد، عەرەب و توورکمان »، وەک یەک، ئەندامیان لە ئەنجوومەنەکەدا هەبێ! ئاخر، کەمینەی « توورکمان » ئەوەتەی هەیە، چ لە « کوردستان » و چ لە « عێراق »، هەر بە کەمەنەتەوەیی دانراوە. چونکە، یەک بست خاکیان لە هەر دوو وڵاتەکەدا نییە. بەڵام، سەرانی « یەکێتیی »، لە دووەمین کۆنگرەیاندا، بە « گەل »یان دانان، تا، لە سەر حسێبی ڕۆڵەکانی کورد، هەست و سۆزیان، بە لای خۆیاندا ڕاکێشن!*

هەموومان دەزانین، عەرەبەکانی « کەرکووک »، لە سەردەمە جیاجیاکانی دەسەلاتی دەوڵەتی « عێراق »دا هێنراون، لە شاری « کەرکووک » چێنراون و داگیرکەر ئەبن، هیچ جۆرە خەسڵەتێکی دیکەیان نییە!

ئیدی چۆن دەبێ، « توورکمان » کە خاکیان نییە، عەرەب کە داگیرکەرن، لە شاری « کەرکووک »، شان لە شانی کورد بدەن و وەک یەک، کورسییان بە سەردا دابەشکرێ؟!! ئاخر، گەر ئەوە ساویلکەیی نەبێ، چی دیکەی پێ دەگوترێ؟! گەر ئەوە هەل لەدەستدان نەبێ، چ ناوێکی دیکەی لێ بنێین؟!!!

سەیر ئەوەیە، ئێستەش لەگەڵ عەرەبەکاندا، لە سەر ئەوە پێکهاتوون، تا، سەرژمێری گشتیی و هەڵبژاردن نەکرێ، کێشەی « کەرکووک »، هەر وا بە ئاڵۆزیی و ئەماویی بهێڵرێتەوە! ئاخر، هەرگیز نەبووە و نەبیستراوە، لە جیهاندا، هیچ سەرکردە و پارتێ هەبووبێ، شێر و خەتی، لە سەر پارەی گیرفانی خۆی کردبێ! ئەدی ئەمە، هەمان هەڵە نییە، سەرکردایەتی شۆڕشی « 11/سێپتێمبەر/1961 » کردیان و ئەم سەرکردانەی ئەمڕۆش، دووبارەیدەکەنەوە؟!!

ئەمڕۆ، بە ئاشکرا، مقۆمقۆی دەنگێ، لە نێوە و دەرەوەی « کوردستان » دەبیسترێ، ئەو دەنگە ناساز و نامۆیە دەیەوێ، بە ناوی دروشمی برایەتی درۆزنانە و پاراستنی دەسکەوتەکانەوە، چارەنووسی شاری « کەرکووک » بخاتە غەرغەرەوە. دانوستان لە سەر ناپیندەی « کەرکووک » بکا، واز لە « کوردستانێتیی » و « کوردێتیی » خاکی « کەرکووک » بێنێ.

لەبەرئەوە، ئەز وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر، گەر دەسەڵاتیشم نەبێ، ئەوا دەتوانم، وەک نووسەرێکی بێلایەن، بە نووکی ڕمی پێنووسە تیژەکەم، ڕۆڵەکانی گەلەکەم هوشیارکەمەوە و داکۆکیی، لە مافە ڕەواکانیان بکەم. بۆیە، بە مافێکی سروشتیی خۆمی دەزانم، زۆر بە توندیی، دژی ئەو دید و بۆچوونانە بوەستمەوە، دەسەکانیان ئاشکراکەم و ئامانجە گڵاوەکانیان، بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەم ڕوونکەمەوە.

لەبەرئەوە، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: هەر سەرکردە و پارتێکی « باشووری کوردستان »، نەک هەر واز لە « کەرکووک » بێنێ، بەڵکوو، واز لە یەک بست خاکی « کوردستان »یش بێنێ، لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا، ناپاکییەکی گەورە و بێ وێنە، بۆ خۆی تۆماردەکا! ئاخر، تا ئێستە، لە سەرانسەری مێژووی نەتەوەی کورددا، یەک سەرکردە نەبووە، وێرابێتی، خۆی لە قەرەی ئەو کێشە گرنگ و ترسناکە بدا، گەر دەسەلاتیشیان نەبووبێ، خاکەکەیان ڕزگارکەن، ئەوا بێ دەنگبوون و وازیان لە یەک بست خاکی « کوردستان » نەهێناوە! جا ئەوەی، کێ زۆر ئازایە، یا ئەو غەدرە گەورەیە، پێش هەموو کەسێ، لە خۆی و دواییش، لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی بکا، بە دەسی چەپەڵی خۆی، چاڵی مەرگ، بۆ خۆی و ڕۆڵەکانی کورد هەڵکەنێ!

با لێرەشدا، زۆر بە ڕاشکاویی و ڕوونتر بڵێم: گـــــــەر، هەموو پارتەکانی « کوردستان »یش، لە هەرە بچووکەکەیانەوە بیگرە، تا بە هەرە گەورەکەیان دەگا، کۆبنەوە، بە خراپ، بڕیار لە سەر چارەنووسی « کەرکووک » بدەن، نە بڕیارەکەیان، بە ڕاست و ڕەوا دەژمێررێ، نە ڕۆڵەکانی گەلی کوردیش دەبێ، گوێ لەو جۆرە بڕیارانە بگرن و ڕێزیان لێ بگرن!

پوختەی مەبەست ئەوەیە: ماوەیەکی زۆر، سەرکردەی هەر دوو پارتی گەورە و دەسەڵاتداری « باشووری کوردستان »، گەلێ هاواریان دەکرد، لە ســــــەر « کوردستانێتیی » شـــــاری « کەرکووک »، پێیان زۆر دادەگرت. تەنانەت « پارتیی »، لە پرۆژەی « فیدرالیزم »ەکەی خۆیدا، شاری « کەرکووک »ی، بە پێتەختی هەرێمی « باشووری کوردستان » دانابوو!

کەچیی، ئەو دەنگانە تا دێ، کزولاوازتردەبن. ئەو دید و بۆچوونانە، ڕۆژبەڕۆژ دەگۆڕێن! وەک ئەوەی، ویست و توانای کورد، لە ئاستی هێز و هەڕەشەی داگیرکەراندا، بە چۆکدا هاتبێ! لەبەرئەوە، وا هەستدەکەم، سەرانی ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارە خەریکن، شـــاری « کەرکووک »، لە « دڵ » و « قودس »ی « کوردستان »ەوە بگۆڕن، لەگەڵ شاری « برایەتیی »دا، وەک گەمەی شەترەنج، داشبەداشی پێ بکەن! یا هێندێ جار، گوێمان لێ دەبێ، یەکێ لە سەرکردەی

پارتەکان، گوتەی هێندێ لە سەرکردەی عەرەبە شۆڤێنیست و توورکمانە بەکرێگیراوەکانی « میت »ی « توورکیا »، وەک تووتیی دووبارەکەنەوە و بە شارێکی نموونەی « عێراق »ی بچووکی دەچوێنن!
هەڵبەتە، ئەم خۆگونجاندنەی سەرانی ئەو دوو پارتە، لەگەڵ ڕەوشی ڕامیاریی و داواکاریی، سەرانی هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری « توورکیا » و « عێراق »، تەنیا لەوە دەچێ، خەباتی نەتەوەیی و کاری ڕامیاریی کوردیی، وەک کاسبیی وابێ، کارێکی باش و پڕ قەڕ بێ، پێویستی بە سەرمایە نەبێ! یا دەبێ، دێوجامەیەکی ڕامیاریی، هێندە ڕەنگین و سەنگین بێ، ڕاوەکەوی هەست و هۆشی، ڕۆڵەکانی کوردی پێ بکەن، تا زۆرترین ژمارە، لە دەوری خۆیان و پارتەکانیان کۆکەنەوە! لە هەر دوو بارەکەشدا، تەنیا هەر گەلی کورد بە گشتیی و دانیشتووانی شاری « کەرکووک » بە تایبەتیی، زیان لەو کردارە چەوتانە دەبینن. ئەگینا، شاری « کەرکووک »، هەر چییەکی ناوبنێن، هەر بە بەشێکی هەرە گرنگ و دانەبڕاوی، خاکی « باشووری کوردستان » دادەنرێ.
جا لە « کوردستان، عێراق، توورکیا » یا، هەر جێیەکی دیکەی ئەم جیهانەش بێ، گەر بە ڕاستیی، « کەرکووک »، بە پارچەیە لە جەستەی « کوردستان »ی دایکی دابنێین و بە موڵکی تەواوی نەتەوەی کوردی بزانین، دەبێ، بە هیچ شێوەیە، واز لە داواکاریی نەتەوەیی و ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆمان نەهێنین! خۆ ناشێ، « کوردستانیتیی » شاری « کەرکووک »، وەک ئاو و هەوای « زەریای نێوەڕاست » وابێ، بەپێی نێوچە، شار، وڵات و کێشوەر بگۆڕێ، سەرانی کورد، لە هەر شوێنێ بن، بە جۆرێکی جیاواز بدوێن، بەپێی دید و بۆچوونەکان، یا، لە ترسی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی سەرانی داگیرکەران، باسی « کەرکووک » بکەن!
ئێستە با بزانین، « جەلال تاڵەبانیی »، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆ، چی بەرانبەر شاری « کەرکووک » گوتووە؟!! هەڵبەتە، ئاشکرایە، « تاڵەبانیی » هەرگیز، نەک هەر بەرانبەر کێشەی « کەرکووک »، بەڵکو، بەرانبەر زۆربەی کێشە نەتەوەیی و ڕامیاریی، ستراتیژیی و چارەنووسسازەکان، یەک دید و بۆچوونی نەگۆڕی نەبووە و نییە. بەڵکو، بەپێی ڕەوشی ڕامیاریی « کوردستان، عێراق، نێوچەکە و جیهان »، دید و بۆچوونی خۆی گۆڕیوە و بە شێوەیەکی بەردەوامیش دەیگۆڕێ. دیارە، ئەمە لە کاری ڕامیارییدا، شتێکی زۆر ڕاستە. بەلام، لە کاری نەتەوەیی و بڕیاردان، لە سەر کێشەیەکی ستراتیژیی و چارەنووسساز، هەرگیز ڕاست نییە! چونکە گەر لەگەڵ هەر لایەنێکی کوردیی و ناکوردییدا، گفتوگۆ لە سەر دەسەلاتی خۆی و پارتەکەی بکا، بە چەن

پۆستێکی جیاوازی «شارەوانیی، پارێزگار، شالیار، پەرلەمان، باڵیۆز، سەندیکا ...» قایلبێ، هیچ گرنگ نییە و زیان بە کورد ناگەیەنێ. گەر خۆی و پارتەکەشی، زیانی تێدا بکەن. لەبەرئەوەی، لە قۆناغێکی دیکەدا دەتوانێ، لەگەڵ لایەنێکی دیکەی رامیارییدا، پتر دانوستانبکا، پێ داگرێ و پتر ئامانجەکانی خۆی و پارتەکەی بەدیبێنێ! بەڵام، لە چەن کێشەیەکی نەتەوەیی ستراتیژیی و چارەنووسسازانەی گرنگی وەک: «دامەزراندنی دەوڵەت، دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان، کوردستانێتیی نێوچەکانی کەرکووک، خانەقین، شەنگار، زەمار ... هتد»، نەک هەر ئەو، خۆی و پارتەکەشی بۆیان نییە، دانوستانیان لە سەر بکەن، بەڵکوو، هیچ سەرکردە و پارتێکی دیکەش بۆیان نییە، تەنانەت، هەر بیریش لەو کارە بکەنەوە!

لەبەرئەوە، «تاڵەبانیی» هەر لە کۆنەوە، دەربارەی کێشەی «کەرکووک»، دید و بۆچوونی تایبەتیی خۆی هەبووە و هێندێ جاریش، ئەو دید و بۆچوونانە، زیانێکی زۆریان، هەم بە خودی خۆی و پارتەکەی، هەم بە کێشەی کوردیش گەیاندووە! بۆ نموونە: لە شەستەکاندا نووسیویەتی: (پێویست ناکا، کێشەی «کەرکووک»، ناکۆکییەک دروستکا. لەبەرئەوەی، یەکەم: گەلی کورد، دژی جیابوونەوەیە لە «عێراق»، سەروەت و سامانی باکوور و نێوەڕاست و باشووری «عێراق» یش پێویستە، بۆ جەماوەری گەلی زەحمەتکێشی عەرەب و کورد و تورکمان بێ.)«38،1»

دواتریش، هەڵوێستی «تاڵەبانیی» بەرانبەر «کەرکووک»، بەپێی سەردەم و شوێن گۆڕاوە. کاتێ لە شاخ بووە، یا، لە شارەکانی «کوردستان» بووە، «کەرکووک» ی بە شارێکی «کوردستانیی» داناوە. بەڵام، کاتێ لە پێتەختی، یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووبێ و لەگەڵ لێپرسراوانی ئەو دەوڵەتانەدا، گفتوگۆی کردبێ و باسی «کەرکووک» کرابێ، ئەوا، ئەو ناوەی لە بیر خۆی بردۆتەوە!

بۆ نموونە: ساڵی «1983 - 1985»، گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێمی «بەعس» کردووە، لەو ڕێککەوتننامەیەی لە نێوانیاندا بووە، شاری «کەرکووک»، لە نێوچەی «ئۆتۆنۆمیی» دا نەبووە. بەڵکوو، لە بەشی دووەم و خاڵی «ج» دا نووسراوە: (نێوچەی ئۆتۆنۆمیی، ئەم پارێزگایانەی خوارەوە دەگرێتەوە: ئەربیل، سولەیمانیی و دهۆک.)«246،2»

هەر دوای ئەو گفتوگۆیەش، دوو جاری دیکە، لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئەلئەنباء ئەلکویتیە و ئەلطەلیعە»، چاوپێکەوتنی کردووە، بە هەمان شێوە گوتوویەتی: (شاری کەرکووک، ناکەوێتە نێوچەی «ئۆتۆنۆمیی» یەوە.)«26-25،3»

هەروەها، چەندین جاریش، سەردانی « تووركیا »ی دۆستی هەرە دێرین و خۆشەویستی گەلی كوردی كردووە! هیچ جارێ نەیتوانیوە، باسی كێشەی « كوردستانێتیی » شاری « كەركووك » بكا، نەبا دڵی برا « توورك »ەكانی لێ بیەشێ! هەر وەك لە دوا سەردانی مانگی « 06 .2004 »دا دەردەكەوێ، زاراوەی « قودس »ەكەی، هەر بە جارێ بیرچۆتەوە، شاری « برایەتیی » جێنیكرتۆتەوە!

كەچیی، لە هەمان كاتیشدا، لە « ئەنجوومەنی فرمانڕەوایی كاتیی عێراق »، هەڵوێستێكی دیكەی كوردانەی هەبووە، زۆر ئازایانە و شارەزایانە، داكۆكیی لە « كوردستانێتی كەركووك »، نێرچە بە عەرەبكراوەكانی دیكەی « باشووری كوردستان »، زمانی « كوردیی » و سیستێمی « فیدراڵیزم »كردووە، كە جێی شانازیی و سەربەرزیی، هەموو كوردێكی نیشتمانپەروەری بە ویژدان بوو!

هەروەها، هەر چەن ڕۆژێ دوای سەردانەكەی « تووركیا »، لە « ئیتالیا »شەوە، زۆر بە ڕاشكاویی ڕایگەیاند و گوتی: « كەركووك » شارێكی « كوردستان »ە! خۆزگە، ئەو قسە باشانەی دەربارەی « كەركووك »، لە شاخ و شارەكانی « كوردستان » دەیكا، ئەو سیمینارە گرنگەی، لە « ئەنجوومەنی كاتیی فرمانڕەوایی عێراق » پێشكەشیكرد، لە « تووركیا »ش، هەر هەمان شتی بگوتایە و هەر هەمان سیمیناری پێشكەشكردایە، ڕامیاریی « بانێک و دوو هەوای »، لەگەڵ كورد و سەرانی دەوڵەتە داگیركەرەكاندا پیادە نەكردایە، تا لە لایەكەوە، ناكۆكیی لە قسەكانیدا نەبووایە. لە لایەكی دیكەشەوە، لە بەردەم گەلانی جیهان و سەرانی داگیركەری « توورك »دا، ڕۆڵەكانی كوردی، هێندەی دیكە بچووک، سووک، چرووک و ڕیسوا نەكردایە! چونكە، گەر كار وا بڕوا، دەبێ، ڕۆڵەكانی كورد بە گشتیی و كوردی شاری « كەركووك » بە تایبەتیی، تا ماون، بۆ خۆیان هەر بڵێن: بە جارێ ماڵی وێرانم، « مووسڵ »یشم چوو، « كەركووك »یشم چوو! #

ئاخر، سەركردەیەكی مەزنی وەک « مستەفا بارزانیی »، نەک هەر سەرۆكی « پارتیی » بوو، بەڵكوو، هەموو چین و توێژ، ڕێكخراو و پارت، ئایین و ئایینزاكانی « كوردستان »یش، بە سەرۆكی خۆیان دادەنا. كەچیی، ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەرگیز، خۆی تووشی لێپرسینەوەیەكی گەورەی مێژوویی، لەو چەشنە نەكرد، تا، واز لە یەک بستی خاكی « كوردستان » بە گشتیی و « كەركووک » بە تایبەتیی بێنێ. بەڵكوو، ساڵی « 1974 »، لە سەر شاری « كەركووک »، جەنگی لەگەڵ دەوڵەتێكی بەهێزی وەک « عێراق » و پارتێكی دڕندەی فاشیی وەک « بەعس » دەسپێكردەوە! پێوەندیی نێوانیانی تێكدا و لەگەڵیان ڕێک

ئەکەوت. خۆ گەر ئەو کارەی نەکردایە، ئەوا، کەژاوەی تەخت و نگینی بەختی، بە یەکجاریی تێدا نەدەچوو، دەربەدەری وڵاتان نەدەبوو، بە نەخۆشیی و کەساسییش، سەری نەدەنایەوە! کەچیی، دوای سی دانە ساڵی ڕەبەق، تازە سەرانی « پارتیی » و « یەکێتیی » دەیانەوێ، پاشەکشە لە « کەرکووک » بکەن!!!
جا، گەر « جـــــــەلال تاڵەبانیی »، سکرتێری گشتیی « یەکێتیی » بێ، یا، « مەسعوود بارزانیی »، سەرۆکی « پارتیی » بێ، ئیدی ئەمە، ئەوە ناگەیەنێ، هیچ یەکێ لەو دووانە، سەرۆکی گەلی کوردی « باشووری کوردستان » بن! لەبەرئەوە، بە هیچ شێوەیە بۆیان نییە، واز لە یەک بست خاکی « کوردستان » بێنن و بە ناوی گەلی کوردەوە، هیچ جۆرە ڕێککەوتننامەیەک ئیمزاکەن!
دەبێ، هەموو کوردێکی دڵسۆز، ئەوە باش بزانێ، جگە لەوەی، هەموو سامانی زۆر زەویی « باشووری کوردستان »، لە پارێزگەی « کەرکووک »دا کۆبۆتەوە، بە تاکە ڕێی ڕزگاریی « کوردستان » و سەربەخۆیی کوردیش دادەنرێ! ڕاستە، گرفتێکی زۆر گەورە، لە سەر شاری « کەرکووک » هەیە، « عەرەب » و « توورک »، وەک دوو گورگی برسیی، چـــاویان تێ بڕیوە. ڕاستە، خاکی « کوردســتان »، لە دوورگەیەکی داخراو دەچێ و بە زەریایەک گەلەگورگ دەورەدراوە. بەڵام، ئیدی نابێ، سەرکردەکانی کورد، هێندە نائومێد و ڕەشبین بن، دەستی خۆبەدەستەوەدان، بۆ داگیرکەرانی « کوردستان » بەرزکەنەوە! چونکە، بە دەیان هەلی مێژوویی هەڵدەکەوێ، گەر کورد خۆی شت بێ، یەکگرتوو و یەک ماڵ بێ، سەرکردایەتییەکی بلیمەت، هوشیار و ئازای هەبێ، هەلەکە لەکیس نەدا، زۆر بە ئاسانیی دەتوانێ، ئامانجە ڕەواکانی خۆی بەدیبێنێ. ئەدی گەر وا نەبێ، ئایا، کورد خۆی وەک نەتەوەیەکی چل ملیۆنی چییە و چی پێ دەکرێ؟ ئایا ناتوانێ، لە ڕێی کەناڵەکانی دیپلۆماسییەوە، چارەنووسی خۆی و ئایندەی « کوردستـــــان » دیاریبکا؟!! بۆ نابێ، بەو شێوەیەی پێویستە و هەزاران ڕۆڵەی کورد، گیانی پاکی خۆیان، لەو ڕێگە پیرۆزەدا، بە دایکی نیشتمان بەخشیوە، کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، لە ماڵە کاولەکەی خۆیدا، وەک مرۆ بژی؟!!
لە کۆتاییشدا دەمەوێ، چەن خاڵێ، لە سەر پیتی گوتارەکەم دانێم، مەبەستی خۆم ڕوونترکەمەوە و بە کورتیی بپرسم:
- بۆ دەبێ، « تاڵەبانیی » هەر دەمەی بە جۆرێ، لە شاری « کەرکووک » بدوێ، جارێ بە « قودس »ی « کوردستان »، دەمێ بە شاری « برایەتیی »، تاوێ بە « عێراقی بچکۆلە » و تاوێکی دیکەش، بە « برۆکسل »ی بچوێنێ؟!!

ئاخر، ئەو چەن چەمکانە، جیاوازییەکی زۆریان هەیە، بە تایبەتیی، هەر دوو شاری « کەرکووک » و « برۆکسل » هەر لە بەراوردکردن نایەن! سەیر ئەوەیە، عەرەبەکانی « عێراق »، هیچ یەکێ لەو چەمکانە پەسەند ناکەن، « کەرکووک »، هەر بە شارێکی « عێراقیی » دادەنێن! مەبەستیشیان تەنیا ئەوەیە، بە شارێکی « عەرەبیی » دەزانن! ئەگینا، تا « باشووری کوردستان »، بە دەوڵەتی « عێراق »ەوە گرێدرابێ، هەر سێ شارەکەی دیکەی « هەولێر، سولەیمانیی و دهۆک »یش، هەر بە سێ شاری « عێراق » دادەنرێن. کەچیی، دانیان بە « کوردستانێتیی »، ئەو سێ شارەدا ناوە و دان بە « کەرکووک »دا نانێن!

ـ بۆ دەبێ، « تاڵەبانیی » شاندێکی « توورک »، بۆ شاری « کەرکووک » داوەتکا، تا لە نزیکەوە، لە راستیی و دروستیی رووداوەکان بکۆڵنەوە؟ گریمان، پارێزگەی « کەرکووک »، سەر بە « باشووری کوردستان » نییە. بەڵام، ئایا « کەرکووک »، پارێزگەیەکی سەر بە « عێراق »، یا « توورکیا »یە، وا توورکەکان بە ئاشکرا، دەس لە کاری نێوخۆی شارەکە وەردەدەن؟!!

لە راستییدا، ئەو بڕیارە دەبێ، عەرەبەکان بیدەن، نەک « تاڵەبانیی » بیدا، کە لە ئاستی دیاریکردنی چارەنووسی کورد بە گشتیی و شاری « کەرکووک » بە تایبەتیی، دەسی لە کەروێشک کورتترە!

ـ تۆ بڵێی، کەمینە نەتەوەییەکانی « توورکمان، کلدان، ئەرمەن و ئاشوور »، لە « باشووری کوردستان » و لە نێو خۆیاندا، پیاوێکیان تێدا هەڵ نەکەوتبێ، داکۆکیی لە مافە رەواکانیان بکا؟!! تۆ بڵێی، خۆیان خاوەنی، چەندین پارتی جیاوازی رامیاریی نەبن، داوای مافە رەواکانی خۆیان بکەن؟!! جا گەر وایە، « تاڵەبانیی » و « بارزانیی »، بۆچی هەموو جارێ، بێ بۆنە و بە بۆنە، ناویاندێنن و داکۆکییان لێ دەکەن؟!! ئایا لە « کوردستان »دا، هیچیان بە سەرهاتووە؟ کورد غەدری لێ کردوون و مافە « مرۆیی، نەتەوەیی، رامیاریی و دیمۆکراسیی »یەکانیان زەوتکراوە؟!! ئایا، مافی ئێمەش و ئەوانیش، هەر لای عەرەبە داگیرکەرەکانی « عێراق » نییە؟!! کەی کورد، هیچ جۆرە مافێکی ئەوانی پێشێلکردووە، تا « تاڵەبانیی » لە « تورکیا » بەڵێنبدا، شالیارگەیەک بۆ توورکمانەکانی « عێراق » دابینکا؟!! یا بۆ دەبێ، « بارزانیی » بڵێ: گەر یەک توورکمان لە « کوردستان » بمێنێ، من داکۆکیی لە مافە رەواکانیان دەکەم؟!!بە راستیی، ئەمە ماڵوێرانیی و کارەسات نەبێ، هیچی دیکە نییە. ئاخر، کورد خۆی تا ئێستەش، جگە لەوەی هیچ نییە و دەسەڵاتی نییە، لە سەر کێشەی دەسەلات و مافە نەتەوەییەکانی خۆشی، گەورەترین گرفتی،

لەگەڵ هەموو جیهاندا هەیە، تا، داکۆکیی لەو پیچوومگوورگ و توولەمارانە بکا، کە وەک برا گەورە توورکەکانیان، زۆربەی هەرە زۆریان، هەر دانیش بە مافە ڕەواکانی کورد و ناوی «کوردستان»دا نانێن، بە مەرجێ، لە سەر خاکی «کوردستان»یش دەژین!

ـ بۆ دەبێ، «تاڵەبانیی» داوا لە توورکمانەکان بکا، لە هەڵبژاردنی ئاییندەدا، پێکەوە دابەزن؟ ئەدی بۆچی، ئەو هاوکاریی و یەکگرتنە، لەگەڵ پارتێکی «کوردستانیی»دا ناکا؟!! دەبێ، جگە لەوەی دڵی «توورکیا»ی ئاغای ڕازیکا، لە هەڵبژاردنیشدا، گرێو لە «پارتیی» بەرێتەوە، چ جۆرە مەبەستێکی دیکەی هەبێ؟!!

ـ ئاخر بۆ دەبێ، «تاڵەبانیی» گوتاریدا و بڵێ: (ئەوەی هێرشی شەڕ بکاتە سەر «توورکیا»، مانای ئەوەیە، هێرش دەکاتە سەر گەلی کورد.)«4»

تۆ بڵێی، نەتەوەی توورک، هێندە بێ دەسەڵاتبێ، پێویستی بە یارمەتیی «تاڵەبانیی» هەبێ و ئێمە نەمانزانیبێ؟!! یا، تۆ بڵێی، توورکەکانیش، بەشێ لە گرووپە ئێتنیکەکانی «باشووری کوردستان» پێکبێنن، وا «تاڵەبانیی» داکۆکییان لێ دەکا؟!! یا، تۆ بڵێی، گەلی کورد لە «باکووری کوردستان» بە گشتیی و گریلاکانی «P.K.K.» بە تایبەتیی، هەر وا بە خۆڕایی، گێچەڵ بە «توورکیا» بکەن؟!! ئاخر، ڕاستتر نەبوو، «تاڵەبانیی» بیگوتایە: ئەوەی دژی «توورکیا» بجەنگێ، دژی «یەکێتیی نیشتمانیی» دەجەنگێ؟!! چونکە، نەک هەر ئەو بۆی نییە، بەڵکوو، هیچ سەرکردەیەکی دیکەی پارتێکی کوردیی و «کوردستانیی»ش بۆی نییە، نەک هەر بە ناوی هەموو کوردی پارچەکانی «کوردستان»ەوە قسەبکا و بڕیاربدا، بەڵکوو تەنانەت، بە ناوی گەلی کوردی «باشووری کوردستان»یشەوە بۆی نییە، بڕیاربدا! چونکە، سەردەمی دیکتاتۆری نیشتمانپەروەر و سەردەمی پارتی پێشڕەو بەسەرچوو، ئەو سەردەمە نەما، سەرۆکی پارت و سەرکردەی گەل لە یەکدیدا بتوێنەوە، یەک واتا و چەمکی تێکهەڵکێشکراویان هەبێ، هەر وەک لە سەردەمی «مستەفا بارزانیی»دا باوبوو!

ـ سەیر ئەوەیە، «تاڵەبانیی»، ئەو هەموو ماستاوە، بۆ توورکمانەکان و سەرانی «توورکیا» ساردەکاتەوە، ئینجا، ئەوان باوەڕی پێ ناکەن! ئەوەتە، «بەرەی توورکمانیی»، بە ناوی «ڕێکخراوی نێو دەوڵەتیی داکۆکیکردن لە توورکمانەکانی عێراق»ەوە، بڵاڤۆکێکیان دەرکردووە و زۆر بە ڕاشکاویی داوایانکردووە: «بارزانیی» و «تاڵەبانیی»، بە تۆمەتی پێشێلکردنی مافەکانیان پێشەکەش بە دادگە بکرێن! «5»

هەروەها، شالیاری دەرەوەی دەوڵەتی داگیرکەری « تورکیا ـ عەبدوڵڵا گول »، لە وەڵامی ئەو لێبووردنەی « تاڵەبانیی »، بۆ ئەندامانی « P.K.K. » داوای کردبوو، گوتوویەتی: (ئەوە کاری « تاڵەبانیی » نییە!)«6».
ـ « بارزانیی »، هێندە باوەڕی بە « یاوەر » هەیە، لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ هاوینەهەواری « سەلاحەدین »، زۆر بە ڕاشکاویی گوتی: گەلی کورد، پشتگیریی « یاوەر » دەکا! لە لایەکەوە، خۆ « بارزانیی » کوڕی « بارزانیی » باوک نییە، تا سەرۆکی هەموو کورد بێ و بە ناوی گەلی کوردەوە بدوێ. بەڵکوو، تەنیا هەر، سەرۆکی پارتەکەی خۆی نەبێ، هیچی دیکە نییە!
لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ دەبێ، کورد دەنگی خۆی بەو پیاوە بدا؟ ئایا، دید و بۆچوونی بەرانبەر بە شاری « کەرکووک »، گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان و دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان چییە. وا « بارزانیی »، زۆر بە کوڵوودڵەوە، هەر لە ئێستەوە، پڕوپاگەندەی بۆ دەکا و دەنگی هەموو گەلی کوردیشی بۆ دابیندەکا؟!! ئاخر، هــــــەر ئەو پیاوە خێڵەکیی و شۆڤێنیستە نەبوو، ڕۆژی « 2004. 06. 23 »، کاتێ بۆ یەکەمین جار، سەردانی شاری « کەرکووک » ی کرد، لە وەڵامی پرسیارێکی کوردەکاندا، دەربارەی کوردە ئاوارە و عەرەبە هاوردەکان، دوورخستنەوەی خەڵکە نامۆکانی شاری « کەرکووک »، زۆر بە ڕاشکاویی گوتبووی: (ڕێ نادەم، مامەڵە بەو جۆرە چەمکە ڕەقانە بکرێ، ئەوانە « عێراقیی »ن و ئەوەی دەیلێی، قسەیەکی ڕەقە و ناشێ، پەسەندبکرێ. « عێراق » ی نوێ، کەس ناچار ناکا، شوێنی خۆی جێبێڵێ.)«7».
ئاخر دەبێ، ئەم قسە بێ ڕێ و جێیانەی سەرۆک کۆمار « یاوەر » کردوونی، بە ناوی ئازادیی و داکۆکییکردن لە مافی « عێراقیی »یەکانەوە، جگە لە قایلبوون بە بەعەرەبکردنی شاری « کەرکووک »، چ واتایەکی دیکەی شاراوەی هەبێ؟!! ئەرێ کوردینە هاوار! چی لە باسەکە گۆڕاوە؟!! « ئەمێریکا » ناوی بۆ کۆڕین یا بڵێین؟!!

* * *

تێبینییەکان :

* لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گوتارێکی درێژ، دەربارەی کەمینەی « توورکمان » بڵاودەکەمەوە.

بە پێویستی دەزانم، بە دوای ئەم گوتارەدا، کورتەیەکی دوو گوتاری کۆنی خۆم بڵاوکەمەوە، کە پێوەندییەکی توندوتۆڵیان، بەم باسەوە هەیە. گوتاری یەکەم، تا ڕۆڵەکانی کورد بزانن، هەڵوێستی « ئەحمەد چەلەبی » و تورکمانەکانی هەر دوو پارت، بەرانبەر شاری « کەرکووک » چۆن بووە!

گوتاری دووەمیشیان، لە سەردەمێکدا نووسراوە، هێشتا، دەوڵەتی « عێراق »، تووشی ئەو ئاژاوە و بەڵایەی ئەمڕۆی نەبووە، هێشتا، دەسەڵاتی خوێنڕێژانەی « سەددام » بەهێزبووە. لە لایەکی دیکەشەوە دەمەوێ، لە هەر دوو گوتارەکەدا، ئەوە دەرخەم، بە چ شێوەیە، هەم پێشبینیی داهاتووم کردووە و هەم چارەسەریشم بۆ گرفتەکە داناوە. بەڵام، بە داخەوە، لەوە دەچێ، نووسەرانی کورد، بۆ ڕۆڵەی نەتەوەیەک بنووسن، نەخوێننەوە!

سەرچاوەکان :

1. جلال الطالبانی، کردستان و الحرکە القومیە الکردیە، دار الطلیعە للطباعە و النشر، بیروت، 1969.
2. دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، چاپ2، سولەیمانی، 2000.
3. سزکە، دەربارەی کۆتاییهاتنی وتووێژی یەکێتی نیشتمانی و میری نیشتمانی، ستۆکهۆلم، 1985.
4. ڕۆژنامەی ئەمڕۆ، مانگی شەشی 2004، ...
5. ئەحمەد هیرانی، بەرەی تورکمانی و گلەییەک لە سەرانی کورد، سایتی Kurdistanpost، 2004. 07. 07.
6. سایتی www.kdp.se ڕۆژی « 2004. 06. 25 ».
7. محیط، الباور یعارض ای تغیر للوضع الاثنی فی مدینە کرکوک النفطیە. (لن لسمح بان تتعامل بمثل هذه العبارات القاسیە، فهؤلاء عراقیون و ما تتحدث به کلام قاس، لا یمکن قبوله. العراق الجدید لن یجبر احدا علی ترک موقعه.)

بۆرە نەبێ، بازە بێ، کلک بە ئەندازە بێ!

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

باوەڕ ناکەم، پێش ئەوەی، ڕژێمی « بەعس » بڕوخێ، سەرکردەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی « عێراق »، بە هیچ شێوەیە، دانیان بە « کوردستانێتیی » شاری « کەرکووک »دا نابێ. بەڵام، تەنیا هێندە هەیە، سەرانی کورد، ئەو کێشە گرنگەیان، پشتگوێخستبوو، چونکە، هەموو ئاماجێکیان، تەنیا هەر ئەوەبوو، ڕژێمی « بەعس » نەمێنێ! جا دوایی، لەگەڵ ئەو هێزانەدا، لە سەر کێشەی « کەرکووک »، تووشی چ جۆرە گرفتێ دەبن، بە لایانەوە گرنگ نەبووە!

ئاخر، بۆچی خۆمان بخەڵەتێنین، خۆ تەنیا هەر ئێستە، سەرانی ئەو دوو زلهێزە، قۆرقەپیان، لە هێندێ لە مافەکانی گەلەکەی خۆیان نەکردووە، لە بەردەم سەرانی داگیرکەری عەرەبدا، بێ دەنگ نەبوون، بەڵکوو، هەر لە کۆنەوە، ئەوە پیشەیان بووە! بۆ نموونە:

ڕۆژی « 25. 10. 1997 »، سەرۆکی « INC ـ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق »، دوکتۆر « ئەحمەد چەلەبیی »، لە شاری « ستۆکهۆلم »، دەربارەی مێژووی دامەزراندن، چالاکیی، ڕەوشی « INC » و باری ڕامیاریی « عێراق » سیمینارێکی گرت. لە قسەکانیدا، بە هیچ شێوەیە، باسی « کوردستانێتیی » شاری « کەرکووک »ی نەکرد.

جا، گەر ئەو کاتە، « چەلەبیی »، هێشتا هیچ دەسەڵاتێکی نەبووبێ، تەنیا هەر، وەک سیخوڕێکی « ئەمێریکا »، بە شارەکانی « ئەورووپا » و « ئەمێریکا »دا خولابێتەوە، تا، خەڵک لە دەوری خۆی کۆکاتەوە، مافێکی ئەوتۆی، بە گەلی کورد ڕەوا نەبینیبێ، ئێستە چۆن، دان بە هێندێ خاڵی گرنگی وەک: « مافی چارەنووسی کورد، کوردستانێتیی کەرکووک ... »دا دەنێ؟!! ئەگینا، مەگەر هەر سەرانی « پارتیی » و « یەکێتیی »، دەهۆڵیان بۆ کوتابێ و بە دۆستی گەلی کوردیان دانابێ، وەک ئێستەش چۆن، دەهۆڵ بۆ « یاوەر » دەکوتن!!!

ئاخر، جگە لە چەن کوردێکی بێلایەن، هۆڵەکە بە ئەندامانی هەر دوو پارت سیخناخکرابوو، ئینجا، دەنگ لە پەردەوە هاتین، دەنگ لە یەک ئەندامی گچکە و گەورە، بەرز و نزم، پێشکەوتوو و دواکەوتوو، سەرکردایەتی و خوار سەرکردایەتی، ئەو دوو پارتەوە نەهات!
جا، پارتێ ئەندامەکانی خۆی، بەو شێوەیە پەروەردەکردبێ، لە بەردەم دوژمنی داگیرکەردا، داکۆکیی لە مافە ڕەواکانی کورد نەکەن، لە بەردەم سەرانی داگیرکەراندا نەوێرن، دەم هەڵبێننەوە، ئیدی دەبێ، گللەیی چییان لێ بکەین؟!!
با ئێستەش، چاوێ بەو گوتارەدا بخشێنین، کە پێش «7» دانە ساڵ، بەو بۆنەیەوە نووسیمە و لە گۆڤاری «پەربانگ»ی ژمارە «109» سالی «1998»دا بلاوکراوەتەوە، تا بزانین، ئەو دوو پارتە، هەر لە کۆنەوە، بە چ شێوەیە، هەڵسوکەتیان، لەگەڵ کێشە گرنگ و چارەنووسسازەکانی کورددا کردووە؟!!
«بۆرە» و «بازە» هەر دووکیان، هەر ناوی دوو سەگن. بەڵام، کامیان لە کامیان، کلکی درێژتر و لە سەر شانە، ئەوەیان گرنگە. چونکە، لە کۆمەڵی کوردەواریی کۆندا، ئەو سەگەی کلکی لە سەر شان بووایە، بە ڕاست و بە چەپ، وەک پاوەشێن رایوەشاندایە، ئەوە، بە سەگێکی باش و زۆر پەسەند دادەنرا!
منیش، لە بەر ڕۆشنایی ئەو پەندە کوردییە ڕەسەنەدا، «سەددام حوسێن»م بە ناوی یەکەم و «ئەحمەد چەلەبیی»شم، بە ناوی دووەم سەگەوە ناونابوو.
مەبەستیشم ئەوەبوو، هەر دووکیان هەر داگیرکەرن، بەڵام، کامیان پتر بۆ کورد باشترە و دان بە مافە ڕەواکانیدا دەنێ، ئەوەیان لای من بایەخی پتر هەیە.
ئەگینا، گەر هەر دووکیان وەک یەک، دژایەتی کورد بکەن، وەک یەک، ڕۆڵەکانی کورد سەربڕن، ئیدی، جیاوازییان بۆ منی کورد چییە، گەر یەکێکیان سەرۆک کۆمار و ئەوی دیکەشیان دەرۆزەکار بێ؟!!

کورتەی دەقی گوتارەکە

ئەز، هێندەی لە قسەکانی «چەلەبیی» تێگەیشتم، پیاوێکی زیرەک و بە توانا بوو، شارەزاییەکی تەواویی، لە باری ئەوڕۆی پۆلیتیکی «عێراق، ناوچەکە و جیهان»یشدا هەبوو. بەڵام، دەربارەی کێشەی نەتەوەیی، چارەسەرکردنی گرفتەکانی گەلانی بندەس و مافی چارەنووسی نەتەوەکان، تا بڵێی، لە هۆش و بیردا پێخاوسبوو! جا نازانم، ئەو کاڵفامیی و نەزانییەی لەوەوە هاتبوو، وەک هەموو شۆڤێنیستێکی بەرچاوتەنگی نەتەوەی سەردەس، لە ئاستی کێشەی کورددا، خۆی کەڕ و کوێر کردبوو، یا هەر دەیویست، خۆی وا پیشان

دا، پیارێکی دیمۆکراسیی لیبراڵی سەربەخۆیە و بڕوای بەوە هەیە، چەن گەلێکی دیاریکراو، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی پەرلەمانیی لیبراڵدا، پێکەوە بژین؟!!
بە هەر شێوەیەبێ، هیچ لە باسەکەمان ناگۆڕێ. چونکە، دوکتۆر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، نە دانی بە بوونی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »دا دەنا، نە بڕواشی بە خاکێکی جیاواز هەبوو، ناوی « کوردستان » بێ و نە هیچ مافێکیشی پێ ڕەوادەبینی. با لێرەدا، چەن نموونەیەک، لە سەر دید و بۆچوونەکانی، فەیلەسوف و پێشـــــەوای دوارۆژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی « عێراق » بێنمەوە.
دوکتۆر، هەر لە سەرەتاوە، وەک بەڕوو لە دەمیدا تەقیبێتەوە، بە گرفتەکانی گەلی « عێراق » و « باکووری عێراق » دەسپێکرد. کەم جار هەبوو، زمانی تەتەڵەبکا و ناوی « کوردستانی عێراق »، لە دەمی دەرچێ. مەگەر، لە بەر دڵی برا کوردەکەی تەنیشتی، دوکتۆر « لەتیف ڕەشید »، ئەندامی ســەرکردایەتی « یەکێتی نیشتمانیی کوردستان » و جێگری سەرۆکی « INC » بووبێ، چەن جارێ، ووشەی « کوردستان »ی بە دەمدا هاتبێ! ئەگینا، زۆربەی جـار، هەر « باکووری عێراق »ی بەکاردەهێنا. بە کورتیی دەتوانم، دید و بۆچوونەکانی دوکتۆر، لە چەن ڕستەیەکدا چڕکەمەوە:
ئەوەی لای ئەو گرنگبوو، بەرژەوەندیی خۆی، « INC » و گەلی « عێراق » بوو، ئەویش، خۆی لە ڕووخاندنی ڕژێم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیمۆکراسییدا دەنواند. لە باسی مافەکانی گەلی کورددا، باسی مافی چارەنووسی کرد، بە مەرجێ ئەو مافە، لە چوارچێوەی سنووری « عێراق » دەر نەچێ، ڕێز لە یەکێتی خاکەکەی بگیرێ و پارێزگاریی یەکێتی خاکی « عێراق » بکرێ. بە تەواویی تێ نەگەیشتم، ئەو « فیدراڵیی »یەی، بە گەلی کوردی « باشووری کوردستان »ی ڕەوا دەبینی، ڕەنگ و ڕووی چۆن بوو!
لە وەڵامی چەن پرسیارێکدا، دەربارەی نێوچەکانی « کەرکووک، خانەقین، زەنگار ... تاد »، زۆر بە ڕاشکاویی گوتی: هەرچەندە، زۆربەی دانیشتووانی ئەو نێوچانە، لە کورد پێکهاتوون، بەڵام، من ناتوانم، بڵێم ئەو نێوچانە، بەشێ لە « کوردستان » پێکدێنن. بەڵکوو، بەشێکن لە « عێراق ». بەڵگەشی ئەوەبوو، گوایە، لەو نێوچانەدا، هەر کوردی تێدا ناژی، بەڵکوو « عەرەب، توورکمان، کلدان، ئەرمەن و ئاشووریی »شی تێدا دەژی. هەروەها گوتی: لە « بەغدا »ش، نزیکەی یەک میلیۆن کورد هەیە، لەبەرئەوە ناتوانین، شـاری « بەغدا »ش، بە شارێکی عەرەبیی دانێین، بەڵکوو، شارێکی « عێراق »ە!

پاشان، چەن نموونەیەکی لە سەر « ڕووسیا » و « ئەمێریکا » هێنایەوە، کە لە ڕاستییدا، فڕی بە سەر باسەکەوە نەبوو، بەڵکوو پتر، بۆ خۆقوتارکردنبوو. دوکتۆر، بە هیچ شێوەیە، جیاوازیی لە نێوان گەلانی « عێراق »دا نەدەکرد. لەبری ئەوەی، زاراوەی گەلانی « عێراق » بەکاربێنێ، تەنیا هەر، زاراوەی گەلی « عێراق »ی بەکاردەهێنا!

بەپێی زانستی جوگرافیای ڕامیاریی، فاکتەرەکانی هێزی دەوڵەت و بنەما سەرەکییەکانی جیۆپۆلیتیک، بەکارهێنانی زاراوەی گەلی « عێراق »، لە جێی خۆیدا نییە. چونکە، « عێراق » دەوڵەتێکی ناسیۆنال نییە. واتە: هەموو دانیشتووانی « عێراق »، لە یەک گەلی هاوڕەنگ و هاوڕەنگ پێک نەهاتووە. بەڵکوو، دەوڵەتێکی تێریتۆریاڵە. واتە: لە چەن کەمینەیەکی نەتەوەیی، گەل و نیشتمانێکی جیاواز پێکهاتووە. تەنانەت « عەبدولکەریم قاسم »یش، ڕۆژی « 27. 07. 1958 »، واتە: تەنیا سیازدە ڕۆژ، بە سەر کودەتاکەیدا تێپەڕبوو بوو، ئەم ڕاستییەی ڕاگەیاند و لە دەستووری ئەو کاتەی « عێراق »دا نووسی: (عێراق نیشتمانی هاوبەشی عەرەب و کوردە)«17،1».

ئاشکرایە، ئیمپریالیزمی « بریتانیا »، ساڵی « 1923 »، دەوڵەتی « عێراق »ی دروستکرد. « خوارووی کوردستان »ی، بە زۆر، بە « عێراق »ەوە لکاند، کە تا ئەوڕۆش، ئەو پێکەوەلکاندنە هەر بەردەوامە! جگە لەوەش، ناکۆکیی و پشێویش، لە نێوان گەلانی « عێراق »دا لە ئارادایە. تەنانەت شا « فەیسەڵ »، پتر لە شەست ساڵ لەمەوبەر، لە یاداشتە نهێنییەکانی خۆیدا نووسیویتی: (تا ئێستە، شتێ نییە، ناوی گەلی « عێراق » بێ. کە ئەمە دەڵێم، بەژارە دڵم دەجنێ. ئەوەی هەیە، جەماوەری زۆری خەڵکانێکە، مرۆڤ ناتوانێ، وەبەر زەینی خۆی بدا. دڵیان لە هەستی نیشتمانیی خاڵییە، بەڵام، سنگیان لە نەریتی ئایینیی و هیچوپووچ پڕە، هیچ پێوەندییەک پێکیانەوە نابەستێ. گوێڕایەڵی لایەنی شەڕن و بەرەو ئاژاوە ملدەنێن، لە هەموو میرییەک وەڕسن، هەر جی چۆنێبێ. ئێمە گەرەکمانە، لەم جەماوەرە، « گەل »ێک پێکبێنین، ڕایبێنین، فێریکەین و خاوێنیکەینەوە. بارەکە وابێ، ئەو هەوڵەی دەبێ، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بدرێ، ناشێ بشێ، بە بیری کەسدا بێ.) «252،3».

لەبەرئەوە، لە ڕووی زانست و لۆژیکەوە، « عێراق » دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمانە، لە دوو گەلی سەرەکیی عەرەب و کورد، چەن کەمینە نەتەوەییەکی وەک: « توورکمان، کلدان، ئەرمەن و ئاشووریی » پێکهاتووە. لە ڕووی جوگرافیاوە، لە دوو نیشتمانی جیاوازی وەک « عەرەبستان » و « باشووری

کوردستان » دروستبووە. لە دوای یەکەمین جەنگی جیهان، ئیمپریالیزم، ئەم دوو گەل و دوو نیشتمانە جیاوازەی، لە نەتەوە و نیشتمانە گەورە ڕەسەنەکەی خۆیان دابڕی. بۆیە، هەر وەک چۆن، گەلی عەرەب لە « عێراق »دا، بە بەشێ لە نەتەوەی عەرەب و « عەرەبستان »یش، بە پارچەیە لە نیشتمانە پانوبەرینەکەی عەرەب دادەنرێ، بە هەمان شێوەش، گەلی کورد لە « عێراق »دا، بە بەشێ لە نەتەوەی کورد و « باشوور »یش، بە پارچەیە لە « کوردستان »ی نیشتمانی کورد دادەنرێ. ئەمە وەک ڕاستییەکی مێژوویی و جوگرافیایی، هیچ جۆرە دەمەتەقێ و گۆڕانکارییەک هەڵ ناگرێ، مەگەر چەن شۆڤێنیستێکی عەرەبی وەک ئاغای « چەلەبیی » و « سەددام »، بەر ڕاستیی و لۆژیکە قەڵسبن و ڕەتیکەنەوە، « عێراق » وەک دەوڵەتێ، بە عەرەب، کورد و هەموو کەمینە نەتەوەییەکانییەوە، بە بەشێ لە نیشتمانی عەرەب دانێن!

بۆیە، هەرگیز شتێ نەبووە، نییە و ناشبێ، ناوی گەلی « عێراق » بێ! لەبەرئەوە دەبێ، لە خۆمانەوە دەسپێبکەین و لەبری زاراوەی گەلی « عێراق »، زاراوەی گەلانی « عێراق » بەکاربێنین.

زاراوەی گەلی « عێراق، ئێران، توورکیا، یۆگۆسلاڤیا، ئەسیوبیا، سۆڤیت ... تاد »، لە بنەڕەتدا، دوو لایەنی دژ بە یەکی، وەک ئیمپریالیزمی « ئینگلیزیی » و « کۆمۆنیست »ەکان، لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا دایانڕشتووە. تا، ئەو گەلانەی لە بن دەسیاندا بوون، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتماندا کۆیانکەنەوە. بۆ نموونە:

« یەکێتی سۆڤیت »، پتر لە سەد نەتەوە، گەل و کەمینەی نەتەوەیی تێدا دەژیا، کەچیی، هەر دەیانگوت: گەلی « سۆڤیت » و بە گەلانی « سۆڤیت » ناویان نەدەبردن. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی « عێراق »یشەوە، کاربەدەسانی « ئینگلیز »، ئەم زاراوەیەیان داناوە و تا ئەوڕۆش، هەر بە هەڵە بەکاردێنرێ. ئێستە، کاتی ئەوە هاتووە، ئەو هەڵەیە ڕاستکرێتەوە. چونکە، گەر هەر کەسێ، باوەڕ بەوە نەکا، « عێراق » لە چەن گەل و کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز پێکهاتووە، واتای ئەوەیە، دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەل و کەمینەکاندا نانێ، هەموشیان، تەنیا هەر بە عەرەب دادەنێ!

کەچیی، دوکتۆر لەبەرئەوەی تا ئێستە، کەس ئەم ڕاستییانەی بە گوێدا نەدا بوو، گوتی: ئەم قسانە هی نەتەوەییەکانە. گەلی « عێراق »، هەر یەک گەلە و جیاوازیی لە نێوانیاندا نییە. جگە لەوەی، بە ئاشکراش خۆی هەڵدەخەڵەتاند و نەیدەزانی، بیروباوەڕە شۆڤێنییەکانی خۆی، چۆن لێفەپۆشکا! لە هەمان کاتیشدا دەیویست، بە زانیارییە ناڕاستەکانی، گوێی بەشدارانی کۆڕەکە

بناخنێ و باوەڕیان پێ بێنێ! تەنانەت، چەن نموونەیەکی لە سەر هەر دوو گەلی « ڕووس » و « ئەمریکا » هێنایەوە، بە هیچ جۆرێ، لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکان و مەبەستە سەرەکییەکەی خۆشیدا نەدەگونجا!
بەڵام بە داخەوە، لە کاتێکدا ئاغای « چەلەبیی »، ئەم مرواریی و گەوهەرانەی هەڵدەڕشت، میکرۆفۆنەکە، بە دەس خۆیەوە بوو، بە ئارەزووی دڵی خۆی، زانیاریی ناڕاستی بڵاودەکردەوە، لەوە پتر ڕێگەیان نەدەدا، وەڵامبدرێتەوە و ڕاستییەکان بۆ ئەویش و بەشدارانی کۆڕەکەش ڕوونکرێتەوە. ئەگینا، ئەو کەسەی کەمێ شارەزایی، لە کێشەی نەتەوەیی و پێکهاتەی دەوڵەتەکانی جیهاندا هەبێ، بە ئاسانیی دەزانێ، « ڕووسیای فیدراڵ »ی ئەمڕۆ، دەوڵەتێکی ناسیۆنال نییە، بەڵکوو، لە چەن گەل و کەمینەیەکی نەتەوەیی پێکهاتووە، هێندێکیان « فیدراڵیی » و هێندێکی دیکەشیان « ئۆتۆنۆمیی »یان هەیە. کە دەشگوترێ گەلی « ڕووس »، تەنیا مەبەست لە گەلی « ڕووس » خۆیەتی، نەک هەموو ئەو گەلانەی، لە چوارچێوەی دەوڵەتی « ڕووسیای فیدراڵ »دا دەژین. چونکە، کەس نالێ گەلی « ڕووسیا »، بەڵکوو دەڵێن، گەل یا نەتەوەی « ڕووس »، لەبەرئەوەی « ڕووسیا »، ناوی خاک و دەوڵەتەکەیە و « ڕووس »یش ناوی نەتەوەکەیە.
گەلی « ئەمریکا »ش، هەر کەسێ دەربارەی دۆزینەوە و ئاوەدانکردنەوەی کیشوەری « ئەمریکا »، کەمێ زانیاریی هەبێ، هەرگیز ئەو وێنانە ناکا. چونکە خاکی « ئەمریکا »، جگە لەوەی، لە سەردەمێکی کۆنەوە، نیشتمانی ڕەسەن و دێرینی « هیندیی »یە « سوور »ەکان بووە، لە لایەن چەندین گەلی « ئەورووپایی، ئاسیایی و ئەفریکایی »شەوە ئاوەدانکراوەتەوە. واتە: وڵاتی پەنابەرانی گەلانی جیهانی جیاوازە و هەر یەکەیان، لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا، کۆچیانکردووە و لەوێ نیشتەجێبوون. هەر گەلەشی، زمانی تایبەتیی خۆی هەبووە و تا ئەمڕۆش، هێندێکیان هەر پاراستوویانە. بەڵام، لە ئەنجامی پێکەوە ژیانی هاوبەشی پتر لە دوو سەدە، پێداویستییەکانی ژیان و ئەو سیستێمە دیمۆکراسییەی، هەر لە کۆنەوە، لە « ئەمریکا » پێڕەوکراوە، هەر لە سەرەتای ڕۆژەکانی داگیرکردنی « ئەمریکا »وە، لە لایەن « بریتانیا »ی گەورەوە، زمانی ئینگلیزیی، وەک زمانی دەوڵەت و زمانی هاوبەش، بە سەر هەموو ئەو گەلە کۆچکردووانەدا خۆی سەپاندووە.
بۆیە، گەلی « ئەمریکا »، باروودۆخێکی تایبەتیی هەیە و گەلێکی هاوئاهەنگ نییە. (دەوڵەتە « ئەمریکایی »یەکان، لە باروودۆخێکی جوگرافیایی، مێژوویی، کۆمەلایەتیی تایبەتیی و بەدەگمەنی وادا درووستبوون ... زۆربەی زۆری

-انیشنووانی، له کۆچبەران پێکهاتوون. له وڵاته جیاوازەکانی جیهانەوه چوونەته ئەوێ و لەگەڵ خۆیاندا، زمان، دابونەریت و خەسڵەته نەتەوەییەکانی خۆیان گواستۆتەوه. لەبەرئەوه، وڵاتەکانی «ئەمریکا»، وەک بۆتەیەکی لێهاتووه، گەله جیاوازەکان، به رێژه و چۆنێتی جیاواز، تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکدی بوون و تواونەتەوه.)«66،5»

جا وا دیاره، ئاغای «چەلەبی» ش دەیویست، گەلی کورد و کەمینه نەتەوەییەکانی دیکەی «باشووری کوردستان» یش، له ژێر ناوی گەلی «عێراق» و له بۆتەی گەلی عەرەبدا بتوێنێتەوه!!! لەوه دەچێ، جیاوازیی له نێوان گەله کۆچکردووەکانی «ئەمریکا» و گەلی کورددا نەکا، که ئەو گەلانەی «ئەمریکا»، خاکی خۆیان نەبووه و کۆچکردووبوون. بەڵام، ئەرەتەی نەتەوەی کورد هەیه، له «کوردستان» ەکەی خۆیدا دەژی؟!! یا، وا دیاره، ئەمیش وەک «بەعسیی» یه «عەفلەقیی» یه شۆڤێنییەکان، کورد به کەمه نەتەوەیی و میوان، خاکی «کوردستان» یش، به پارچەیه له نیشتمانی عەرەب دەزانێ! بۆیه پێویسته، له بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا بتوێنەوه. چونکه، له خاڵی «11» ی دەستووری پارتی «بەعس» دا، دەربارەی کەمینه نەتەوەییەکان و گەلی کورد نووسراوه:(ئەوەی باسی کۆمەڵه رەگەزێکی دیکەی جیاواز بکا، یا، دژی عەرەب کاری تێدا بکا، یا، بۆ مەبەستێکی داگیرکەرانه هاتبێته نیشتمانی عەرەب، له وڵاتی عەرەب بەدەردەنرێ.)«8،4»

دەربارەی کێشەی «کەرکووک» و نێوچەکانی دیکەی «کوردستان» یش، گەر ئەوڕۆ، پیاوێکی وەک «چەلەبی»، بەر هەموو بێ دەسەڵاتییەی خۆیەوه، «کەرکووک» به «کوردستان» نەزانێ، ئایا، له پاشەڕۆژدا دەتوانێ، به شێوەیەکی ئاشتییانه و دیمۆکراسییانه، ئەو کێشه گەورەیه چارەسەرکا؟*

ڕاسته، تا کورد له چوارچێوەی کۆماری «عێراق» دا بژی، «کەرکووک»، هەر وەک شارێکی «عێراق» تەماشادەکرێ. بەڵام پێویسته، سنووره جوگرافیایی و ڕوخساره نەتەوەییەکەی، هەر له ئێستەوه دیاریبکرێ. چونکه، یەکێ له پرینسیپه هەره گرنگەکانی سیستێمی «ئۆتۆنۆمیی ـ فیدرالیی» ئەوەیه، دەبێ، جوگرافیای هەرێمه جیاوازەکان و سنووری ڕامیاریی، هەر نێوچەیەکی «ئۆتۆنۆمیی»، یا هەرێمێکی «فیدرالیی» دەستنیشانکرێ. ڕاسته، له پارێزگەی «کەرکووک»، جگه له کورد، هێندێ کەمینەی نەتەوەیی وەک. «عەرەب، تورکمان، کلدان، ئەرمەن و ئاشووریی» شی لێ دەژین، بەڵام، ئەمه ئەوه ناگەیەنێ، ئیدی ناسنامەی نەتەوەیی پارێزگەی «کەرکووک»، هێنده ئاڵۆز و قورسبێ، به هیچ شێوەیه دیاریی نەکرێ!

بەڵێ ڕاستە، وەک هەموو شارێکی دیکەی ئەم جیهانە، چەن کەمینەیەکی نەتەوەیی، لە شاری « کەرکووک »یش دەژین. بەڵام، هەر وەک چۆن، هەر دوو شاری « مەککە » و « مەدینە »، بە دوو شاری « عەرەبستانی سعوودیە » دادەنرێن، هەموو بەڵگە و ڕاستییە مێژوویی و جوگرافیاییەکانیش، ئەوە دەسەلمێنن: « کەرکووک »یش شارێکی « کوردستان »ە.
هەروەها، جگە لەو عەرەبانەی، لە دوای یەکەمین جەنگی جیهان، لە سنووری پارێزگەی « کەرکووک »دا نیشتەجێکراون، « باشووری کوردستان » بە نیشتمانی، هەموو ئەو کەمینە نەتەوەییانەش دادەنرێ، کە لە مێژوویەکی کۆنەوە، تێیدا ژیاون و ئێستەش تێیدا دەژین. کەواتە: هەر وەک چۆن، گەلی کورد لە « باشوور »دا، بە بەشێ لە گەلی « عێراق » دانانرێ، هەروەها، ئەوانیش بەشێ لە گەلی « عێراق » پێک نایێنن. وەک ئاغای « چەلەبی » دەیەوێ، ڕاستییەکان چەواشەکا!
دوکتۆر، لەبەرئەوەی، دان بە « کوردستانێتی » شاری « کەرکووک » و نێوچەکانی دیکەی « باشوور »دا نانێ، خۆی دەخەڵەتاند. خەریکبوو، چارەنووسی شارێکی وەک « بەغدا »شی، دەخستە مەترسییەوە. ئاخر، گەر بەو شێوەیە، چارەسەری گرفتەکانی گەلانی « عێراق » و دەوڵەتی پاشەڕۆژی « عێراق » بکا، دیارە، سەرۆک و سەرکردەیەکی زۆر دڵسۆز، کارامە و بەرچاو ڕوونە، مانگە شەویش، هەر سەر لە ئێوارە دیارە!
بە لای منەوە، دوژمنی ئاشکرا، گەلێ لە دوژمنی شاراوە باشترە و مەترسیی کەمترە. چونکە، دوژمنێ بە ناوی دۆستایەتی گەلی کوردەوە، لە ڕیزەکانی گەلدا خۆی حەشاردا، مەترسیی لە دوژمنێکی ئاشکرا گەلێ زیاترە. بۆ نموونە: « سەددام »، بە ئاشکرا دژایەتیماندەکا، دەمانکوژێ، ڕاماندەگوێزێ، ئەنفالماندەکا، کیمیاباران و ژاربارانماندەکا، « کەرکووک » و هەموو نێوچەکانی دیکەی « باشوور »، بە خاکی عەرەب دادەنێ. بەڵام، وەک دەڵێن: ئاغای « چەلەبی »، گوورگە و لە پێستی مەڕدا، خۆی حەشارداوە! جا ئەوە ئەورۆ، تەنیا لە سەر پارەوپوڵی « ئەمێریکا » و « بریتانیا »ی ئاغای دەلەوەڕێ، نە لە « عێراق » و نە لە « کوردستان »، خاوەنی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی « ڕامیاریی، سەربازیی و ئابووریی » نییە. قسەی تا بەر لووتی خۆی پتر برناکا، کەچیی، خاوەنی ئەو بیرە پووچ و دیدە گەندەڵانەیە، بەو شێوەیە دەدوێ و دەیەوێ، بە فشەمافێ هەڵمانخەڵەتێنێ. ئەدی خوا نەخواستە، گەر سبەینێ، دەسەڵات پەیداکا و تەنیا هەر خۆی، بکوژ و ببڕبێ، دەبێ، لە ژێر چارشێوی دیمۆکراسیی و دەوڵەتی لیبراڵدا، چی بە سەر گەلی

کورد بێنێ؟ تۆ بڵێی، ئەم جارەشیان سەد ڕەحمەت، بۆ گڵەنزی پێشوو بنێرین؟!! من وەک کوردێ، بە لامەوە گرنگ نییە، کێ لە « بەغدا » فرمانڕەواییدەکا، بەڵام، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، پێویستە ئەو کەسە، دان بە هەموو مافە نەتەوەییە ڕەواکانی، گەلی کورددا بنێ، وەک دەڵێن: « با بڕە نەبڕ، بازە بێ، بەڵام، گلکی بە ئەندازە بێ !»

ئەز، گلەیی لە دوکتۆر ناکەم. بەڵام، ڕەخنەیەکی گەورە، ئاراستەی سەرانی کورد دەکەم. چونکە، پێش ئەوەی، لە سەر مافە ستراتیژییەکانی گەلی کورد، لەگەڵ ئەو پیاوەدا ڕێککەون، دەبووایە، هەموو ئەو پارتە « کوردستانیی »یانەی بەشدارییان لە « INC »دا کردووە، هەر لە سەرەتاوە، هەموو شتێکیان لەگەڵدا یەکلاییکردایەتەوە، نەک هەموو کێشە گرنگ و ستراتیژییەکان، بۆ پاشەڕۆژێکی نادیار هەڵگرن. وا دیارە، ئەو گێژ و گێژەڵە رامیارییانەی کورد، پەندیان لە ڕێککەوتننامەی « 11/مارس/1970 » وەر نەگرتووە و هەرگیزاوهەرگیزیش، گەڵک لە مێژوو وەرناگرن! لەوە دەچێ، کاغەزی سپییان بۆ واژووکردبێ، بە سەرۆکی خۆیان و هەموو گەلانی « عێراق »یشیان دانابێ. بۆیە، ئەویش وا بە ئاشکرا، ئەو هەموو بیروباوەڕە شۆڤێنیستانەیەی، بە سەر گوێگراندا هەڵدەڕشت، یەکێ لە نوێنەرەکانی « یەکێتیی » و « پارتیی »ش، وەڵامێکیان نەدایەوە! تەنانەت، دوکتۆر « لەتیف ڕەشید »، لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، لەو بارەیەوە دەنگ لە بەردەوە هاتبێ، دەنگ لەو پیاوەوە نەهاتووە! بە داخەوە، نوێنەرانی هەر دوو زلهێزە « کوردستان » وێرانکەرەکە، لە تاو یەکدی سڕینەوە، لە بەر هەڵپەی پارە و دەسەڵات، کێشە ستراتیژیی و مافەکانی گەلی کوردیان لە بیرکردووە. لە بری ئەوەی، داکۆکیی لە مافەکانی گەلی کورد بکەن، جلە کۆنە چڵکنەکانی خۆیان، بە تەنافی بریقەداری ئاغای « چەلەبیی »دا هەڵدەواسی و تەنیا، لەو بوارانەدا قسەیاندەکرد، کە پێوەندیی بە ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە هەبوو، وەک ئەوەی، کێشەی کورد، تەنیا لە ڕێکخراوەکەی خۆیاندا ببینن، شتێ نەبێ، ناوی گەلی کورد بێ، بەڵکوو، لە « کوردستان »، دوو گەلی جیاوازی « پارتیی » و « یەکێتیی » هەبێ!

پێویستە، سەرانی « پارتیی » و « یەکێتیی » بە تایبەتیی، گەلی عەرەبی « عێراق » و گشت گەلانی دیکەی جیهان بە گشتیی، ئەو ڕاستییە باش بزانن، کێشەی کورد، هەر وا کێشەیەکی لاوەکیی زادەی بیری چەن سەرکردە و چەن ڕێکخراوێکی ڕامیاریی « کوردستان » و « عێراق » نییە، بە ئارەزووی چەن کەسێ دروستبووبێ، بەڵکوو، کێشەی نەتەوەیەکی پتر لە چل میلیۆن مرۆڤە، کێشەی نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراوە، لە هەموو جۆرە

مافێکی نەتەوەیی و دیمۆکراسیی بێ بەشکراوە، کێشەیەکی نەتەوەیی و رامیارییە، پێویستی بە چارەسەرێکی بنەڕەتیی ئاشتییانە و دیمۆکراسییانە هەیە، تەنیا خۆشی لەوەدا دەبینێ، هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بێ جیاوازیی، دان بە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، سەربەخۆیی رامیاریی، ئابووریی تەواوی « کوردستان » و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی « کوردستانیی »دا بنێن. هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان، پێشکەتووخواز و دڵسۆز، بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی، پێویستە، دان بەو مافە سەرەکییانەی نەتەوەی کورددا بنێ.

ئەمە وەک پرینسیپێکی سەرکیی و تیۆریی، لە ڕووی مافی چارەنووسی نەتەوەکانەوە، هیچ جۆرە چەن و چوونێ هەڵ ناگرێ. بەڵام، گەر تەماشایەکی باروداخی ئەورۆی « کوردستان » و ڕەوشی « رامیاریی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی » ڕێکخراوەکان و نەتەوەی کورد بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، لە ڕووی پراکتیک، توانا و دەسەڵاتەوە، ئەورۆ، ئەو توانا گەورەیەمان نییە، تا لەم قۆناغەدا، ئەو ئامانجە ڕەوا پیرۆزە نەتەوەییانە بەدەستبێنین. بۆیە پێویستە، لە هەموو پارچەکانی « کوردستان »دا، لە مافی « فیدراڵیی » کەمتر داوا نەکرێ، # لەگەڵ هێزە بەر چاو ڕوونەکانی ئۆپۆزیسیۆنی گەلانی سەردەستەی ئەو دەوڵەتانەدا هەوڵبدرێ، دەوڵەتێکی دیمۆکراسیی فیدراڵیی دامەزرێنرێ، بە مەرجێ، دان بە هەموو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بنێن، کە لەم قۆناغەدا، خۆی لە مافی « فیدراڵیی »دا دەنوێنێ. بە تایبەتیی، ڕۆژی « 19 .05 .1992 »، پەرلەمانێکی « شەرعیی »، لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلەوە لە « باشوور » هەڵبژێردراوە. (لە « 4/ئەکتۆبەری/1992 »شدا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، بڕیاری لە سەر سیستێمی فیدراڵیی بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا داوە.)«63،2»

بۆیە، هەر کەس و هەر لایەنێکی رامیاریی « کوردستان »، لەو بڕیارە لابدا و لێی پەشیمانبێتەوە، لە سەر مافەکانی گەل، بە تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا، گفتوگۆ و دانوستان بکا، ئەوا، تاوان و ناپاکییەکی گەورە، بەرانبەر نەتەوەی کورد دەکا.

لە کۆتاییدا دەڵێم: گەر ئەورۆ، سەرانی ڕێکخراوە « کوردستانیی »یەکان، لە ئاستی « چەڵەبیی » و هێزە بێ دەسەڵاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی « عێراق »دا نەوێرن، باسی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »دا بکەن، ئەو « فیدراڵیی »یەی خۆیان و پەرلەمانی « کوردستان »، بڕیاریان لە سەر داوە، پێیان بسەلمێنن، ئەدی دەبێ، لە ئاستی دڕندەیەکی وەک « عەلی

کیمیاریی » و پیاوکوژێکی وەک « سەددام »دا، چی بڵێین و داوای چییان لێ بکەن؟! چۆنچۆنی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن؟!! بە چ شێوەیە، ناوی شارەکانی « کەرکووک، خانەقین » و ناوچەکانی دیکەی « باشووری کوردستان » دەبەن؟
وا بزانم، گەر ئەو پیاوانە، بەو شێوەیە ڕەفتاربکەن، کورد پێویستی بەو سەرکردە، ڕووناکبیر و نووسەرانە نییە، کە لە ئاستی داگیرکەراندا بێ دەنگ دەبن و ماتومەلوول ڕاوەستن، ئەتوانن، زار هەڵبێننەوە و داوای مافە ڕەواکانی گەل بکەن. کەچیی، لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا، کاتێ « مەزاد »ی ڕامیاریی، لە سەر کێشەی « کەرکووک » گەرمدەبێ، بۆ ئەوەی، کۆمەڵانی خەڵک لە خشتەبەرن، جەماوەر بە لای خۆیاندا ڕاکێشن، « بارزانیی »، شاری « کەرکووک » بە « دڵ » و « تاڵەبانیی »ش، بە « قودس »ی « کوردستان »ی دادەنێن! دیارە، ئەو جۆرە کەسانە، بۆ یەکدی کوشتن، تاڵانکردن، ناوبیوکردن و کاولکردنی « کوردستان »، لە شێر بە هێزتر، لە پڵنگ بە هەڵمەتر و لە ڕێوی زۆرزانترن، بەڵام، لە ئاستی دوژمنە سەرەکییەکانی نەتەوەی کوردیشدا، لە مەڕ هەژارترن و زار لە دەمیاندا نییە!
ئەوڕۆ، کاتی ئەوە هاتووە، لە ڕاستیی، دروستیی و ڕەوایی کێشەکەمان، گەلانی دراوسێ و جیهان تێبگەیەنین، بە ڕاشکاویی، هەموو داخوازییەکانی نەتەوەی کوردیان بۆ باسکەین، تا وردەوردە، گوێیان بەو داخوازییە ڕەوایانەی نەتەوەی کورد ڕابێنین. لە هەمان کاتیشدا، کاتی ئەوە هاتووە، گەلانی دراوسێشمان، چاوێ بە باوەڕ، نەخشە و پلانەکانی خۆیاندا بخشێننەوە، خۆیان، لە هەموو بیدیکی شۆڤێنیستانەی نەتەوەی باڵادەس ڕزگارکەن، تا هەموو پێکەوە، بە ئازادیی و بەختەوەریی، وەک مرۆ بژین، دەوڵەتە هاوبەشەکانمان ئاوەدانکەینەوە و کاروبارەکانیشی، بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرین، گەر بە ڕاستیی، دەوڵەتەکانی « تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا »، وەک چوار دەوڵەتی فرە نەتەوە و نیشتمان وان، بە لانە و نیشتمانی هاوبەشی ئەو گەلانە دادەنرێن؟!! ئەگینا، با لەوە پتر، نە خۆمان هەڵخەڵەتێنین و نە کوڕی کوردیش، لە پێناوی برایەتی درۆزنانەی گەلانی بندەس و سەردەسی ئەو چوار دەوڵەتەدا، بە کوشت بدەین!

ستۆکهۆڵم
1997. 11. 01

* * *

تێبینییەکان :

* ڕۆژی « 1999.07.03 »، لە « قەڵاچوالان »، چاوم بە « جەلال تاڵەبانیی » کەوت، دەربارەی کێشەکە و هەموو بۆچوونەکانی دوکتۆر « چەلەبیی »، کورتەیەکم بۆ باسکرد. کەچیی گوتی: نەک هەر ئەو، بەڵکوو، « ئەیاد عەلاویی »ش، دان بە « کوردستانێتیی » شاری « کەرکووک »دا نانێ!

ئاخر، ئەو « عەلاویی »یە شۆڤێنیی و کۆنە « بەعسیی »یەی، ئێستە سەرۆک شالیارانی « عێراق »ە، هەر دوو سەرکردەی پارتی گەورە و دەسەڵاتدار « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، دەنگیان بۆ داوە و ڕێزی لێ دەگرن! جا ئیدی، ئەمە شتێ نییە، پێشەکیی ئەیانزانیبێ، ئەو سەرە شۆڤێنیستانە، دان بە « کوردستانێتیی » خاکی « کەرکووک »دا نانێن! بەڵام، کارێکی زۆریان بۆ نەکردووە و بایەخیان پێ نەداوە، هەر وەک ئەوڕۆ دەبینین، بە چ شێوەیە، بایەخ بە شاری « کەرکووک » دەدەن، مەگەر بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن، باسیبکەن!!!

دوای حەوت ساڵ، « حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران »، ساڵی « 2004 » و لە کۆنگرەی سیازدەیاندا، خۆشبەختانە، وازیان لە دروشمی کۆنی « ئۆتۆنۆمیی » هێنا و دروشمی « فیدراڵیی »یان بەرزکردەوە. هەر چەندە، ماوەی پتر لە نیو سەدە دەبێ، ئەو دروشمەیان بەرز کردبۆوە، بەڵام، هەر وەک پەندە « ڕووسیی »یەکە دەڵێ: گەر بشەوێ، کارێکی نوێ دەستپێبکەی، هەرگیز درەنگ نییە!

سەرچاوەکان :

1. جمال نبز، حول المشكله الكرديه، 1969.
2. دوکتۆر حوسێن محەممەد عەزیز، فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چ1، سوید، 1996.
3. جمهوريه الخوف، الترجمه الكامله سمير الخليل و احمد رائف، دار الخيل للطباعه و النشر و التوزيع، اثينا ـ اليونان، 1996.
4. دستور حزب البعث العربی، مطبعه الاعتدال، دمشق.
5. ساطع الحصری، ما هی القومیه؟ بیروت، نیسان1985.

کورتەیەکی دەقی گوتارەکە

بۆ ئەوەی، فایلێکی تایبەتیی، بۆ گرفتە ڕامیارییەکانی ڕاگواستن و بە عەرەبکردنی شاری « کەرکووک » بکەینەوە، بە مەرجێ، ئەو فایلە، لە ئاستی پێویستدابێ و ئامانجەکانی خۆی بەدیبێنێ، پێویستی بە هەوڵێکی زۆر و بەتەنگەوەهاتنێکی دڵسۆزانە هەیە.
گەر بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵبدەین، سەرچاوەیەکی زۆر کۆکەینەوە، چ بە شێوەی نووسراو و بەڵگەنامەکان بێ، چ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگوێزراوەکاندا بکرێ، بە مەرجێ، هەمووی بە کامێرای ڤیدیۆ تۆمارکرێ، ئەوا لە ئایندەدا، ئەو فایلە کەڵەدەکرێ.
لێرەدا، تێبینییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە: گەر تەنیا هەر، مەبەست لە فایلی « کەرکووک »، بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی پارێزگەی « کەرکووک » و نێوچەکانی سەر بەو شارە بێ، ئەوا، ناوەکە لە جێی خۆی دایە. بەڵام، گەر مەبەست، لە هەموو نێوچە بەعەرەبکراو و ڕاگوێزراوەکانی « کوردستان » بێ، ئەوا ئەو ناوە، لەگەڵ مەبەستەکەماندا ناگونجێ. بەڵکوو؛ باشتر وایە: یا فایلێکی گشتیی، بۆ هەموو نێوچە بەعەرەبکراوەکانی « کوردستان » بکرێتەوە، یا هەر نێوچە و شارێ، فایلێکی تایبەتیی هەبێ، وەک: « فایلی کەرکووک، فایلی خانەقین، فایلی شەنگار ... تاد »
بۆ ڕێوشوێن و شێوازی کارکردنی فایلەکەش، ئەز پێشنیازدەکەم، لە خۆمانەوە دەستپێبکەین و بەم شێوەیەی لای خوارەوە بێ:
1. بۆ کارێکی نەتەوەیی وا چارەنووسسازانە و ستراتیژییانە پێویستە، هەموو ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانی « باشووری کوردستان »، یەکدەنگ و یەکگرتووبن. ئەم کارە، بە تەنیا، بە هیچ لایە جێبەجێ ناکرێ. بەڵکوو، بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی، هەموو گەلی کورد لە « باشوور »دا و ڕێکخراوەکانی بەدیدێ.
2. هەموو لایەنە کوردییەکان، لە کردنەوەی ئەو فایلەدا بەشداربن. کۆمیتەیەکی تایبەتیی هەبێ، لە سەر جۆری زانیارییەکان ڕێککەون و بڕیاری لە سەر بدەن.
3. ئاشکرایە، کورد بۆ خۆی هیچ جۆرە بەڵگەیەکی مێژوویی پێویست نییە، تا بیسەلمێنێ، « کەرکووک » شارێکی « کوردستان »ە. بۆیە، نووسین و بەڵگەکان دەبێ، لە ئاستێکی بەرزی « مێژوویی، جوگرافیایی، ڕامیاریی و کەلتووریی »

ئەوتۆدا بێ، باوەڕ بە دۆست و دوژمنەکانمان بێنێ. لە « سۆز، قسەی بازاڕی، گاڵتەجاڕی، پلارتێگرتن، درۆودەلەسە » بە دووربێ. بە شێوەیەکی جوان، ئەکادیمییانە و بە زمانی سەردەم بنووسرێن و پێشکەشکرێن.

4. پێویستە، هەموو ئەو زانیارییانەی کۆدەکرێنەوە، لە دووتوێی نامیلکەیەک یا پەرتووکێکدا تۆمار و چاپکرێن. بە زمانەکانی « کوردیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی و فرەنسیی » بڵاوکرێنەوە.

5. کەڵک لە هەموو سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژوویی، جوگرافیایی، بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکانی، هەر دوو دەوڵەتی « عێراق » و « بریتانیا »، لە سەردەمە جیاوازەکاندا و ناسەوارەکان وەرگیرێ، تا مێژوویەکی بێرین و ڕاستەقینەی شاری « کەرکووک » و نێوچەکانی دەوروبەری، ژمارەی دانیشتووان، پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕێژەی هەر گەل و کەمینەیەک دیاریبکرێ.

6. کەڵک لە هەموو سەرژمێرییە گشتییەکانی دەوڵەتی « عێراق » بە گشتیی و سەرژمێری ساڵی « 1957 » بە تایبەتیی وەرگیرێ، وەک بنچینەیەک، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کورد، بەرانبەر ڕێژەی « عەرەب، توورکمان، ئەرمەن، کلدان و ئاشووریی » مامەڵەی لەتەکدا بکرێ.

7. دوو کۆمیتەی تایبەتیی، لە شارەزایان و پسپۆڕان دامەزرێنرێ. کۆمیتەی یەکەم: بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی هەموو زانیارییەکان بێ. کۆمیتەی دووەمیش: بۆ لێکۆڵینەوە، پوختەکردن، ساغکردنەوە، تۆمارکردن و بڕیاردان، لە سەر ڕاستیی و درووستیی زانیارییەکان دامەزرێنرێ.

8. باشتر وایە، پەرلەمانی « کوردستان »، بڕیار لە سەر دوا ڕاپۆرتی ئەکادیمیی، دەربارەی زانیارییەکانی نێوچە بە عەرەبکراوەکان و ڕاگوێزراوەکان بدا و پشتگیرییبکا، نەک بە ناوی لایەنێکی دیاریکراوەوە بێ.

9. لە ڕاستییدا دەبووایە، پەیمانگەیەکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە، لە دەرکەوتەکانی « بەعەرەبکردن، ڕاگوێزان، بە بەعسییکردن، کیمیاباران، گازی ژاراویی و ئەنفالەکان » دامەزرایە. هەموو دەکۆمێنتەکانی کۆکردایەتەوە، لێکۆڵینەوەی ورد و زانستانەیان، لە سەر بکردایە، ناوبەناو، بە چەن زمانێکی زیندووی گەلانی جیهان، پەرتووکێکیان لێ بڵاوکردایەتەوە.

10. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بزانین، چۆن هەڵسوکەوت، لەگەڵ خۆمان و دەور و بەرەکانمان دەکەین. دوای ئەوەی، گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »، لە سەر هەموو زانیارییەکان ڕێکدەکەون، باشان دەبێ، لەگەڵ کەمینە نەتەوەییەکانی وەک: « توورکمان، ئەرمەن، کلدان و ئاشووریی » قسەبکەین. بەرنامە و پڕۆژەکانیان بۆ ڕوونکەینەوە. بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان، لەو

جێیانەی هەن، ڕەچاوکەین. چونکە، هەرچەندە « کەرکووک » شارێکی دێرینی « کوردستان »ە، بەڵام، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەوڕۆ بە شارێکی فرەنەتەوەیی و تێکەڵاو دادەنرێ. واتە: « کەرکووک » موڵکی هەموو ئەو خەڵکانەیە، کە لە مێژوویەکی کۆنەوە، تێیدا دەژین. بۆیە دەبێ، لەگەڵیاندا ڕێککەوین، تا ئەوانیش، پشتگیریی داواکارییەکانمان بکەن. نەک لە کاتی کۆڵینەوە و بڕیارداندا، بە لای « عەرەب »دا داشکێن. یا، « کەرکووک » بە شارێکی توورکمان بناسێن، وەک هەر لە ئێستەوە، هێندێ ڕێکخراوی شۆڤێنیی و گومانلێکراو، بانگاشەی بۆ دەکەن!

11. هەموو ئەو عەرەبانەی، لە مێژوویەکی کۆنەوە، لە نێو شاری « کەرکووک » و دەوروبەرەکەیدا نیشتەجێکراون و دەژین، تەنیا، بە مەبەستی ژیان و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان، لەو نێوچانەدا گیرساونەتەوە، ڕێژە و ژمارەیان کەمە و هیچ مەترسییەک، بۆ سەر « کوردستانێتیی » شاری « کەرکووک » دروست ناکەن و گەر بشمێننەوە، زیانیان نییە. بەڵام، هەموو ئەو عەرەبە دەشتەکیی و خێڵەکییە بیابانشینانەی، لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەوە، لەوێ چێنراون، بە هیچ شێوەیەک نابێ، ژمارەیان، لەگەڵ ژمارەی کورد و کەمینەکانی دیکەدا حسێبکرێ، بە دانیشتووی ڕەسەنی « کەرکووک » دانرێن. جا گەر باریش نەکەن و بۆ جێی پێشووی خۆیان نەگەڕێنەوە، ئەوا نابێ، لە سەرژمێردا، بە دانیشتووانی ڕەسەنی « کەرکووک » دانرێن.

12. لە ڕاستییدا، هەموو عەرەبێکی بە وژدان و بێ ویژدان، زۆر باش دەزانن، « کەرکووک » شارێکی دێرینی « کوردستان »ە. بەڵام، کەم عەرەب هەیە، دان بەم ڕاستییەدا بنێ. ئەوانەی دانیشی پێدا دەنێن، توانا و دەسەڵاتیان نییە. ئەوانەی دانیش، بەو ڕاستییەدا نانێن، ئەوا، هەموو بەڵگە و هیوایەکیان، تەنیارتەنیا، چەواشەکردن، هەڵخەڵەتاندن، بەکارهێنانی هێز و داگیرکردنە. دەیانەوێ، لە ماوەیەکی کەمدا، شارەکە و نێوچەکە، بە تەواویی عەرەبێنێزکەن و ڕوخساری جوگرافیایی و دێمۆگرافیای « کەرکووک »، بە تەواویی بشێوێنن. هەر وەک جێگری سەرۆک شالیاران « تاریق عەزیز »یش، بە ڕاشکاویی گوتوویەتی. (عەرەب، چۆن « ئەندەلوس »ی لەکیسچوو، کوردیش دەبێ، تا ماوە، فرمێسکی گەرم بۆ « کەرکووک » بڕێژێ!).

13. هەموومان دەبێ، ئەو ڕاستییە زۆر باش بزانین، تا « سەددام حوسێن » بمێنێ و پارتی « بەعس » دەسەڵاتی هەبێ، چ « کەرکووک » و چ هەموو نێوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکەش، هەر وا بە ئاسانیی ناسەندرێنەوە و بە هیچ شێوەیە ئامادە نین، دان بە « کوردستانێتیی » ئەو نێوچانەدا بنێن. بۆیە

دەبێ، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان، لەگەڵ نەیارەکانی « سەددام » و ڕژێمی « بەعس »دا یەکخەین. خۆمان لەگەڵ هێزەکانی دژ بە« سەددام » لە « عێراق » و ناوچەکەدا بگونجێنین. کەڵک لەو بارە نالەبارە و پێوەندییە خراپەی، نێوان « عێراق » و « کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان » بە گشتیی و هەر دوو دەوڵەتی گەورە و بە توانای « ئەمێریکا » و « بریتانیا » وەرگرین، تا ڕۆژێ زووتر، « سەددام » و داروودەستەکەی بڕووخێن و لەناوچن.

14. پێویستە، دەربارەی کێشەی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزانی کورد، لە ناوچە بە عەرەبکراوەکاندا، هەر چی زووە، کۆنگرەیەکی فراوان بگیرێ، هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی « عێراق »، نووسەر، پیاوانی ئایینی، ئەکادیمییەکان، « لەو عەرەب و کەمینانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا نین » بانگکرێن، دۆسییەی ئەو ناوچانەیان پێش چاوخرێ، دەمەتەقێیەکی زۆریان لەگەڵدا بکرێ، بۆنی دەمیان تاقیکرێتەوە، هەڵبدرێ، هەر لە ئێستەوە، باوەڕیان پێ بهێنرێ، کە « کەرکووک » شارێکی « کوردستان »ە و پێویستە، لە نێو چوارچێوەی سنووری میریی فیدراڵیی « کوردستان »دا دانرێ، وەک دەکومێنتێکی مێژوویی، بۆ دوای ڕووخاندنی « بەعس » هەڵگیرێ، تا لە ئایندەدا، تووشی گرفت نەبین و سەرلەنوێ تێهەڵ نەچینەوە. ئەگینا، گەر ئێستە، کێشەی « کەرکووک »، لەگەڵ ئەم هێزە لاواز و پەرشوبڵاوانەی دژ بە « سەددام » و « بەعس »دا، یەکلایی نەکەینەوە، سبەینێ، دەسەڵات وەرگرن، گەر لە « سەددام » خراپتر نەبن، باشتر نابن. کێشەی کورد بە گشتیی، گرفتی « کەرکووک » و هەموو ناوچەکانی دیکەی بەعەرەبکراو بە تایبەتیی، سەختتر و ئاڵۆزتر دەبن!

15. کێشەکەمان زۆر سەختە. بەڵام، داواکارییەکەمان زۆر ڕەوایە. لەبەرئەوە، مافێکی ڕەوا و سروشتیی خۆمانە، هەر ڕێگە و شێوازێ، بۆ سەندنەوەی « کەرکووک » بەکاربێنین. بە هەر شێوەیە، هەوڵ بۆ ساغکردنەوە و چەسپاندنی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافیاییەکان بدەین. چونکە، ئەگەر هەر تەنیا کورد خۆی بزانێ، چ جۆرە غەدرێکی نەتەوەیی و مێژوویی لێکراوە، بە چ شێوەیە، لە سەر خاکی باوباپیرانی خۆی دەڵێنراوە. بۆیە، بەپێی هەموو باوەڕێکی ئاسمانیی و زەمینیی، هەرچی بۆ سەندنەوەی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکا، ڕەوایە.

16. بە هیچ شێوەیە نابێ، پڕۆسێسی کاڵتەجاڕی سەرژمێری گشتیی، لە ناوچە بە عەرەبکراوەکانی « کوردستان »دا، بۆ هیچ ڕژێمێکی « عێراق » بسەلمێنرێ. چونکە، جگە لەوەی، عەرەبێکی زۆریان هێناوە، کڕیی و دزیی، لە

سەرژمێرەکەدا دەکەن، وەک ئەوەش وایە، مرۆ شێروخەت، لە سەر ماڵی خۆی بکا! ئاخر، چۆن دەبێ، سەرژمێر قەبووڵکەین، گەر ئێمە، باوەڕێکی تەواومان بە « کوردستانێتیی » ئەو نێوچانە هەبێ؟!! ئەدی گەر زۆربەی دانیشتووان، کورد دەر نەچوون، ئەو کاتە، سەرانی کورد چی دەڵێن؟!! چی دەکەن؟!! ئایا، بە ئەنجامی سەرژمێرەکە قایلدەبن و واز لە شاری « کەرکووک » دێنن؟!! یا دیسانەوە، چەک هەڵدەگرن و چیاکان لە ڕژێم دەگرنەوە؟!!

17. دەبێ، ئەوە زۆر باش بزانین، هەر لەو ڕۆژەوە، دەوڵەتی « عـــیـــراق » دامەزراوە و ولایەتی « مووسڵ » بە « عیراق »ەوە لکێندراوە، کاربەدەستانی ئیمپریالیزمی « ئینگلیزیی » هەوڵیانداوە، شاری « کەرکووک »، وەک شارێکی « عیراق » بناسێنن و لە هەموو ڕوویەکەوە، لە نێوچەکانی « باشووری کوردستان »ی دابڕن. تەنانەت، ئەمەشیان نەشاردۆتەوە و « ئەمەریکا » لە کـــۆبوونەوەی « Asian Royal Assosiation »، ڕۆژی « 1966. 10. 25 »، زۆر بە ڕاشکاویی، دەربارەی « کەرکووک » گوتوویەتی:(هەر میرییەکی عیراقیی، ڕێز لە خۆی بگرێ و بە تەنگ بوونی خۆیەوە بێ و سوودی خۆی لە بەر چاو بێ، پێویستە، بە هیچ جۆرێک، ڕێگەی ئەوە نەدا، « کەرکووک » بە بەشێک لە کوردستان بژمێررێ.)*

ئەمەش، تەنیا لەبەرئەوەیە، « کەرکووک »، نەوتێکی زۆری تێدایە! بۆیە دەبێ، کورد ئەم خاڵەش، بە باشیی ڕەچاوکا، بزانێ، لە کوێوە دەستپێدەکا؟ لەگەڵ کێ قسەدەکا و چ جۆرە بەڵێنێ، بە دەوڵەتەکانی نێوچەکە و جیهان دەدا؟!! چونکە، ئەو دەوڵەتە زلهێزانە، تەنیا نەوتیان دەوێ، هەر وا بە خۆڕایی، دڵداریی، لەگەڵ هیچ گەلێکی نێوچەکەدا ناکەن!

18. بۆ ئەوەی بیسەلمێنین، « کەرکووک »، شارێکی « کوردستان »ە، تەنیا هەر ئەوندە بەس نییە، خۆمان باوەڕمان بە« کوردستانێتیی » شاری « کەرکووک » هەبێ. بەڵکوو دەبێ، هەوڵێکی زۆری ڕامیاریی و دیپلۆماسیی بۆ بدەین. بۆیە دەبێ، فایلی « کەرکووک » و نێوچەکانی دیکەی « باشووری کوردستان »ی بەعەرەبکراو، پێش چاوی « دادگەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان » بخرێ، دەربارەی بەعەرەبکردن، ڕاگوێزان، زۆرداریی و چەوساندنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان شکاتبکرێ.

19. نامەیەکی کراوە، بە ناوی دانیشتووانی نێوچە بەعەرەبکراوەکان و خەڵکە دەربەدەرکراوەکانەوە، بۆ « سەرۆک، میر، شاکان »ی عەرەب و دەوڵەتە ئیسلامییەکان بنووسرێ. هەروەها، وێنەی بۆ ڕێکخراوە دیمۆکراسیی و پیشەییەکان، پارتە ڕامیاریی و سەرۆک کۆماری دەوڵەتەکانی جیهان

بنێـرن. بەسی باری ژیانی ناڵەباری، ئەو کوردانە بکرێ، داوای کۆمەک و یارمەتییـان لێ بکرێ و بەشی زۆریان نیمزایکەن، تا، گەر « کەرکووک » و نێوچەکانی دیکەشمان بۆ نەسەندنەوە، بە لانی کەمەوە، ئەو شاڵاوە گەورەیەی بەعەرەبکردن، ڕاگواستن و دەرکردن بوەستێنن.

20. وەک چۆن، « فلەسـتـینیی »یەکـان، هەوڵێکی زۆری ڕامیـاریی و دیپلۆماسیی، بۆ شاری « قودس » دەدەن، کوردیش پێویستە، بەو شێوازە و لە ڕێی تێکۆشانی ڕامیاریی و دیپلۆماسییەوە، خەباتێکی زۆر بکا، لەگەڵ پارت، دەوڵەتەکانی جیـهان و دۆستەکانی نەتەوەکەمـاندا. لەو بارەیەوە، زۆر بە ڕاشکاویی قسەبکەن، بە زمانە جیاجیاکانیان، ڕاستییەکانیان پێش چاو بخەن.

21. گومـانی تێدا نییـە، هەمـوو ڕاسـتـییـە مـێژووییـەکـان، لە ئاسـتی بەکارهێنانی زۆر و توندوتیژییدا، تا ماوەیەک ملکەچ دەبن. بەڵام، گەر ئەوڕۆ چارەسەرێ، بۆ کێشەی بەعەرەبکردن نەدۆزرێتەوە، ئیدی، واتای ئەوە نییە، دەبێ، وەک گەلێک دۆشدامێنین و هیوابڕاوبین. بەڵکوو دەبێ، هەر لە ئێستەوە هەنگاوبنێین، چونکە، لە پاشەڕۆژدا کەڵکیاندەبێ.

22. ئەز لەو باوەڕەدام، کێشەی بەعەرەبکردن، پێوەندییەکی توندوتۆڵی، بە مـانەوەی « سـەددام » و « بەعس »ەوە هەیە. گـەر ئەو ڕژێمـە بگۆڕدرێ، ئەو کێشەیەش، گەر بە تەواویی بنەبڕ نەکرێ، هێندە تاووتینی نامێنێ. بەڵام، هەر لە ئێستەوە کاری دەوێ. گەر ڕاپەڕینێکی دیکەی کوردانە، لە کات و سەردەمی گونجاوی خۆیدا بەرپابێ، زۆربەی زۆری ئەو عـەرەبە هێنراوانە، خۆیان بار دەکـەن و هـەڵدێن. چونکە، خـاوەنی کـێشـەیەکی ڕەوا نین، خـۆشـیـان باش دەزانن، خاک و مـاڵی خەڵکی دیکەیان داگیرکردووە، تا سـەریش بۆیان نالوێ، لە تەڕ بـخـۆن و لە ووشک بنوون! جگە لەوەی، هێندێکیـان بە زۆر و هێندێکی دیکەشیان، بە دەمـجەورکردن هێنراون، لە کێڵگەی پڕ بە پیتی خاکەکەماندا چێنراون. بەڵگەشـمـان ئەوەیە، دوای ڕاپەڕینە مەزنەکـەی بەهاری « 1991 »، زۆربەیان شاری « کەرکووک »یان چۆڵکرد و هەڵاتن.

23. زۆر پێویستە، پێش هەموو لایەنەکانی دیکە، خۆمان، بڕیار لە سـەر کێشە و گـرفـتـەکـانی خـۆمـان بدەین و چارەسـەریان بۆ بدۆزینەوە. بۆیـە دەبێ، پەرلەمـانی ڕاسـتەقـینە و یەکگرتوو، سنووری جـوگرافـیـای « کـوردسـتـان » دیاریبکا و هەر لە « خانەقین »ەوە تا « زاخۆ » دەستنیشانکا. زنجیرە چیاکانی « حـەمـرین »، وەک سنوورێکی سروشـتیی و مـێژوویی، نێوان « باشـووری کـوردسـتـان » و « عـەرەبسـتـانی عێراق » بناسـێنێ. زۆر جـەخت، لە سـەر ئەم

لایەنە بکەن و لە بەرنامە و دەستووری گەلی « کوردستان »دا بچەسپێنرێ. هیچ کەسێ، سەرکردەی ڕێکخراو و پارتێکی کوردیی و « کوردستانیی »، بە هیچ جۆرێ، بۆی نییە، دەسکاریی سنووری سروشتیی « کوردستان » بکا. واز لە یەک بستی خاکی « کوردستان » بێنێ. تەنیا دەبێ، لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد و گشتییدا، بڕیارێکی ستراتیژیی و چارەنووسسازانەی لەو بابەتانە بدرێ. ئەویش، مەرج نییە، لە سەردەمێکی دیکەی مێژووییدا، نەوەکانی داهاتووی کورد، بە ئەنجامی ئەو ڕێفراندۆمەش قایلبن!

کێشەی وازهێنان لە هێندێ « گوند، شارۆکە، شارۆچکە و شار »، تەنانەت، لە یەک بستە خاکیش، وەک کێشەی مافەکانی نەتەوەی کورد نییە، ئەم ڕێکخراو و ئەو پارت، بە ئارەزووی خۆیان، دروشمی بۆ بەرزکەنەوە و دانوستانی لە سەر بکەن. وەک ئەوەی، ئەمیان داوای « ئۆتۆنۆمیی » و ئەوی دیکەشیان، داوای « فیدرالیی » بکا! چونکە، کێشەی خاک، لەگەڵ بوونی کورددا پەیدابووە و لەگەڵ نەمانی کوردیشدا نامێنێ!

24. پارتە ڕامیارییەکانی « کوردستان »، دەتوانن، بە شێوەیەکی نهێنیی، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بە هۆی هەر کەس و لایەنێکی دیکەوە بێ، پێوەندیی بە سەرۆک تیرە و هۆزە عەرەبە هێنراوەکانەوە بکەن، نامەیان بۆ بنووسن، یا، قسەیان لەگەڵ بکەن، تا تێیانبگەیەنن، ڕژێمی « عیراق »، چ جۆرە غەدرێکیان لە ڕۆڵەکانی ئەو نێوچانەی « کوردستان » و ئەوانیش کردووە. چۆن خاک، ئاو وماڵی ئەو کوردانەیان داگیرکردووە. چ جۆرە دوژمنایەتییەکیان بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوویان دروستکردووە. بەڵکوو، هێندێکیان باوەڕبێنن و قایلبن، کاتێ بارەکە گۆڕا، بێ گرفت، نێوچەکان چۆڵکەن و بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە.

25. گەر هەوڵدان و وتووێژ کەڵکی نەبوو، ئەوا دەتوانرێ، دەمیان چەورکرێ، هێندێ پارەیان بدرێتێ. لەبری ئەوەی، خاکەکەمان بە شەڕ بسەنینەوە، جارێکی دیکە، خاکەکەی خۆمانیان لێ بکڕینەوە. خۆ گەر، هیچ ڕێیەکی ئاشتییخوازانە و بەرتیلدانیش کەڵکی نەبوو، ئەوا دەتوانرێ، هەڕەشەیان لێ بکرێ، تێیان بگەیەنرێ، تا، تاکە کوردێ مابێ، واز لەو نێوچانە ناهێنێ. ئەو گرفتە نەتەوەیییە، هەر بەردەوامدەبێ و ئەوانیش، لەو نێوچانەدا ناحەوێنەوە!

لە کۆتاییدا دەڵێم: وەنەبێ، ئەم کارە هێندە کارێکی ئاسانبێ، لە ماوەی چەن مانگێکدا بەدیبێ. چونکە، ماوەی حەفتا ساڵە، پرۆسێسی بەعەرەبکردن، لە « کوردستان »دا بەردەوامە. هەرچەندە، بەعەرەبکردن بە شێوەیەکی سیستەماتیک، ماوەی چل ساڵێ دەبێ، دەسپێکردووە، لە لایەن چەن

میرییەکی شۆڤێنیی و پارتێکی ڕەگەزپەرستی فاشیی وەک: « بەعس ەوە پیادەدەکرێ. بەڵام، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، ئیدی، هەموو شت کۆتاییهاتبێ! بەڵکوو، هێشتا زووە، ئەو بڕیارە بدەین. ئێمەی کورد، پێویستمان بە یەکێتیی و تەبایی ڕیزەکانی گەل هەیە. پێویستمان بە داکۆکییکردن و خۆڕاگریی هەیە. کێشەکەمان سەخت و ناڵۆزە، کارێکی زۆر، خەباتێکی هەمەجۆرە، هەمەلایەنە و قوربانییەکی گەورەی دەوێ، تا، بە سەر دوژمنەکانماندا سەرکەوین، ئامانجەکانمان بەبینین، « هەر کاروانێکیش، ڕوویکاتە خۆر، کەمبێ یا زۆر، هەر دەگاتە خۆر. »

سـلێمانیی
99. 08. 05

* * *

---

* محەمەد ڕەسووڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن ـ 1991، ل. 123.

چەن سەرنجێکی دیکە، دەربارەی کێشەی «کەرکووک»

وا بزانم، هەرگیز پێویست ناکا، بە هاوزمانەکانم بڵێم، «کەرکووک»، شارێکی «کوردستان»ە! چونکە، هەموو کوردێکی دڵسۆز بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی، بە شارێکی خۆشەویست و گرنگی خۆی دەزانێ! بەڵام دەبێ، هەمیشە ئەوە دووپاتکەمەوە، نەک هەر شارێکی «کوردستان»ە، بەڵکوو، شارێکی «کوردیی»شە، چونکە، گەر «کوردیی» نەبێ، چۆن «کوردستانیی» دەبێ؟!! هەرچەندە، تەنیا هەر کوردی تێدا ناژی، بەڵکوو، هێندێ گرووپی ئیتنیی دیکەی وەک: «توورکمان، عەرەب، ئاشوور، ئەرمەن و کلدان»یشی تێدا دەژین.*

هەروەها، نەک هەر کورد، بەڵکوو، هەموو عەرەبێکی بە ویژدان و بێ ویژدانیش، باش دەزانن، «کەرکووک» شارێکی دێرینی «کوردستان»ە. بەڵام، ئەوان چاو لەو ڕاستییە دەنووقێنن و هەر بە شارێکی عەرەبیی دادەنێن! بۆ نموونە: سەرکردەکانی پارتی «بەعس»، سوور دەیانزانی، «کەرکووک» لە ڕووی «مێژوو، جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا»وە، شارێکی دێرینی «کوردیی»یە و لە نێو سنووری خاکی «باشووری کوردستان»دا هەڵکەوتووە. کەچیی لەگەڵ ئەوەشدا، بە هیچ شێوەیە، دانیان بەو ڕاستییەدا نەدەنا، بەڵکوو، بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵیاندەدا، ڕوخساری نەتەوەیی و جوگرافیایی ئەو شارە بگۆڕن. بەڵگەشم ئەوەیە، سەرکردەیەکی وەک «تاریق عەزیز»، زۆر بە ڕاشکاویی گوتوویەتی: (عەرەب چۆن «ئەندەلووس»ی لەکیسچوو، کوردەکانیش، کاتێ لە «سولەیمانیی»یەوە، بەرەو «بەغدا»، بە نێو «کەرکووک»دا تێپەڕدەبن، دەبێ، تا ماون، هەر ئاوڕی لێ بدەنەوە و فرمێسکی گەرمی بۆ هەڵڕێژن!) ئەمە، خۆی لە خۆیدا، ئەوە دەسەلمێنێ، سەرکردەکانی پارتێکی فاشستی ڕەگەزپەرستی وەک «بەعس»یش، سوور دەیانزانی، «کەرکووک» شارێکی عەرەبیی نییە، بەڵام، بۆنی نەوت، لە هۆش

خـۆی بردبوون و هەمـوو بەهایەکی مـرۆییـیـان لەبیـرچووبـۆوە! بۆیە، هـیچ بایەخێکیـان بە شـاری « کەرکووک » نەدەدا، بەڵکوو، تەنیا هەر هەوڵیاندەدا، سامانەکەی تاڵانکەن، زۆرترین بڕی نەوت دەربێنن و بیفرۆشن، نەبا، ڕۆژێ لە ڕۆژان بەرنامـەی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزانی دانیـشـتـووانە کوردەکـەی سـەر نەگرێ!

هەر وەک چۆن، زۆربەی هـەرە زۆری عـەرەبەکـان، دان بە « کـوردسـتـانێـتـیی » شـاری « کەرکووک »دا نانێن، هەروەها، توورکمانەکانیش دانی پێدا نانێن و بە شـارێکی خـۆیانی دەزانن. بۆ نموونە: گـەر چاوێ بە پەرتووکـی « شـوهەداء ئەلتـورکـمـان »دا بخـشـێـنین، دەبینین: توورکمـانە مـوسـوڵمـانەکـان، زۆر بێ شەرمانە،(پازدە نێوچەی وەک: « تەلەعفەر، دەوروبەری مووسڵ، ئاڵتونکۆپری، کەرکووک، تـسـعین، تازە، بەشیـر، داقـووق، ئیـمـام، توزخـورماتوو، ئامرلی و گوندەکانی بەیات، قـەرەتەپە، میقـدادیە، مـەندەلیی »یان، بە خـاکی توورکمـان داناوە. هـەروەهـا، هێندێ نێـوچەی دیکـەی وەک: « قـزلـبـات، ناوەندی هـەولێـر، ئەلقەزانیە و کفریی »ش هەر بە هـی خۆیان دەزانن، تەنانەت « شـەبەک »ەکانی « مووسڵ »یشیان، هەر بە توورکمان داناوە!)«1،39-53»

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە گشتیی و گەلی کورد لە « باشـــوور » بە تایبەتیی دەبێ، ئەوە زۆر باش بزانن، « کـوردسـتـان » بێ « کەرکووک »، لە مـەلێکی باڵ شکاو نەبێ، لە هیچی دیکە ناچێ! لەبەرئەوە پێویستە،، دوو خاڵی گەلێ گرنگ ڕەچاوکەین:

1. ئەو خاکە، تەنیا خاکی نەتەوەی کوردە و ئەو گرووپە ئیتنیکانەی دیکەی لە سەری دەژین، لە سەردەمێکی مێژوویی دیارییکراو و بۆ مەبەستێکی تایبەتیی هاتوون، یا هێنراون.

2. لە شـاری « کەرکووک » نە نەتەوە، نە گـەل و نـە کـەمـەنەتەوەیی تێدا نییە، بەڵکوو، ئەم گرووپە ئیتنیکانەی تێیدا دەژین، هەر یەکەیان، بە بەشێ لە گەل و کەمینە تایبەتییەکانی خۆیان دادەنرێن. بۆ نموونە: کوردەکانی شـــــــاری « کەرکووک »، بەشێ لە گەلی کوردی « باشووری کوردستان »، عەرەبەکان، بەشێ لە گـەلی عـەرەبی « عـێراق »، توورکمـانەکـانیش، بەشێ لە کـەمـینەی توورکمانی « باشووری کوردستان » و « عێراق » پێکدێنن.1*

ئەز پێم وایە، کلیلی ڕزگـاریی و سـەربەخـۆیی « باشـووری کـوردسـتـان »، بە دەروازەی شاری « کەرکووک »ەوە هـەڵواسراوە و گەلی کورد، بێ ئەو کلیلە، هەرگـیـز ناتوانێ، ئەو دەروازە داخـراوە بکاتـەوە و سـەربەخـۆیی تەواویش بەدەسبێنێ. چونکە:

1. لە هەموو ڕوویەکەوە، بە نێوچەیەکی دەوڵەمەند دادەنرێ، بە تایبەتیی، سامانێکی زۆری نەوتی « کوردستان »ی تێدا هەیە و نەک هەر بەشی کورد، بەڵکوو، بەشی هەموو جیهانیش دەکا.
2. کورد دەتوانێ، وەک کارتێکی بەهێز، لە گەمەی نێو دەوڵەتاندا بەکاریبێنێ، لە سەر کێشەی نەوت، دانوستان، لەگەڵ هێزە گەورەکانی جیهاندا بکا. چارەنووس و پاشەڕۆژی « باشوور »، بە کێشەی نەوتەوە بەستێتەوە.
جا خۆ گەر لەبەر کێشەی نەوت نەبووایە، هەڵبەتە عەرەبەکان، هەر زۆر زوو، دانیان بە « کوردستانێتیی » شـــاری « کەرکووک »دا دەنا و پێیان لە سەر « عێراقیتیی » ئەو شارە دا نەدەگرت! ئەم گرفتە گەورەیەش وەنەبێ، شتێکی نوێ بێ، بەڵکوو، هەر لەو ڕۆژەوە، « بریتانیا » خاکی « عێراق »ی بە گشتیی و « باشووری کوردستان »ی بە تایبەتیی داگیرکردووە، بە دەستی ئانقەست، گرفتی « کەرکووک »ی، لە نێوان هەر دوو گەلی سەرەکیی کورد و عەرەبدا ئەفراندووە. چونکە، هەر لە سەرەتاوە، شاری « کەرکووک »ی، لە « باشووری کوردستان » دابڕیوە و بە دەوڵەتی « عێراق »ەوە گرێیداوە.
لەبەرئەوە دەبێ، سەرانی پارتەکانی « باشووری کوردستان »، چەن بایەخ بەوە دەدەن، لە سەر « کەرکووک »، قسە لەگەڵ عەرەبەکانی « عێراق »دا بکەن، دە هێندە پتر، بایەخ بەوە بدەن، لەو بارەیەوە، قسە لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان بە گشتیی، « ئەمێریکا » و « بریتانیا » بە تایبەتیی بکەن، بە هەر شێوەیە بێ، دەمیان چەورکەن، تا، گوشار بۆ سەر عەرەبەکانی « عێراق » و دەوڵەتی « توورکیا » بەرن، واز لە داگیرکردنی شاری « کەرکووک » بێنن!
لە هەموو سەردەمێکدا بە گشتیی و لەم سەردەمەی ئەمڕۆ بە تایبەتیی، گرفتی هەرە گەورەی کورد، خۆی لە ناکۆکیی و دووبەرەکیی ڕیزەکانی گەلدا بینیوە و دەبینێ. ئەم گرفتە، پشتی کوردی شکاندووە. بۆیە تا ئێستە، سەرکردەکانی کورد نەیانتوانیوە، هەموو مافە ڕەواکانی کورد بەدەسبێنن! گەر چارەسەرێکی بنەبڕیی، بۆ ئەو گرفتە کوشندەیە نەدۆزینەوە، نەک هەر شاری « کەرکووک » و نێوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکەی « باشوور »مان لەدەسدەچێ، بەڵکوو، ئەو دەردە سەختە قێزۆناکە، هێندەی دیکە، جەستەی بزووتنەوەی کوردایەتی کرمەڕێژدەکا و دایدەڕزێنێ. ئاخر گەر عەرەبەکانیش، دان بە وەدا بنێن، شاری « کەرکووک »، لە سەر « باشووری کوردستان » بێ و لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی « فیدراڵ »دا ڕێکخرێ، گەلی کورد نابێ، هەرێمێکی یەکگرتوو و میرییەکی هاوبەشی هەبێ، تا، « کەرکووک » لە ئامێز بگرێ؟!! جا گەر کە... لە نێو خۆدا، دوو نێوچەی دەسەڵات و دوو

بەڕێوەبەرێتی جیاوازی « فیدراڵ »ی هەبێ، « کەرکووک » لە سەر کامیان بێ؟!! ئەدی بۆ عەرەبەکان ناڵێن: ئێمە، لەبری یەک هەرێمی « فیدراڵ »، سێ هەرێم لە « کوردستان » درووستدەکەین: هەرێمێ لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی « یەکێتیی »، هەرێمێکی دیکە، بۆ دەڤەری بندەستی « پارتیی » و هەرێمی سێیەمیش، با « کەرکووک » بێ و سەر بە میریی نێوەندیی بێ؟ [illegible] تاوانباری ڕاستەقینە دادەنرێ؟!!

ئاخر، گەر سەرانی کورد تاوانبار نەبوونایە، هەڵبەتە، پێش ئەوەی، ڕژێمی فاشیی « بەعس » بڕوخایە، دەبووایە، فایلێکی تایبەتیی تەواویان، لە سەر کێشەی « کەرکووک » و هەموو نێوچەکانی دیکەی بەعەرەبکراو، لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەکردایە، پێشکەش بە دادگەی باڵای « کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان »یان بکردایە، هەموو تاوانەکانی ڕژێمی « عێراق »یان، بە [illegible] ئاشکرایان بکردایە، شکاتیان لێ بکردایە و بە شێوەیەکی فەرمیی، [illegible] دەربەدەرەکانی کورد و شاری « کەرکووک »یان بکردایە. [illegible] ئەو کارەیان نەکرد، بەڵکوو، هێندەی دیکەش، ڕەوشی [illegible]یییەکەی « کەرکووک »یان ئاڵۆزترکرد!

[illegible] سەرکردەی ئەو پارتانە [illegible] کێشەی « کەرکووک » بدۆزنەوە، دەبێ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە گرنگ و چارەنووسسازەدا بەشدارکەن. نابێ، هیچ [illegible] پەردەوە بکرێ. بەڵکوو دەبێ، پرس بە ڕۆڵەکانی گەل بکرێ، تا، [illegible] عەرەبەکان، هەر هێندەیان [illegible] بە هیچ شێوەیە [illegible] کوردستانێتیی « ش[illegible] [illegible] چاوکرێ:

[illegible] « عێراق »، دەسەڵات[illegible] [illegible] چوونی عەرەبەکانە. جا [illegible] [illegible]، چی لە کورد بکەن؟!!

[illegible] کرا، تازە ڕێ و ناگەڕێنەوە. بەڵام ئێستە دەبێ، بە هەموو شێوەیەک [illegible] لە سەر « کوردستانێتیی » شاری « کەرکووک » داگیرێ. ئەک لە [illegible] ڕۆڵەکانی کورد بفرۆشن [illegible] کوردستانێتیی « شاری کەرکووک » [illegible] بسەلمێنین، دەبێ، لە خۆمانەوە دەستپێبکەین. مێشکی خۆمان بشۆینەوە، خۆمان، لە دروشمی درۆزنانەی برایەتیی نێوان، هەر دوو گەلی داگیرکەر و

داگیرکراو ڕزگارکەین. چونکە، ئەوان لە ژێر پەردەی برایەتیی و هاونابینییدا، شاری « کەرکووک » لە کورد داگیردەکەن.

4. پێویستە، بایەخێکی زۆر بە زمانی کوردیی بدەین. منداڵانی کورد، بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن. هەموو شتێ لە « کوردستان »دا بە گشتیی و لە « کەرکووک » بە تایبەتیی، بە کوردیی بنووسرێ. چونکە، بەپێی یاسای کاتیی نوێی دەوڵەتی « عێراق »یش بێ، زمانی کوردیی، لە هەموو ناوچەکانی « عێراق »دا، بە زمانێکی فەرمیی ناسراوە.

5. بایەخێکی زۆر، بە جووڵانەوەی ڕووناکبیریی بدرێ، بە تایبەتیی، مێژوو و جوگرافیای « کوردستان » بخوێنرێ و باسکرێ.

6. زۆر پێویستە، بایەخێکی تەواو، بە فاکتەری ئابووریی بدرێ. دەبێ، بازاڕی کوردەکان، بە تەواویی ببوژێنرێتەوە. ڕۆڵەکانی کورد، لە فرمانگەکانی دەوڵەتدا دامەزرێنرێن. بە هیچ شێوەیە نابێ، کوردەکانی شاری « کەرکووک » و دەوروبەرەکەی، هەژاربن و بە کوڵەمەرگیی بژین، وەک چەندین ساڵە، بەو شێوەیە دەژین. ئاخر چۆن دەبێ، عەرەبە هێنراوەکان، خاوەنی دەسەڵات بن و لە کارگەکانی نەوت دامەزرێن، توورکمانەکانیش، دەس بە سەر بازاڕە گرنگەکانی « کەرکووک »دا بگرن، کەچیی، ڕۆڵەکانی کوردیش، لە قەراغ شارەکان بژین و کاریان دەس نەکەوێ؟!! ئاخر، گەلێ خاوەنی ئەو هەموو نەوتە بێ، چۆن دەبێ، ڕۆڵەکانی بەو شێوەیە بژین؟!! بۆیە دەبێ، بێ کاریی، لە نێو کوردەکاندا قەلاچۆکرێ، خانوویان بۆ دروستکرێ، یا، بۆیان بکڕرێ و بە هەموو شێوەیە، یارمەتییانبدرێ!

7. بە هیچ شێوەیە نابێ، سڵ لە هەڕەشەکانی دەوڵەتی « توورکیا » بکەنەوە. دەبێ، دەسی « توورک » بە تەواویی، لە « کوردستان » بە گشتیی و لە شاری « کەرکووک » بە تایبەتیی ببڕرێ. کار بە کۆمپانیا و کارگەکانیان نەسپێررێ.

8. دەبێ، کاری کتوپڕیی و ئازایانە بکرێ، بڕیاری شۆڕشگێڕانە بدرێ، هەر دەسدرێژییەک، بۆ سەر کیانی هەر کوردێ بکرێ، وەڵامبدرێتەوە، تا، کوردی « کەرکووک » هەستبکەن، پشتوپەنایان هەیە. ڕۆڵەکانی کورد بەرەڵڵا نەکرێن، بۆ ئەوەی، عەرەبە هێنراوەکان و توورکمانەکان، بە ئارەزووی خۆیان، سووکایەتییان پێ بکەن. ئاخر، گەر وا نەکەن، نەک هەر « کەرکووک »مان لەدەسدەچێ، بەڵکوو، ئابڕووی نەتەوەیی کوردیش دەچێ!

گومانی تێدا نییە، تاوانی هەرە گەورەی، مانەوەی عەرەبە جێنراوەکان لە شاری « کەرکووک » و دەوروبەرەکەیدا، لە ئەستۆی هەر دوو سەرکردایەتی « پارتیی » و « یەکێتیی »دایە. چونکە:

1. لە بەر ناکۆکیی و دووبەرەکیی، لە بەر دەسەڵات پەیداکردن لە نێو شاری « کەرکووک » بە تایبەتیی و لە هەموو « کوردستان » بە گشتیی، لە بەر پارە و کورسیی، سەر ئەوە نەپەرژاون، ئاوڕێکی کوردانە لە « کەرکووک » بدەنەوە.
2. هیچ جۆرە پلانێکی نەتەوەیی و ڕامیاریی زانستانەیان، بۆ گەڕانەوەی شاری « کەرکووک » نەبووە و نییە، تا بزانن، کاتێ ئەو شارەیان ڕزگارکرد، چی دەکەن؟ چۆن ئەو گرفتانە چارەسەردەکەن؟!!
3. مەرایی بۆ عەرەبە هێنراوەکان و تورکمانەکان دەکەن، تا ڕێزیانبگرن و بە لای خۆیاندا ڕایانکێشن، لەبری ئەوەی، باسی زۆرلێکراویی و چەوساندنەوەی کوردیان بۆ بکەن!
4. سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە، هێندەی خۆیان بە « عیراقیی » دەزانن، هێندە خۆیان بە « کوردستانیی » نازانن. لەبەرئەوە، هەر ڕۆژەی، ناوێکی جیاواز، لە « کەرکووک » دەنێن و لە سەر بۆچوونی خۆیان سوور نین.
5. سەرەڕای ئەوەی، عەرەبە هێنراوەکان، چەندین ساڵە، زۆرداریی بەرانبەر کورد دەکەن، ئێستەش زۆربەیان، هەر لە پاشماوەکانی « بەعس »، هێزەکانی سوپا و دەزگەکانی سیخوڕیی پێکهاتوون و هەر ئەوانیشن، کاری تیرۆریستیی ئەنجامدەدەن، ئاژاوەدەنێنەوە، ڕۆڵەکانی کورد دەکوژن. لەگەڵ ئەوەشدا، نە لە سەرەتاوە و نە ئێستەش، هەر دوو پارت، هیچیان بەرانبەر نەکردوون و تۆڵەی خوێنی ئەو هەموو شەهیدانەیان لێ نەسەندوونەتەوە!
گەر سەرکردایەتی پارتەکانی « باشووری کوردستان » و میریی « عیراق »، بە تەواویی بیانەوێ، گرفتی تیرۆر و ئاژاوە، لە شاری « کەرکووک » بنەبڕکەن، بارەکە بە تەواویی هێمنکەنەوە، ئاشتیی و ئاسایش.، لە نێوان ڕۆڵەکانی شارەکەدا بچەسپێنن، ئەوا دەبێ، ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاوکەن:
1. پێ لە سەر گەڕانەوەی هەموو عەرەبە هێنراوەکانی شاری « کەرکووک » و دەوروبەرەکەی داگرن، ئەو نێوچانە چۆڵکەن و بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە. چونکە، جگە لەوەی، بەڵەنسی دیمۆگرافیای شارەکە تێکدەچێ، بە سەرچاوەی هەموو ئاژاوە و تیرۆرێکیش دادەنرێن. ئەمانەش، لە دوو گرووپ پێکهاتوون:
— ئەو عەرەبانەی لە پارتە ئیسلامییەکاندا کاردەکەن.
— عەرەبە کۆنە « بەعسیی »یەکان.
هەڵبەتە، هەر دوو گرووپەکەش، لە یەک بیدی شۆڤێنیستیی و داگیرکەرانەدا یەکدەگرنەوە و « کەرکووک »یش، هەر بە شاری خۆیان دەزانن.
2. دانیشتووانە ڕەسەنە دەرکراوەکانی « کەرکووک »، بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە.

3. هەموو ئەو نێوچە و شارۆچکانەی لە « کەرکووک » دابڕاون و بە هێندێ شاری دیکەوە لکێنراون، بخرێنەوە سەر پارێزگەی « کەرکووک ». بۆ نموونە: « توووزخورماتوو » لە « تکریت »، « چەمچەماڵ » لە « سولەیمانیی » بکرێنەوە و بە پارێزگەی « کەرکووک »ـەوە بنووسێنرێنەوە.

4. شارەکە لە ڕووی ئابوورییەوە بیووژێندرێتەوە و بێ کاریی تێدا نەهێڵرێ.

5. دەبێ، هەموو دانیشتووانی شار، بێ جیاوازیی نەتەوەیی، لە بەردەم یاسادا چوونیەکبن.

6. سەرژمێری گشتیی بکرێ، ڕێژەی ڕاستەقینەی هەر گرووپێکی ئێتنیک، لە شاری « کەرکووک » دەستنیشانکرێ، لەگەڵ سەرژمێرەکانی دیکەی پێشوو بە گشتیی و سەرژمێری ساڵی « 1957 » بە تایبەتیی بەراوردکرێ. ئینجا، ڕووی ڕاستەقینەی ژمارەی دانیشتووانی « کەرکووک » و ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی هەر گرووپێکی ئێتنیک دەردەکەوێ.

7. بە هیچ شێوەیە نابێ، لە خەڵکی شاری « کەرکووک » بپرسن، ئایا دەیانەوێ، لە سەر « باشووری کوردستان »، یا لە سەر « عێراق » بن؟ چونکە، « کەرکووک » شارێکی دێرینی « کوردستان »ـە و هیچ پێویست ناکا، قوماری « ریفراندۆم »ی لە سەر بکرێ!

8. بە هیچ شێوەیە نابێ، دەمەتەقێ و دانوستان، لە سەر جوگرافیای پارێزگەی « کەرکووک » بکرێ. بەڵام دەکرێ، لەگەڵ گرووپە ئێتنیکەکانی دیکەدا، لە سەر کێشەکانی بەڕێوەبردن، ئابووریی و کەلتووریی، دەمەتەقێ و دانوستان بکرێ. چونکە، خاکی « کەرکووک »، موڵکی نەتەوەی کوردە و هیچ جۆرە لێکدانەوەیەک قەبووڵ ناکا!

9. باشتر وایە، سەرکردەی پارتەکان، زمانێکی هاوبەش، لەگەڵ نوێنەری کەمینە نەتەوەکانی « باشووری کوردستان » بدۆزنەوە، لەگەڵیان ڕێککەون، مافە « نەتەوەیی، ڕامیاریی و کەلتووریی »ەکانیان بۆ دابینکرێ، لە پرۆسە گرنگەکانی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی شارەکەدا بەشدارکرێن. تا ئەوانیش، وەک کورد، دژی پرۆسەی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان بوەستن.

10. لە کاتێکدا، هەر جۆرە گرفتێکی « نەتەوەیی، ڕامیاریی، ئابووریی و کەلتووریی »، لە نێوان ڕۆڵەکانی کورد و کەمینەکاندا، لە نێوچە بەعەرەبکراوەکاندا ڕوویدا، یا گرفتێکی نەتەوەیی، لە نێوان عەرەبە هێنراوەکان و توورکمانەکاندا ڕوویدا، بە هیچ شێوەیە نابێ، لە سەر حسێبی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد و خاکی « کوردستان » چارەسەرکرێ، وەک کێشەی نێوان عەرەبەکان و توورکمانەکان، لە گوندی « بەشیر »

چارەسەرکرا. چونکە، بە هەر شێوەیە بێ، دەبێ، عەرەبە هێنراوەکان بارکەن و بڕۆن، نەک لە شوێنێ بۆ شوێنێکی دیکە بیانگوێزنەوە و بە یەکجاریی بمێننەوە، لە هەموو بارێکیشدا، زەوی لە کورد داگیرکەن و پێکهاتەی دیمۆگرافیای نێوچەکانیش تێکدەن!

ستۆکهۆڵم
2004. 10. 01

* * *

تێبینییەکان:

* ئاخر، گەر « کەرکوک »، لە بەر دڵی عەرەبەکانی « عێراق »، کەمینەی « تورکمان » و سەرانی « تورکیا »، شارێکی « کوردیی » نەبێ و تەنیا هەر، شارێکی « کوردستانیی » بێ، کەواتە: « بەغدا »ش، شارێکی « عەرەبیی » نییە و تەنیا هەر، شارێکی « عێراقیی »یە! هەروەها، شارەکانی « تالین، ریگە، ڤیلنوس، کیێڤ، کیشینێوّ، باکۆ، دوشەمبە... »، چەن شارێکی ئەو گەل و نەتەوە رەسەنانە نین، بەڵکوو، چەن شارێکی « ئیستۆنیا، لاتڤیا، لیتڤیا، ئۆکرەین، مەڵدۆڤە، ئازربایجان، تاژیکستان ... »ن، هەر لەبەرئەوەی، چەن میلیۆنێ « رووس »یان تێدا دەژی و دڵی ئاسکیان، گەردی لێ نەنیشێ!!!

1* ئەو زاراوە نێتنیکانەی، پارت و دەزگەکانی راگەیاندنی « کوردستان »، لە ئاخافتن و نووسینەکانیاندا بەکاریدێنن، زۆر هەڵەن و لە پاشەڕۆژدا، زیان بە کێشەی کورد دەگەیەنن. ئاخر، شتێکی زۆر سەیرە، هەر دوو کەناڵی ئاسمانیی « Kurdistantv » و « Kurdsat »، بێ ئەوە بزانن، چی دەڵێن، هەروا بە شێوەیەکی هەرەمەکیی و زۆر ناشارەزایانە، زاراوەی « نەتەوەکانی کەرکوک » بەکاردێنن، لە کاتێکدا، لە هەموو « باشووری کوردستان » و « عێراق »یشدا، یەک نەتەوەی تێدا نییە، بەڵکوو، کۆمەڵگەی « عێراق »، لە دوو گەلی سەرەکیی « عەرەب » و « کورد »، چەن کەمینەیەکی نەتەوەیی وەک: « تورکمان، ئاشووری، ئەرمەن و کلدان » پێکهاتووە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، گەلی عەرەب لە « عێراق »، بە بەشێ لە نەتەوەی عەرەب، گەلی کوردیش لە « باشووری کوردستان »، بە بەشێ لە نەتەوەی کورد دەژمێررێن. ئەو کەمینە نەتەوەییانەش، گەل و نەتەوە نین. چونکە، یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکانی گەل و نەتەوەیان تێدا نییە، ئەویش خۆێ لە « خاک »دا دەبینێ. واتە: خاوەنی هەرێمێکی دیاریکراوی جوگرافیایی نین، تا، لەسەری بژین و هەموو رۆڵەکانی خۆیانی، لە سەر کۆکەنەوە. بەڵکوو، ئەوەندەی هەن، بڵاوبوونەتەوە و لە یەک جێدا ناژین! بۆیە، باشتر وایە، بنووسین و بڵێین: دانیشتووانی شاری « کەرکوک »، یا خەڵکی « کەرکوک »، یا کۆمەڵگەی « کەرکوک »، یا گرووپە ئێتنیکەکانی « کەرکوک »، یا رۆڵەکانی کورد لە « کەرکوک ».

ئەم زاراوە خراپ و پڕ لە هەڵەیەش، ئەندامانی « یەکێتی نیشتمانیی کوردستان »، لە دووەمین کۆنگرەی خۆیاندا دایانتاشی و بڕیاریان لە سەر دا. توورکمانەکانیان، لە کەمینەوە بۆ گەل بەرزکردەوە، وەک ئەوەی، کێشەی کەمینە و گەل، کێشەی مووچەی فرمانبەران بێ، بە بڕیارێکی پارت یا دەسەڵات بگۆڕرێ! ئاخر، کەمینەیەک لە بنەڕەتدا، خاکی نەبوو، بە بڕیارێکی کۆنگرە، بۆی پەیدادەکرێ؟!! ئەمەشیان، تەنیا هەر لەبەرئەوە کرد، تا، لە سەر حسێبی ماڵی کورد، هەست و سۆزی کەمینەی توورکمان، بە لای خۆیاندا ڕاکێشن. بەڵام، هەر ئەو سەرکردانەی « یەکێتیی » خۆیان، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکیان، بۆ بیست ملیۆن کوردی « باکووری کوردستان » نەکردووە، کە سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « توورکیا »، نەک هەر دان بە بوونی کورددا نانێن، بەڵکوو، دان بە خاکی « کوردستان »یشدا نانێن! ئەدی، ئەوان بۆچی، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەک، بۆ هەست و سۆزی ئەو بیست ملیۆن کوردە ناکەن؟!!
بەڵێ، سەرانی کورد، هێندە دەس و دڵ ئاواڵەن، کەچی، توورکمانەکانیش، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، نەک هەر دان بە بوونی نەتەوەی کورد و خاکی « کوردستان »دا نانێن، بەڵکوو، دان بە دەسەڵاتی مریی هەرێمی « باشووری کوردستان » و سیستێمی « فیدراڵ »یشدا نانێن! لە ڕاستییدا، تەنیا هەر عەرەبەکانی « عێراق »، گەلێ ڕاستتر و باشتر، بۆ ئەو باسە گرنگە چوون و هەمیشەش دەڵێن: « عێراق »، لە دوو گەلی سەرەکیی و چەن کەمینەیەک پێکهاتووە.

سەرچاوە :

1. الاتحاد الاسلامي لتركمان العراق، شهداء التركمان، الجزء الاول، الطبعه الاولى، دار الدليل للصحافه و النشر، 1999.

دەربارەی یاسای کاتیی، بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق .

لە ڕاستییدا ناکرێ، بڵێین، ئەو یاسایە، هەر هەموو خاڵەکانی خراپن و هیچ جۆرە شتێکی باشی، بۆ کورد تێدا نییە. هەرچەندە، بە شێوەیەکی گشتیی، چ بە عەرەبیی و چ بە کوردیی، لە سەر یاساکە نووسراوە، بەڵام، ئەز لێرەدا، هێندەی پێوەندیی، بە خاڵە خراپ و کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردەوە هەبێ، لە دوو بڕگەی سەرەکیی یاساکە دەدوێم. چونکە، پێم وایە، زیانێکی زۆر، بە کێشەی کورد دەگەیەنن. جا با بزانین، دەربارەی کێشەی « کەرکووک »، چی لەو دوو بڕگەیەدا هاتووە؟

لە بڕگەی « 16 »، خاڵی « ج »دا نووسراوە: (هاووڵاتی عێراق، مافی تەواو و بێ مەرجی موڵکدارێتی لە هەموو عێراق دا هەیە، بێ هیچ جۆرە بەربەستێ!)«1»

ئەمە، ئەوە دەگەیەنێ، لە لایەکەوە نەیانەوێ، عەرەبە هێنراوەکانی پارێزگەی « کەرکووک » بگێڕنەوە و ڕێیانبدەن، بمێننەوە، هەر وەک چۆن هەوڵدەدەن، عەرەبە خێڵەکییەکانی گوندی « بەشیر »، لە جێیەکی دیکەی « کوردستان » نیشتەجێکەن. لە لایەکی دیکەشەوە، گەر لە پاشەڕۆژدا، دەوڵەمەندەکانی عەرەب بیانەوێ، بە ئارەزووی دڵی خۆیان، لە هەر شوێنێکی « کوردستان »، زەوی بکڕن، یا، خێڵێکی تەواوی عەرەب بێن، ناوچەیەکی بە پیت و خاوەن نەوت بکڕن، ڕێیان لێ نەگیرێ. بەڵکوو، میریی « عێراق »یش، یارمەتییانبدا! ئاخر، ئەمە لە چ دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و نیشتماندا هەبووە، کە گرفتێکی زۆر، لە نێوان گرووپە ئێتنیکەکاندا، لە سەر خاک هەبووبێ؟!!

بۆ نموونە: « یەکێتی سۆڤێت »، دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و نیشتمانی گەورەی « کۆمۆنیستیی » بوو، هەر باوەڕی بە باس و خواستی نەتەوایەتییش نەبوو، کەچیی، لەگەڵ ئەوەشدا، سنووری هەموو کۆمارە فیدراڵەکان دیاریکرابوو،

خەڵکی هیچ کۆمارێ، بۆی نەبوو، بە ئارەزووی خۆی، بۆ کۆمارێکی دیکە بگوێزرێتەوە، مەگەر، بە هۆی پرۆسەی جووتبوون، یا، کاری فرمانبەرییەوە بووایە، ئەویش، دەردی سەرییەکی زۆری دەویست!
لەبەرئەوە، ئەز پێم وایە، هەر کوردێ، یەک بستە زەوی خۆی، بە هەر عەرەبێ یا توورکمانێ بفرۆشێ، ناپاکییەکی گەلێ گەورە، لە خوێنی شەهیدان و خاکی « کوردستان » دەکا. هەقیش وایە، ئەوەی ئەو کارە بکا، لێی بێ دەنگ نەبن، بەڵکوو، بەربارانکرێ و لە « کوردستان »یش شاربەدەرکرێ!
هەروەها، برگەی « 53 »ش، لە سێ خاڵی گرنگ پێکهاتووە. لە خاڵی « ب »دا نووســـــراوە: (سنووری « 18 » پارێزگەکە، لە ماوەی گواستنەوەدا، بێ گۆڕانکاریی دەمێنێتەوە.)«2» واتە: نابێ، لە پارێزگەی « کەرکووک »، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک بکرێ، نێرچە دابڕاوەکانی بۆ بگەڕێتەوە.
لە خاڵی « ج »یشدا هاتووە: (پارێزگەکانی دەرەوەی هەرێمی « کوردستان » بۆیان هەیە، لە نێوان خۆیانـــــــــدا، هەرێم دامەزرێنن، جگە لە « بەغدا » و « کەرکووک ».)«3» واتە: پارێزگەی « کەرکووک » لە « باشووری کوردستان » و نێوچەی « فیدراڵ »، بارێکی تایبەتیی هەیە، نابێ، دەســـــکارییبکرێ و بە « کوردستان » دانانرێ!
سەیر ئەوەیە، چەندین ساڵە، هەر دوو سەرکردە « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، شاری « کەرکووک »، بە « دڵ » و بە « قودس » دادەنێن. کەچیی، هەر دووکیان، ئەو چەن برگە بێ ناوەڕۆکە هیچوپووچەیان واژووکردووە، ئەو برگە زەقانەی، بە هیچ جۆرێ، دان بە « کوردستانیتیی » شاری « کەرکووک »دا نانێن، بێ ئەوەی، کەس زۆری لێ کردبن! ئیدی، قووری چی بۆ « کەرکووک » دەپێون، گەر خۆیان پێشەکیی، بڕیاریاندابێ، لە سەر « کوردستان » نەبێ؟!!
بەڵام، گەر ئێستە، هاوار بۆ « کەرکووک » دەکەن، ئەوا، پێم وایە، وەک هۆیەک بۆ هەڵبـــژاردنی داهاتوو، بۆ بەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتیی خـــۆیان بەکاریدێنن!
بۆیە دەبێ، رۆڵەکانی گەلی کورد هوشیارین، لە کاتی دەنگدان لە ســەر دەستووری هەمیشەیی « عیراق » وریابن، هەڵەی ئەو دوو سەرکردەیە دووبارە نەکەنەوە. بەڵکوو، ئەوانیش دەبێ، ئەو هەڵە مێژووییەی خۆیان ڕاستکەنەوە، شتی لەو بابەتانە بۆ عەرەبەکان واژوو نەکەن و پێ لە ســــەر « کوردستانیتیی » شاری « کەرکووک » داگرن!

سترکەوڵم
2005. 10. 02

تێبینییەکان:

1. للمواطن العراقي الحق الكامل غير المشروط بالتملك في كافه انحاء العراق بلا قيود.
2. تبقى حدود المحافظات الثمانيهعشره بدون تبديل خلال المرحله الانتقاليه.
3. يحق للمحافظات خارج اقليم كردستان، فيما عدى بغداد و كركوك، تشكيل اقاليم فيما بينها.

« کەرکووک » و « برۆکسل »

ماوەی چەن مانگێ دەبێ، « جەلال تاڵەبانیی »، شاری « کەرکووک »ی کورد و « قودس »ی « کوردستان »، بە شاری « برۆکسل »ی پێتەختی « بەلجیکا » دەچوێنێ، بێ ئەوەی، هیچ جۆرە جیاوازیی و بارێکی نەتەوەیی، هەر دوو شارەکەی ڕەچاوکردبێ. لەبەرئەوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم، هەموو ئەو جیاوازییانەی، لە نێوان ئەو دوو شارەدا هەیە، بۆ ئەویش و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیشی ڕوونکەمەوە.

1. لە نێو شاری « برۆکسل »دا، دوو گرووپی ئیتنیکی سەرەکیی « فلامێن » و « فالۆن » هەیە. یەکەمیان لە « 57% » و دووەمیشیان، لە « 33% »ی دانیشتووانی وڵاتەکە پێکدێنن. یەکەمیان بە زمانی « فلامێنیی » و دووەمیشیان، بە زمانی « فەرەنسیی » قسەدەکەن. لە « 10% »ەکەی دیکەشی، لە دوو گرووپی ئیتنیکی بچووک پێکهاتوون، بە هەر دوو زمانی « ئیتالیی » و « ئەڵمانیی » دەدوێن. لە نێوان ئەم دوو گرووپەدا، نزیکەی هیچ جۆرە گرفتێکی جوگرافیایی و نەتەوەیی نییە. بەڵکوو، گرفتەکەی نێوانیان، پتر خۆی لە کێشەی ئابووریدا دەبینێ. چونکە، زۆربەی نێوچەی « فالۆن »ەکان، دواکەوتووتر و هەژارترن. بەڵام، شاری « کەرکووک »، جگە لە گرفتی جوگرافیا، گەورەترین گرفتی نەتەوەیی و دیمۆگرافیای هەیە.

2. ئەو دوو گرووپەی « برۆکسل »، هەر لە کۆنەوە، پێکەوە دەژین و خاکەکە بە هی هەر دووکیان دەژمێررێ. بەڵام، لە شاری « کەرکووک »، ڕۆڵەکانی کەسینەی توورکمان، نزیکەی سێسەد ساڵێ دەبێ، لەوێ دەژین. لە ڕێی ئیمپراتۆریای « توورکە عوسمانیی »یەکانەوە هاتوون و نیشتەجێکراون. هەروەها عەرەبەکانیش، لە نێوان ساڵەکانی بیست و سی سەدەی بیستەوە، لە دەوروبەری شاری « کەرکووک » جێگیربوون. پاشان، لە سەرەتای شەستەکانیشەوە، پرۆسەی بەعەرەبکردنی پارێزگەی « کەرکووک » دەسپێکردووە و تا ڕژێمی « بەعس »یش ڕووخاوە، هەر بەردەوامبووە.

واتە. ئەرچی توورکمانەکان، لە کۆنەوە لە « کوردستان » ژیاون، بەڵام، هەر دووکیان. « عەرەب و توورکمان »، خەڵکی نێوچەکە نین و دەستەڵاتە جیاوازەکانی ئەو سەردەمانە هێناویانن و نیشتەجێیانکردوون.

3. عەرەبەکان لە شاری « کەرکووک »، خۆیان بە هاووڵاتی پلە یەک، کورد و توورکمانیش، بە هاووڵاتی پلە دوو یا سێ دادەنێن. بەڵام، لە « برۆکسل »، هاووڵاتی پلە یەک و دوو نییە، هەموویان وەک یەک دەژین و لە بەردەم یاسادا، بە یەک چاو تەماشادەکرێن!

4. ئەو دوو گرووپە ئێتنیکەی « برۆکسل »، ڕقیان لە یەکدی نییە و دژی یەکدی نین، زۆربەشیان، هەر دوو زمانی یەکدی « فلامۆنیی » و « فرەنسیی » دەزانن. بەڵام، هەموو گرووپە ئێتنیکەکانی نێو شاری « کەرکووک »، چارەی یەکدییان ناوێ و گەلێ جاریش، بە خوێنی سەری یەکدی تینوون!

5. لە شاری « برۆکسل »، دیمۆکراسیی ڕەسەن و ڕاستەقینە هەیە. بەڵام، نەک هەر لە « کەرکووک » و « عێراق »، بەڵکوو، لە هەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامیشدا، دیمۆکراسیی کاڵتەقینەش نییە!

6. جیاوازییەکی گەلێ گەورەی « شارستانیی، کەلتووریی، کۆمەڵایەتیی، ئایینیی، ڕامیاریی و نەتەوەیی »، لە نێوان دانیشتووانی هەر دوو شاری « برۆکسل » و « کەرکووک »دا هەیە.

7. ئەو ئەزموونەی لە « برۆکسل » هەیە، بە هیچ شێوەیە ناکرێ، لە شاری « کەرکووک » تاقیبکرێتەوە. چونکە، جگە لە کورد، گرووپە ئێتنیکەکانی دیکە، هەر یەکەیان دەوڵەتێکی بیانیی دەیانجوڵێنێ. بۆ نموونە: توورکمانەکان بە دەوڵەتی داگیرکەری « توورکیا »وە گرێدراون. « عەرەبەکان، بە « عێراق » و تا ئەندازەیەکیش بە « سووریا »وە بەسراونەتەوە. هەر دوو گرووپەکەش، بێ قایلبوونی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی « کوردستان » ناتوانن، هیچ جۆرە بڕیارێبدەن! بەڵام، لە شاری « برۆکسل »، هیچ دەوڵەتێ نییە، ئەو دوو گرووپە ئێتنیکە بجوڵێنێ، ئەوانیش لەو ئاستە نزمەدا نین، گوێ لە بڕیار و ڕێنمایی دەوڵەتانی دەرەوە بگرن!

8. هەموو پانتایی خاکی دەوڵەتی « بەلجیکا » = 500 .30 کیلۆمەتری چوارگۆشە. کەچیی، هەر تەنیا، پانتایی خاکی پارێزگەی « کەرکووک »، پتر لە « 20.000 » کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێ و لە لایەن عەرەبەکانەوە زەوتکراوە، ئیدی چۆن دەکرێ، بەراوردی ئەو دوو شارە بکرێ؟!!

9. هەموو دانیشتووانی « بەلجیک » بە گشتیی و شاری « برۆکسل » بە تایبەتیی، یەک ئایینی « فەلە » و یەک ئایینزای « کاسۆلیک » کۆیاندەکاتەوە.

پێ. ئەوانەوە بە چوارچێوەی دەوڵەتی « عێراق »دا پەسەند بکەن. کەواتە چ
پێویستیەک، تا پرلەمانی « ریفراندۆم » بەڕێوە نەچێ، رۆڵەکانی کورد،
بەشداریی لە هەڵبژاردنی « عێراق »دا بکەن؟! ئاخر، بەشداریی لە
هەڵبژاردنی کام دەوڵەتدا دەکەن؟! ئەو دەوڵەتەی تا ئێستەش، دان بە هێزە
[illegible] کە لە کام هەڵبژاردندا دەکەن؟!
هەڵبژاردنەوەی پتر کۆنکریتەوەی دیفێندی، لە دەس و پێیی رۆڵەکانی گەلی
کورد دەوە دەباڵێنێ؟! کێ هەڵدەبژێرن؟! ئەو سەرکردە عەرەب شۆڤێنیستانەی
هەر لە ئێستەوە، هەڕەشەی جینۆسایدی لە کورد دەکەن!

سەیر ئەوەیە، بزووتنەوەی « بەرەو ریفراندۆم » لە « باشووری کوردستان »دا
تا ئێستەش بە شێوەیەکی هەرەمەکی و بە ئاشکراوی، هەڵوێستی خۆیان،
[illegible] لە پرۆسەی هەڵبژاردنی دەزگەکانی دەوڵەتی « عێراق »دا نەبڕیوە؟
لەوە دەچێ بێ دەنگیی [illegible] چونکە هەر [illegible]
[illegible] و [illegible] بە [illegible] هەڵبژاردنەکە
دەکۆشن، هەر لە ئێستەشەوە [illegible] دەکەن و [illegible]
هەڵبژاردنیان، لە ئێستەوە و لە دەرەوەی وڵات دروستکردووە، ئەویش
بە شێوەیەکی باش، بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی [illegible] « عێراق »دا
بکەن. ئاخر، چۆن دەبێ، یەکێ ئەندامی بزووتنەوەی « ریفراندۆم » بڕوا لە
هەڵبژاردنی دەزگەکانی دەوڵەتی « عێراق »دا بەشداری بکا؟! کەواتە چ
پێویستی بە بزووتنەوەی « ریفراندۆم » دەکا؟! بەڵگەی بڕوانی چییە؟! ئەمە
[illegible] لە خۆیدا، چەند خاڵێکمان بۆ روون دەکاتەوە:

1. ئەو بزووتنەوەیە، هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نەبووە.
2. بزووتنەوەی « ریفراندۆم » بۆ مەبەستی گوشارخستنە سەر دەوڵەتی « عێراق » [illegible]، تا دان بە [illegible] « فیدرالیی » دابنێ، نەک لە نێوان مانەوە و جیابوونەوە لە « عێراق »، [illegible] خەڵکی کورد سەرپشکیان بکا! بۆ نموونە [illegible] « ریفراندۆم »ی ساڵی « 1925 »ی [illegible] کۆمەڵەی گەلان لە نێوان [illegible] دەوڵەتی داگیرکەری « تورکیا » و « عێراق »دا [illegible] رۆڵەکانی گەلی کوردیان سەرپشککرد، یەکێکیان هەڵبژێرن. بێ ئەوەی، مافی ئەوەیان دابنێ، دەنگ بۆ [illegible] دامەزراندنی دەوڵەتێکی [illegible] کوردستانی [illegible] بدەن.
3. لەبەر [illegible] بزووتنەوەی « ریفراندۆم » [illegible] رۆڵەکانی گەلی کورد دەکەن. چونکە بزووتنەوەکە [illegible] نەبێ، هیچ [illegible] نییە.

دەژیان و پشتاوپشتیشیان، هەر لەو شوێنانە لەدایکبوون. تەنانەت، تێیاندا هەبوو، لە ژیانیاندا، خاکی « ڕووسیا »یان نەدیبوو، یا بە ڕەگەزیش « ڕووس » بن!
بێ گومان، ئەوانەی خۆیان باریانکرد و گەڕانەوە، ڕزین و نەگەڕانەوە. بەڵام، ئەوانەی مانەوە، هەر وا لەو وڵاتانە نیشتەجێبوون و تا ئێستەش، بۆ خۆیان دەژین. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ « ڕووس »ێ نەیگوتووە و ناشڵێ، ئەو وڵاتانە، خاکی « ڕووسیا »یە، یا، خاکی « ڕووس »ەکانە، بەڵکوو، تەنیا هەر بە زێدی خۆیانی دەزانن! جگە لەوەی، کەس غەدریان لێ ناکا، بە زمانی « ڕووسیی » دەپەیڤن، تەنانەت، شانازییش بە زێد و نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆشیانەوە دەکەن! کەچیی، خاکەکە بە خاکی ئەو گەلانە دادەنرێ، کە « ڕووس »ەکانیان لەگەڵدا دەژین، دەسەڵاتی ڕامیاریی و دەوڵەتیش، هەر بە دەس ئەو گەلانە خۆیانەوەیە، « ڕووس »ەکانیش، لە بازاڕ و بەڕێوەبەرێتییەکانی دەوڵەتدا کاردەکەن و دەژین. وەک: کۆمارەکانی « ئیستۆنیا، لاتڤیا، لیتڤیا، مەلدۆڤە، ئۆکرەین، ئوزبێکستان، کیرگیزستان، تاژیکستان ... »
ئایا دەکرێ، نموونەی « برۆکسل »، لەو کۆمارانەی « یەکێتی سۆڤێت »ی پێشوو تاقیبکرێتەوە؟!! ئاخر چۆن دەبێ، مارەیە کەلە خاوەن خاکەکان و مارەیەکیش، کەمە نەتەوەیی « ڕووس »، لەو دەوڵەتە نوێیانەدا، دەسەڵاتدارین و فرمانڕەوایی دەوڵەتەکان بکەن؟!! نە هەرگیز شتی وا بووە، نە هەرگیزا و هەرگیزیش، هیچ گەلێ ئەوە قەبووڵدەکا!!! *

ستۆکهۆلم
2005. 10. 03

* * *

تێبینیی:
* ئەم سێ گوتارەی دوایی، بۆ ئەو کتێبە ئامادەکرابوو، کە ڕۆژی « 2004. 09. 03 »، لەگەڵ دکتۆر « جەبار قادر »، لە بەرنامەی - Pevajo »، لە « Rojtv » پێشکەشکرا. بەڵام، بە داخێکی گرانەوە نەمتوانی، شتێکی ئەوتۆی لێ باسکەم، چونکە بەڕێوەبەری بەرنامە « حەسەنی قازیی »، بەرنامەی خۆی هەبوو، پێش ئەوەی، ئێمە بگەین، پرسیارەکانی دارشتبوو، نەدەکرا، لێی لادەین. لەبەرئەوە، بە پێویستم زانی، بە سێ گوتاری جیاجیا بڵاویانکەمەوە!
1* بۆ نووسینی ئەم گوتارە، کەڵک لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Bonniers lilla uppslagsbok, 1989.

« ڕێفراندۆم » و « هەڵبژاردن »

گومانی تێدا نییە، پێوەندییەکی بەهێز، لە نێوان هەر دوو زاراوەی ڕامیاریی « ڕیفراندۆم » و هەڵبژاردندا هەیە. چونکە، لە هەر دوو پرۆسەکەدا، بەپێی چەن مەرجێکی دیارییکراو، زۆربەی ڕۆڵەکانی گەل، بەشداریی تێدا دەکەن و لە کەشێکی دیمۆکراسیی و ئازاددا، پرۆسەکان بەڕێوەدەچن. بەڵام، هەر یەکەیان، ئامانجێکی جیاوازیان هەیە و بۆ مەبەستێکی تایبەتیی ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە: « ڕیفراندۆم »، بۆ بەلاداخستنی گرفتێکی چارەنووسساز سازدەکرێ، وەک ئەوەی، گەلێکی دیارییکراو بیەوێ، بڕیار لە سەر مافی چارەنووسی خۆی بدا، سیستێمێکی کۆن گۆڕکا و یەکێکی دیکەی نوێ هەڵبژێرێ، لە بەرەیەکی سەربازیی گەورەدا بەشدارەیبکا، دروشم، ئاڵا یا دراوی دەوڵەتەکەی خۆی بگۆڕێ ... تاد.

بەڵام، پرۆسەی هەڵبژاردن، هەر بە ناوەکەی خۆیدا دیارە، ڕۆڵەکانی گەلێکی دیارییکراو دەیانەوێ، سەرۆک و ئەندامانی دەزگە جیاجیاکانی « شارەوانیی، میریی و پەرلەمان » هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی، هەموو کارە نێوەکیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتەکە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەبەرن.

دەکرێ، هەر دوو پرۆسەکە، لە نێو گەلێکی دیارییکراودا ئەنجامبدرێ، بێ ئەوەی، هیچیان کارێکی خراپ، لەوی دیکەیان بکەن، تا، هەموو ئەو کێشە گرنگانەی هەیانە، بەلادابخرێ. بۆ نموونە: ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەتوانن، « ڕیفراندۆم »ێکی ئازادانە بەئەنجامبگەیەنن، تا، کێشەی چارەنووسی کورد و ئایندەی « باشووری کوردستان »، لەگەڵ « عێراق »دا یەکلاییکەنەوە. لە هەمان کاتیشدا دەتوانرێ، هەڵبژاردنێکی گشتیی، بۆ دەزگەکانی شارەوانیی پارێزگەکان و پەرلەمانی « کوردستان » سازکرێ.

هەروەها دەکرێ، هەر دوو پرۆسەکە، لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتماندا، لە یەک کاتدا ئەنجامبدرێ. بۆ نموونە: گەر دەوڵەتی « عێراق » بگرین، گەلە جیاوازەکان، لە نیشتمانە جیاجیاکانی خۆیاندا، یا خەڵکی هەرێمە جیاوازەکان دەتوانن، « ریفراندۆم »ێکی ئازادانە، لە سەر ئایندەی هەرێمەکانیان سازکەن. لە هەمان کاتیشدا دەکرێ، هەڵبژاردنی تایبەتیی، بۆ نێوچە و هەرێمەکانی خۆیان بکەن و لە هەڵبژاردنی گشتیی سەرانسەریی « عێراق »یشدا، بەشدارییبکەن. ئەمەش لە کاتێکدا دەکرێ، کە هەموو کێشە سەرەکیی و گرفتە گەورەکانی ئەو گەل و هەرێمانە، بە تەواویی چارەسەرکرا بێ. « عێراق »، بە ڕاستیی، دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمان بێ، لە دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتدا، دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلە جیاوازەکاندا نرابێ، سنووری هەرێمەکان دەستنیشانکرابێ، مەترسیی پەلاماردان، جینۆساید و پێکەوەلکاندنی بە زۆر، لە ئارادا نەبێ!

بەڵام، با سەرنجێکی سەرپێیی، لە باری نەتەوەیی گەلی کورد و ڕەوشی رامیاریی « باشووری کوردستان » بدەین، تا بزانین، ئایا، هەموو کێشە و گرفتەکانی کورد، لەو بەشەی « کوردستان »دا چارەسەرکراوە؟!! ئەو غەدرە گەورە مێژووییەی، هەشتا ساڵە لە گەلی کورد دەکرێ، بنەبڕکراوە؟!! داگیرکردنی « کوردستان »، شوێنەواری بەعەرەبکردن و کۆچپێکردن، بە تەواویی سڕاونەتەوە؟!!

هەڵبەتە، هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر، هەموو عەرەبێکی خاوەن ویژدان و مرۆڤپەروەر، دان بەو ڕاستییەدا دەنێ، تا ئەورۆ، شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، کە بە تەواویی، ئەو کارە درندانانەیەی « بەعس »ی فاشیی و سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » بسڕێتەوە. لەبەرئەوە، لێرەدا، پرسیارێ خۆی قووت دەکاتەوە: ئایا، لەم قۆناغە ناسکەی گەلی کورد و دەوڵەتی « عێراق »ی پێدا تێپەڕدەبێ، کام پرۆسەیەیان، بۆ ئایندەی کورد پێویستترە و دەبێ، لە پێشدا ئەنجامبدرێ؟!! ئایا، بە پلەی یەکەم، بایەخ بە پرۆسەی « ریفراندۆم »ی « باشووری کوردستان »، یا بە هەڵبژاردنی گشتیی « عێراق » بدرێ؟!!

هەموو مرۆڤێکی ژیر، لە وەڵامدا دەڵێ: دەبێ، پرۆسەی « ریفراندۆم »، پێش هەڵبژاردنی گشتیی « عێراق » بکرێ. چونکە پێشەکیی دەبێ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بڕیار لە سەر ئەوە بدەن، ئایا، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەمێننەوە، یا دەیانەوێ، دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دادەمەزرێنن؟!! واتە: دەبێ، ڕۆڵەکانی کورد، پاشەڕۆژی نەتەوەیی و ڕامیاریی خۆیان، بە تەواویی دەستنیشانکەن، بڕیاری سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی « کوردستانیی » بدەن،

یا، مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی « عێراق »دا پەسەندکەن. کەواتە: چ پێویستدەکا، تا پرۆسەی « ریفراندۆم » بەڕێوە نەچێ، ڕۆڵەکانی کورد، بەشداریی لە هەڵبژاردنی « عێراق »دا بکەن؟!! ئاخر، بەشداریی لە هەڵبژاردنی کام دەوڵەتدا دەکەن؟!! ئەو دەوڵەتەی تا ئێستەش، دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا نانێ! بەشداریی لە کام هەڵبژاردندا دەکەن؟!! ئەو هەڵبژاردنەوەی، پتر کۆتوپێوەندیی دیلێتیی، لە دەس و پێیی ڕۆڵەکانی گەلی کوردەوە دەئاڵێنێ؟! کێ هەڵدەبژێرن؟!! ئەو سەرکردە عەرەبە شۆڤێنیستانەی هەر لە ئێستەوە، هەڕەشەی جینۆسایید لە کورد دەکەن!

سەیر ئەوەیە، بزووتنەوەی « بەرەو ریفراندۆم » لە « باشووری کوردستان »، تا ئێستە، بە شێوەیەکی فەرمیی و بە ڕاشکاویی، هەڵوێستی خۆیان، بەرانبەر بە پرۆسەی هەڵبژاردنی دەزگەکانی دەوڵەتی « عێراق » دەر نەبڕیوە! لەوە دەچێ، بێ دەنگیی، مایەی قایلبوونیان بێ! چونکە، هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار و زلهێز، بە دڵ و بە گیان، بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکە دەکۆشن، هەر لە ئێستەشەوە، پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن و کۆمیتەی هەڵبژاردنیان، لە نێوەوە و لە دەرەوەی وڵات درووستکردووە، تا بە شێوەیەکی باش، بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتیی « عێراق »دا بکەن. ئاخر، چۆن دەبێ، یەکێ ئەندامی بزووتنەوەی « ریفراندۆم » بێ، لە هەڵبژاردنی دەزگەکانی دەوڵەتی « عێراق »دا بەشدارییبکا؟!! کەواتە، چ پێویست بە بزووتنەوەی « ریفراندۆم » دەکا؟!! بەڵگەی بوونی چییە؟!! ئەمە خۆی لە خۆیدا، چەن خاڵێکمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

1. ئەو بزووتنەوەیە، هەر لە سەرەتاوە، بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نەبووە.

2. بزووتنەوەی « ریفراندۆم »، بۆ مەبەستی گوشارخستنە سەر دەوڵەتی « عێراق » درووستبووە، تا، دان بە سیستێمی « فیدراڵیی »دا بنێ، نەک لە نێوان مانەوە و جیابوونەوە لە « عێراق »، کۆمەڵانی خەڵکی کورد سەرپشککا! بۆ نموونە: وەک چۆن، « ریفراندۆم »ی ساڵی « 1925 »ی « کۆمەڵەی گەلان »، لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری « تورکیا » و « عێراق »دا، لە نێوان دوو شتی خراپدا، ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان سەرپشککرد، یەکێکیان هەڵبژێرن، بێ ئەوەی، مافی ئەوەیان دابنێ، دەنگ بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی « کوردستانیی » بدەن!

3. لێپرسراوانی بزووتنەوەی « ریفراندۆم »، یاریی بە هەست و هۆشی، ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکەن. چونکە بزووتنەوەکە، تەنیا گەمەیەکی ڕامیاریی نەبێ، هیچی دیکە نییە!

لەبەرئەوە، گەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »، لە نێوان هەڵبژاردنی گشتیی دەزگەکانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » و پرۆسەی « ریفراندۆم »دا سەرپشککرێن، گومانی تێدا نییە، دەبێ، بەشداریی لە هەڵبژاردندا نەکەن و هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی « ریفراندۆم »ێکی دیمۆکراسیی و ئازاد بدەن، تا، بە شێوەیەکی بنەبڕیی، کێشەی کورد، لە نێوان مانەوە لە نێو سنووری چوارچێوەی دەوڵەتی « عێراق » و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆی « کوردستانیی »دا یەکلاییکەنەوە.
جارێکی دیکەش دووبارەیدەکەمەوە، پرۆسەی « ریفراندۆم »، لە پێش هەڵبژاردنی دەزگەکانی دەوڵەتی « عێراق »ەوە دێ. بەڵام، گەر لە بەر هەر هۆیەک بێ، ڕێ نەدرێ، پرۆسەی « ریفراندۆم » لە « باشووری کوردستان » بەڕێوەبچێ، یا، هەر وەک چۆن، سەرکردایەتی « پارتیی » و « یەکێتیی »، هەر لە ئێستەوە، دەهەوڵ بۆ هەڵبژاردنی « عێراق » دەکوتن، بێ ئەوەی، هیچ جۆرە مافێکی نەتەوەیی و ڕامیاریی گەلی کورد، بە تەواویی دانی پێدا نرابێ، چارەنووسی ئەو نێوچانەی، لە ژێر باری بەعەرەبکردندا ماونەتەوە، بە لایەکدا خرابێ، ئەوا، پێویست ناکا، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکەن!
هەڵبەتە، پرۆسەی « ریفراندۆم »، هەر وا کارێکی ئاسان نییە، جگە لەوەی، لە نێوخۆی گەلەکەی خۆماندا، کارێکی زۆر و خۆ ئامادەکردنێکی باشی دەوێ، دەبێ، لە هەمان کاتیشدا، حسێب بۆ دوژمنەکانی نێوخۆ، نێوچەکە و جیهانیش بکرێ.
چونکە، شتێکی ئاشکرایە، هیچ پارتێکی عەرەبیی و سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، هەرگیز بەوە قایل نابن، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، دەنگ بۆ سەربەخۆیی تەواوی « کوردستان » بدەن. هەروەها، هیچ دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەری « کوردستان »، لەگەڵ لەتوپەتکردنی خاکی « عێراق »دا نین و دژایەتیشیدەکەن. جگە لەوەی، دوور نییە، « ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان »، هەر لە بنەڕەتدا، ئەو بیرە رەتکاتەوە، سەرپەرشتیی پرۆسەی « ریفراندۆم » لە « باشووری کوردستان »، لە ئەستۆی خۆی بگرێ!
هەروەها، دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانیش، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆی « کوردستانیی »دا نین. چونکە، تا ئێستە، بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانە، لە « عێراق »ێکی یەکگرتووی بێ جەنگ و ئاژاوەدا خۆی دەنوێنێ. لەو بارەیەشەوە، ئەزموونی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک « چین » و دەوڵەتۆچکەیەکی وەک « تایوان »مان لەبەرچاوە، چۆن ڕۆڵەکانی گەلی

« تایوان » دەیانەوێ، لە ڕێی « ڕیفراندۆم »ێکی ئازادەوە، پێوەندیی دەوڵەتەکەیان و پاشەڕۆژی گەلەکەیان، لەگەڵ دەوڵەتی « چین »دا یەکلاییکەنەوە. کەچیی، سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی « چین »، وەک پارتێکی دیکتاتۆر، نەک هەر دژی پرۆسەی « ڕیفراندۆم » وەستاوە، بەڵکوو، هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزیشیان لێ دەکا. لە هەمان کاتیشدا دەبینین، هەر دوو دەوڵەتی زلهێزی « ئەمێریکا » و « فەرەنسە »ش، کە خۆیان بە قەڵای دێمۆکراسیی و ئازادیی دەزانن، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئابووریییان، وا پێویست دەکا، دژی داواکاریی گەلی بێ چارەی « تایوان » بوەستنەوە و لەگەڵ « چین »دا، هاودەنگبن!

ئاشکرایە، دوای ئەوەی، سەرکردەی هەر دوو پارتی گەورە: « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورددا سەرکەوتوو نەبوون، دانوستانێکی خراپیان، لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا کرد، بەوە قایلبوون، ئێوچە بەعەرەبکراوەکان، هەر بەو شێوەیە بمێننەوە، تا هەڵبژاردن دەکرێ و میرییەکی هەڵبژێردراو دروستدەکرێ، ئەو ئێوچانە، بۆ سەر « باشووری کوردستان » نەگەڕێنەوە. هەروەها، بەوەش قایلبوون، سیستێمی « فیدراڵیی »، لەو ئێوچانەدا نەچەسپێندرێ و ڕۆڵەکانی کورد دەنگ نەدەن! وەنەبێ، ئەمەشیان لە ڕۆڵەکانی گەل شاردبێتەوە و لەو دیو پەردەی شانۆی ڕامیاریی « عێراق »ەوە کردبێتیان، بەڵکوو، زۆر بە ئاشکرا، ئەو کارەیان کردووە و بۆ « ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی کاتیی عێراق »یشیان واژووکردووە. چونکە، لە بڕگەی « 53 » خاڵی « ب و ج »دا، ئەو دەقانە، زۆر بە ڕوونیی تۆمارکراوە و هەر دوو سەرکردەی پارتی گەورەش، بە ئارەزووی خۆیان واژوویانکردووە.

ئینجا دەڵێم: دوای ئەو گوتارە شۆڤێنیستانەیەی سەرۆکی خێڵی « شەمەر » و میریی کاتیی « عێراق »، کە هەڕەشەی جەنگ و لەنێوبردنی لە کورد کردووە، گەلی کورد، دوو چەکی گەلێ گرنگ و کاریگەری بە دەستەوە ماوە، تا داواکارییە نەتەوەیی و ڕامیارییەکانی خۆی، بە سەر کاربەدەستە عەرەبەکانی « عێراق »دا بسەپێنێ. ئەویش ئەوەیە: ڕۆڵەکانی گەلی کورد و پارتەکانی، بەشداریی لە هەڵبژاردندا نەکەن، گوژمێکی بە تین بە بزووتنەوەی « ڕیفراندۆم » بدەن و هەوڵێکی تەواو، بۆ سازدانی بدەن. ئەگینا، لە بەرانبەر ئەو بۆچوونە شۆڤێنستیی و ڕەگەزپەرستانەیەی سەرانی عەرەبدا، سەرانی پارتەکانی « باشووری کوردستان »، هیچ جۆرە چەکێکی کاریگەر و گرنگیان، بەدەستەوە نەماوە، جگە لەو دوو چەکە دێمۆکراسیی و ڕەوایە نەبێ!

هەموومان دەزانین، ئەوڕۆ، گەلی کــــورد، لە مێژووی « عێراق » بە گشتیی و « باشووری کوردستان » بە تایبەتیی، بە قۆناغێکی گەلێ ناسک و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێ. گەر ئێستە، ڕیزەکانمان یەک نەخەین، داواکاریی و ئامانجەکانمان دەستنیشـان نەکەین، پێ لە سەر بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و ڕامیارییەکانی کورد دا نەگرین، ئەوا، ئەم هەلە مێژووییەشمان لەکیسدەچێ، هەر وەک چۆن، هەلی دوای یەکەمین جەنگی جیهانیمان لەدەسچوو! بە تایبەتیی، ئەوڕۆ لە هەموو ڕۆژێ زیاتر، هەموو کارتەکانی گەمەی ڕامیاریی، سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » ئاشکرابووە، دید و بۆچوونی سەرکردایەتی پارتە ڕامیارییەکانی عەرەب ڕوونبۆتەوە. چونکە، تا ئێستە، ئەو سەرە شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستانە، بە تەواویی، دانیان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا نەناوە و نیازیشیان نییە، هەرگیز، دانی پێدا بنێن، گەر گوشاری ڕامیاریی و دیپلۆماسییان لە سەر نەبێ. چونکە، ئەوەی دەیڵێن و دەینووسن، جێبەجێی ناکەن و هەر زوو لێی پەشیماندەبنەوە. جا گەر وا نییە، ئەوا پتر لە ساڵێ دەبێ، ڕژێمی « بەعس » ڕووخاوە و « سەددام » دەستگیرکراوە، کەچیی، خاڵی « 58 »یان پشتگوێخستووە و نایانەوێ، هەر باسیشیبکەن، چونکە، باش دەزانن، بە زیانی خۆیان و بە قازانجی کورد تەواودەبێ !

لە ڕاستییدا، ئەم قۆناغە پڕ لە مەترسیی و ئاڵۆزە، هەر لە ئەزموونی ساڵەکانی نێوان « 1920 - 1925 » دەچێ، کاتێ ئیمپریالیزمی « بریتانیای گەورە » و عەرەبە نۆکەرەکانیان، دەوڵەتی « عێراق »یان دامەزراند، بە بەڵێنی درۆ، بە ناوی برایەتی ئایینیی و کۆماری هاوبەشەوە، دەستی کوردیان بڕی! ئەوا پتر لە هەشتا ساڵ دەبێ، « باشووری کوردستان » بە دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »ەوە لکێنراوە، جگە لە داگیرکردن، چەوساندنەوە، کاولکردن، تالانکردن، سووکایەتیپێکردن، کوشتن و بڕین، ئەنجامەکەی چی دیکە بووە؟!! چ جۆرە خۆشیی، ئازادیی و سەربەخۆیییەکی نەتەوەییمان، لە سەرانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە دیوە؟!!

لەبەرئەوە، با ئەم هەڵە گەورە مێژووییە دووبارە نەکەینەوە، بەشداریی لە دەنگدانی هەڵبژاردنی دەزگەکانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا نەکەین، وەک مافێکی ڕەوا و دیمۆکراسیی خۆمان، کەڵک لە مانگرتن و خۆپیشاندان وەرگرین، تا، هەموو مافە نەتەوەیی و ڕامیارییەکانی خۆمانیان، بە سەردا دەسەپێنین. ئێمە دەبێ، پێش ئەوەی هەڵبدەین، ماڵی خەڵکی دیکە ئاوەدانکەینەوە، ماڵە کاولەکەی خۆمان ڕێکخەین و ئاوەدانیکەینەوە. چونکە، ئێمە پێش ئەوەی « عێراقیی » بین، خەڵکی « کوردستان »ین، گەر عەرەبەکانی

« عێراق »، ڕێز لە بوونی نەتەوەییمان نەگرن، دان بە مافە ڕەواکانماندا نەنێن، بچوکترین مافی دیمۆکراسییمان پێ ڕەوا نەبینن و هەڕەشەی لەنێوبردنمان لێ بکەن، ئیدی بۆ دەبێ، خۆمان بە « عێراقیی » بزانین و ئاسنی سارد بکوتین؟!!

ئێمە کوردین و لەگەڵ گەلی عەرەبدا، جیاوازییەکی زۆرمان هەیە. چونکە، ئەوان بە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و ڕامیاریی خۆیان گەیشتوون. بەڵام، ئێمە تا ئێستە، هیچ جۆرە مافێکی نەتەوەیی و ڕامیارییمان نییە! ئەوان گرفتی تایبەتیی خۆیان هەیە و ئێمەش، بە گرفتی ژێردەستیی، نەبوونی ئازادیی، سەربەخۆیی و دەوڵەتی ناسیۆنالەوە دەناڵێنین! بۆیە دەبێ: لە « کوردستان »ەکەی خۆمانەوە دەستپێبکەین، هەر کاتێ، ماڵە وێرانەکەی خۆمان ئاوەدانکردەوە، مافە زەوتکراوەکانمان دابینکرا، نیوچە داگیرکراوەکانمان بۆ گەڕایەوە، ئەو کاتە دەتوانین، سەرە داوی دیالۆگێکی شارستانیی و دیمۆکراسییانەی ئازاد، لەگەڵ نوێنەرانی گەلی عەرەبی « عێراق » گرێدەین، لە سەر چەن خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوین، زەمانێکی نێوکۆیی ڕامیاریی بدۆزینەوە، تا، ڕۆڵەکانی گەلی کوردیش، وەک ڕۆڵەکانی گەلی عەرەب، بە ئازادیی و سەربەخۆیی، لە دەوڵەتی « عێراق »ی هاوبەش و دیمۆکراسیدا بژین.

لەبەرئەوە، تا ئەو ئامانجانە بەدی نەیە، داوا لە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردی « باشووری کوردستان » دەکەم، بە هیچ جۆرێ، بە بانگەشەی هەڵخەڵەتێنەرانەی سەرکردایەتی هەر دوو پارتی فەرمانڕەوی « باشووری کوردستان » هەڵ نەخەڵەتێن، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی « عێراق »دا نەکەن، تا، سەرانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە، دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورددا دەنێن. ئاخر، کاتێ دەبێ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە هەڵبژاردنی « عێراق »دا بەشدارییبکەن، کە ئومێدیان بە پرۆسەی « ریفراندۆم » نەمابێ و لێپرسراوانی « عێراق »یش، ئەم خاڵانەی خوارەوەیان جێبەجێکردبێ:

1. هەموو ئەو نێوچانەی لە « کوردستان » دابڕاون و بە « عێراق »ەوە لکێنراون، یا، هەموو ئەو نێوچانەی، لە هەر دوو پارێزگەی « کەرکووک » و « هەولێر » کراونەتەوە و بە پارێزگەیەکی دیکەوە بەسراونەتەوە، بۆ باری ئاسایی پێش پرۆسەی بەعەرەبکردن بگێڕدرێنەوە.
2. هەموو عەرەبە هێنراوەکان، بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە.
3. هەموو کوردە دەرکراوەکان، بۆ جێی خۆیان بگەڕێنەوە.
4. قەرەبووی زیانەکانیان بکرێ.

5. دان بە سنووری جوگرافیایی سروشتیی « باشووری کوردستان »، هەر لە « زاخۆ »وە تا « خانەقین » بنێن.
6. دان بە فیدراڵیی جوگرافیایی و ڕامیارییدا بنێن.

ئەگینا، گەر وا نەبێ، نابێ، بە هیچ شێوەیە، ڕۆڵەکانی گەلی کوردی چەوساوە، بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن. بەڵکوو دەبێ، تەنیا هەر ئەو کاتەی، مافە ڕەواکانیان دەستنیشاندەکرێ و دانی پێدا دەنرێ، بەشداریی بکەن. بەلام، گەر تا ئێستە، سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، ئەو خالانەیان جێبەجێ نەکردووە، ئەوا، بەشدارییکردن لە هەڵبژاردندا، جارێکی دیکە، ڕەوایی بە دەسەلاتی « عێراق » و داگیرکردنی « باشووری کوردستان » دەداتەوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا، جگە لەوەی، تەمەنی دیلێتیی گەلی کورد درێژدەکاتەوە، ناپاکییەکی مێژوویی نەتەوەییش نەبێ، هیچی دیکە نییە!

ستۆکهۆڵم
2004. 11. 04

* * *

تێبینی :
ئەم گوتارە، تا ئێستە، سێ جار بلاوکراوەتەوە. یەکەمین جار: لە « **Kurdistanpost** »، دووەمین جار: لە « **Klawrojna** » و سێیەمین جاریش: لە هەفتەنامەی « هاوڕێ »دا بوو.

دەربارەی هەڵبژاردنەکان

کاتێ « جۆرج بوش »، ڕۆژی « 2004. 11. 03 » بۆ دووەمین جار هەڵبژێردرایەوە، « جۆن کێریی » ڕکەبەری، بە تەلیفۆن قسەی لەگەڵ کرد و پیرۆزبایی لێ کرد. بە ڕۆڵەکانی گەلەکەشی گوت: ئێمە هەموومان، خەڵکی « ئەمێریکا »ین و « ئەمێریکا »ش بەرەو پێشەوە دەڕوا. هەوڵبدەن، یارمەتیی « بوش » بدەن، تا بە هەموومان، گرفتەکانی « ئەمێریکا » چارەسەرکەین.

ئایا، گەر « بارزانیی » یا « تاڵەبانیی »، لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا، یەکێکیان دەرچووایە و ئەوی دیکەیان دەر نەچووایە، ئەو هەڵوێستەیان دەبوو؟!! لە وەڵامدا دەڵێم: نەخێر. چونکە، لە لایەکەوە، ئەزموونی تاڵی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمان و لە لایەکی دیکەشەوە، لیستی هاوبەشی ئەم جارەیان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، نەک هەر پیرۆزباییان لە یەکدی نەدەکرد، بەڵکوو، بە جەنگی سەرتاسەرییش، وەڵامی یەکدیان دەدایەوە!

ئاخر، تا ڕژێمی « بەعس »ی فاشیست و « سەددام حوسێن »ی دیکتاتۆری خوێنڕێژ مابوون، تا هێزەکانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی « ئەمێریکا »، دەسەڵات و سەروەرییان، بۆ عەرەبەکانی « عێراق » نەگێڕایەوە و بە هەموو لایەکیان بڕیاریان نەدا، هەڵبژاردنێکی گشتیی بکرێ، دەزگەکانی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێن، سەرانی « پارتیی » و « یەکێتیی »، جگە لەوەی، ڕێزیان لە داواکاریی ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆیان نەدەگرت، دەربارەی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانیش، هەمیشە، بە دەم شتێکیان دەگوت و بە کردەوەش، شتێکی دیکەیان دەکرد!

لە ڕاستییدا، ئەو دوو پارتە زلهێزە دەسەڵاتدارەی « باشووری کوردستان »، نیازی ئەوەیان نەبوو، هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان، لە « کوردستان »دا دووبارەکەنەوە. بەڵکوو، گەر بۆیان بلوایە، ئەو پەرلەمانە لە کارکەوتووە بێ توانایەشیان، هەر بەو شێوەیە دەهێشتەوە و گۆڕانکارییشیان تێدا نەدەکرد، نەبا، هەڵبژاردن بکرێ و لایەکیان لە لاکەی دیکەیان، دەنگ پتر بێنێ! هەر وەک چۆن، بنەماڵەی « بارزانیی » تا ماون، دەبێ، سەرۆکی « پارتیی » و « جەلال تاڵەبانیی »ش تا لە ژیاندابێ، دەبێ، سکرتێری گشتیی « یەکێتیی »

بن، نیازیان وابوو، پەرلەمانەکەش وا لێ بکەن. مەگەر ناچاربوونایە و هەڵبژاردنیان بکردایە، لایەکیان، زۆربەی دەنگەکانی بهێنایە، زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەرکەوتایە و هەر خۆشی، کابینەی میریی هەرێمی دامەزراندایە! چونکە، جگە لەوەی، یەکدییان پێ قەبووڵ ناکرێ، دەسەڵاتیشیان نەماوە، گەر لایەکیان دەرچوو، لاکەی دیکەیان ڕێکاتەوە و جەنگێکی سەرتاسەریی هەڵگیرسێنێ!
بەڵام، لەوە دەچێ، ئێستە، هیچ چارەیەکیان نەمابێ، بیانەوێ و نەیانەوێ، هەڵبژاردن، لە سەرانسەری « عێراق »دا هەر دەکرێ. چونکە، تا ئێستەش، « باشووری کوردستان »، هەر بە بەشێ لە خاک و دەوڵەتی « عێراق » دادەنرێ. خۆ ناشێ، هێندە ئازابن، بە عەرەبەکانی « عێراق » و هێزەکانی هاوپەیمان بڵێن: نەخێر، ئێمە لە « کوردستان »، هەڵبژاردنمان ناوێ، چونکە، بەرژەوەندیی پارتەکانمانی تێدا نییە! لەبەرئەوە، ئەوانیش ناچارن، بەشداریی تێدا بکەن.
بۆیە، چارەسەرێکی دیکەیان بۆ دۆزیوەتەوە، تا پەرلەمانەکە، بە هەمان شێوە بمێنێتەوە و لە دەسیان دەر نەچێ. ئەویش ئەوەیە، هەر دوولایان، بە یەک لیستی هاوبەش دابەزن و ڕکەبەرایەتیی یەکدی نەکەن. ئەمەش، لەبەر بەرژەوەندیی کورد نییە، بەڵکوو، لە ترسی یەکدی، ئەو کارە دەکەن. چونکە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان پێ هەرس ناکرێ! ئاخر، پێش ئەوەی، هەر دوو پارت، لە سەر لیستێکی هاوبەش ڕێککەون، کورسییەکانی پەرلەمان، وەک دەسکەوتی جەنگ، لە نێوان خۆیاندا دابەشکەن، بە تەواویی، ترسیان لێ نیشتبوو، نەبا، یەکێکیان بیباتەوە و ئەوی دیکەیان بیدۆڕێنێ. بۆیە، خۆیان سەرقاڵکردبوو، هەر دوو لایان، بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندەدا، بە هەر شێوەیەبێ، زۆرترین دەنگ کۆکەنەوە. لەبەرئەوە، هەر دوولایان، سەرۆک تیرە و هۆزەکانیان بانگدەکرد، دەمیان چەوردەکردن و بە دەم داواکارییەکانیانەوە دەچوون، چەندین جێی پەرستن و هۆڵی ڕۆشنبیرییشیان، بۆ « یەزدیی، کاکەیی، بابان و فەلە ... »کان دروستدەکرد! لە هەموو « کوردستان »دا، زەوییان بە سەر زیندوو و مردوو، باش و خراپ، نیشتمانپەروەر و نیشتمانفرۆشدا، دابەش دەکرد، گوندەکانیان ئاوەداندەکردەوە، بێ کارەکانیان، لە دەزگە جیاجیاکانی میریی هەرێمدا دادەمەزراند، پارەیەکی زۆری بێ ئەندازەیان تەرخانکردبوو، بە ڕاست و چەپدا، بە سەر کەسانی بودەڵە و بێ هەڵوێستدا دەیانبەخشییەوە، تا دەنگیان بۆ بدەن، وەک چۆن، جادووگەرەکانی « سێرک »، هێلکەیان دەکرد بە ئارد و ئاردیشیان دەکرد بە

هێلکە، ئەوانیش، لە دزیی و فزییدا، لە خەڵک کرێندا، هێندە زیرەک و بلیمەت بوون، بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، لە چاوتروکاندنێکدا، جاشیان بە باش، خراپیان بە چاک دەگۆڕییەوە، ناسنامەی نیشتمانپەروەرییان، بە ناپاکان و سەرکردەکانی « ئەنفال » دەبەخشی. تەنانەت شەهیدەکانیشیان، لەم پارتەوە بۆ ئەو پارت، بە پارە دەگواستەوە و لە سەر خۆیانیان تۆمار دەکردن! تا دەنگی خزم و ناسیاوەکانیان، بۆ خۆیان مسۆگەرکەن، لە سەر حسێبی کێشە نەتەوەیی و ڕامیارییەکەی کورد، پشتی یەکدی لە زەویی بدەن. جا خوای دەکرد، کورد قڕێتێدەکەوت و « کوردستان »یش، بە تەواویی وێراندەبوو! ئاخر، کام « کوردستان »، گەر « مەسعوود بارزانیی »، سەرۆکی گەلی کورد نەبێ، یا، « جەلال تاڵەبانیی »، ڕابەری هەرێم نەبێ؟!!

ئەوڕۆ، چ لە نێوەوە و چ لە دەرەوەی وڵات، کەسانێ هەن، دەڵێن: بۆ دەنگ بۆ پەرلەمانی « کوردستان » بدەین، خۆ ئەوان پێشەکیی، بڕیاری خۆیان داوە، هەموو کورسییەکانی پەرلەمان و پۆستەکانی شالیارگەکانیشیان، لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە؟ بە ڕاستیی، ئەمە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە.* چونکە، هەرچی چۆنێبێ، دەبێ، هەڵبژاردن لە « کوردستان » بکرێ، بەڵام، گرنگ ئەوەیە، نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکانی کورد بزانن، دەنگ بۆ کێ دەدەن! گەر ئەم بۆچوونە، لەوەوە هاتبێ، دەنگ بە لیستی « پارتیی » و « یەکێتیی » نەدەن، ئەوا دەتوانن، دەنگ بۆ لیستەکانی دیکە بدەن، تا، لە لایەکەوە، بوارێکیان بۆ بڕەخسێنن، لیستەکانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن و چەن کورسییەک، لە پەرلەماندا وەرگرن. لە لایەکی دیکەوە، لە نێو پەرلەماندا، بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا درووستبێ و هاوپەیمانێتیی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە، خۆ هەر دەبێ، پەرلەمانێکی نوێ هەڵبژێردرێ، چونکە ئەو پەرلەمانە، بە هیچ شێوەیە، مافی ئەوەی نەماوە، بە ناوی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »دا بدوێ و بڕیاربدا، لەبەرئەوەی:

1. کاتی خۆی بڕیاردرا، لە ماوەی شەش مانگدا، هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێ، چونکە، لایەنە بەشداربووەکان، بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قایل نەبوون، گزیی و دزییەکی زۆری تێدا کرا و هەموو لایەنەکانیش، خۆیان دانیان بەو ڕاستییەدا نا.

2. لەو ماوەیەدا، هەڵبژاردنەکەیان دووپارە نەکردەوە. بەڵام دەبووایە، هەر هیچ نەبووایە، دوای چوار ساڵ، هەڵبژاردنی نوێیان بکردایە. کەچیی ئەوڕۆ، وا « سێ » چوار ساڵیی، بە سەر ماوەکەدا تێپەڕیوو، هەڵبژاردنەکەیان هەر نەکردا

3. هێندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی هەر دوو فراکسیۆنی سەوز و زەرد، بەشدارییان لە جەنگی چەپەڵی نێوخۆدا کردووە و دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سووربووە. لەبەرئەوە بۆیان نییە، بە ناوی گەلی کوردەوە، هیچ جۆرە بڕیارێبدەن!

4. هەرگیز، پەرلەمانێکی ڕاستەقینە نەبووە، بەڵکوو، وەک هاوپەیمانێتییەکی نێوان « پارتیی » و « یەکێتیی » وابووە. هەر دوو سەرۆک « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، لە پشت پەردەوە، چیان بڕیاردابێ، پاشان، بە گوێی نوێنەرەکانی خۆیاندا چرپاندبێ، ئەوانیش وەک تووتیی، هەر ئەوەیان، لە نێو کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا دووبارەکردۆتەوە.

5. گەر ڕاستە، هێندێ لە ئەندامانی پەرلەمان، خاوەن فایل بوون و پێوەندییان بە دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »ەوە هەبووە، کامەیە ئەو پەرلەمانەی، هێندێ لە ئەندامەکانی، ناپاکییان لە خوێنی شەهیدان، ڕۆڵەکانی گەلی کورد و خاکی « کوردستان » کردووە؟!!

سەیر ئەوەیە، هەر کاتێ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »، پتر وشیاربووبنەوە، هەستیان بە مەترسیی نوێبوونەوەی جەنگی نێوخۆ کردبێ، هەڵەی گەورەی سەرکردەکانیان لەقاودابێ، یەکسەر، هەر دوو سەرکردەی پارتی گەورە « بارزانیی » و « تاڵەبانیی » کۆبوونەتەوە، پاشان، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسییدا و لە بەردەم کامیرای تیلیفیزیۆندا دەرکەوتوون، بە چەن ووشەیەکی بریقەداری بێ گیان، کۆمەڵانی خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە، گوایە: ئەوڕۆ لە هەموو ڕۆژێکی دیکە پتر، هەر دوو هێزی گەورە، لە سەر هەموو شتەکان، یەک دید و بۆچوونیان هەیە. ئەوەی لێرە و لەوێش دەبیسترێ، لە پڕوپاگەندەی دوژمنانی گەل پتر، هیچی دیکە نییە. پاشان گوتوویانە: چەن کۆمیتەیەکیشمان دامەزاندووە، تا هەموو کارە گرنگەکانی « سەرژمێریی گشتیی، هەڵبژاردن، گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، گرفتی کەرکووک، کێشەی ئاوارەکان ... » پێکەوە چارەسەرکەین. ئیدی، هەر بەو شێوەیە، کۆتاییان بە دیدارەکەیان هێناوە، بێ ئەوەی، هیچی دیکەی بەدوادا هاتبێ! بۆ نموونە. ڕۆژی « 2004. 07. 22 »، لە کەناڵی ئاسمانیی تیلیفیزیۆنەکانەوە، « جەلال تاڵەبانیی » گوتی: بڕیارماندا، کۆمیتەیەکی هاوبەش، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی « کوردستان » و « عێراق » پێکبێنین. کەچیی، هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ، « سالار عەزیز »، لە بەرنامەی « دیدار »دا ڕایگەیاند، ئەو کۆمیتەیە، لە نێوان هەر دوو فراکسیۆنی زەرد و سەوزدا، نزیکەی دوو مانگ بوو، دامەزرابوو. بەڵام، تا ئەو کاتە، یەک کۆبوونەوەی

نەکرابوو، هیچ جۆرە هەنگاوێکی بە کردەوە نەنابوو و هیچ جۆرە بڕیارێکیشیان نەدابوو!
با، لە هەموو ئەو کەموکووڕیی و گرفتانە گەڕێین و کەمێ باسی هەڵبژاردن بکەین. پێشەکیی دەبێ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە خۆیان بپرسن و بڵێن: ئایا، هەڵبژاردنی نوێ بۆ دەکرێ؟!! کێ هەڵدەبژێرن؟!! ئەنجامەکەی چی دەبێ؟!! ئەو پەرلەمانەی، لە دووەمین خولی هەڵبژاردندا پێکدێ، هەر وەک پەرلەمانە کۆنەکە وادەبێ؟!! ئەمانە و گەلێ پرسیاری دیکەش، سەرهەڵدەدەن و پێویستیان بە وەڵامی تێروتەسەل هەیە.
ئەز پێم وایە، گەر تەنیا هەر، هەڵبژاردن لەبەر هەڵبژاردن بکرێ، ماوەی فەرمیی پەرلەمانەکە بەسەرچووبێ، ڕەوایی خۆی لەدەستدابێ و کۆمەڵێکی دیکەی نوێ هەڵبژێرن، بێ ئەوەی، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتیی، لە دەسەڵاتی پەرلەماندا بکرێ، ئەوا، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: ئەو هەڵبژاردنە هەر نەکرێ، گەلێ باشترە. چونکە، کۆمەڵانی خەڵک لە مێژە، لەگەڵ ئەو بارە نالەبارەی « کوردستان » و ئەو کۆمەڵە پەرلەمانتارەدا ڕاهاتوون، پێویستیان بەوە نییە، کۆمەڵێ دەموچاوی نوێی دیکە بێن، ئەوانیش وەک هەڤاڵەکانی پێشوویان، ماوەیەک کەشوفش، بە سەر ڕۆڵەکانی گەلدا بکەن، بێ ئەوەی، هیچ جۆرە دەسەڵات و توانایەکیان هەبێ! ئاخر، « بەعسیی »ەکانیش لە « عێراق »، چەن جارێ، پرۆسەی هەڵبژاردنیان سازکرد، بەڵام، هەموو جارەکان وەک یەک وابوون، هیچی نوێیان تێدا نەبوو، پەرلەمانەکەش، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نەبوو، هەڵبژاردنەکانیش، وەک چەن وێنەیەک وابوون و لە بەر یەک جام شۆڕدرابونەوە!
یا گەر، هێزەکانی هاوپەیمان، پێیان لێ کردوونەتە کەوش و لە هەموو « عێراق »دا هەڵبژاردن دەکرێ، ئەمانیش ناچارن و دەبێ، دوای ئەو پرۆسە « ئەمێریکایی – عێراقیی »یە بکەون، ئەگینا، لە کاروان بەجێدەمێنن، ئەوەیان شتێکی دیکەیە و هەر لە ئێستەوە، ئەنجامەکەی دیارە!
ئەگینا، هەڵبژاردن لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەکدا بۆیە دەکرێ، تا ڕۆڵەکانی گەل، نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان، بە ئازادیی هەڵبژێرن، بێ ئەوەی، گزیی و فزیی تێدا بکرێ، یا، هەوڵی پاوەنکردنی دەسەڵات بدرێ و هێز بەکاربێنرێ! چونکە، گەر پەرلەمانێکی ڕاستەقینە هەڵ نەبژێردرێ، دەستوورێکی ڕوون و نەگۆڕی نەبێ، هەموو دەسەڵاتە سەرەکییەکانی پەرلەمان دەستنیشان نەکرێ، هەموو دەسەڵاتەکان لە یەکدی جیا نەکرێنەوە، کەسێ یا لایەنێ، لە سەروو پەرلەمانەوە دابنرێ و بڕیاربدا، لە هەمان کاتیشدا، نهێنییەکان لە گەل

بشاردرێتەوە و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بە تێلیڤیزیۆن پیشانی جەماوەر نەدرێ، ئەوا، گەلێ باشترە، ئەو پەرلەمانە هەر نەبێ! بەڵام، گەر پەرلەمانێکی کارتۆنیی بێ، لە پشت پەردەوە، « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، ئەکتەرەکانی سەر شانۆ، وەک « مەیموون » هەڵبەرێنن، چی لە بەرژەوەندیی خۆیان و پارتەکانیان بێ، ئەوەیان بە کۆتدا بچرپێنن، ئەوان، لە بری هەموو ئەندامانی پەرلەمان بڕیاربدەن، ئەوا، نە پەرلەمانێکی سەرکەوتوو دەبێ، نە پێویستیش دەکا، کۆمەڵانی خەڵک بخەڵەتێنن، خۆیان ماندوویکەن و هەڵبژاردن بکەن!

شتێکی سەیرە، هەر دوو سەرکردە ئامادەبوون، یەکێ لە پۆستەکانی سەرۆک کۆمار یا سەرۆک شالیارانی « عێراق » وەرگرن، بەڵام، یەکێکیان ئامادە نەبوو، پۆستی سەرۆک شالیارانی « کوردستان » وەرگرێ! ئەمە، گەر شتێ بگەیەنێ، تەنیا هەر ئەوەیە: دان بەو میرییەی هەرێمدا نانێن، خۆیان لە پەرلەمان و هەموو گەلی کوردیش بە گەورەتر دەزانن! واتە: زۆر بە کوڵەوە، داوای هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە و دیمۆکراسیی بۆ « عێراق » دەکەن، بەڵام، لەوە ناچێ، لە دیکتاتۆریی و پاوەنخوازیی پتر، هیچ بۆ « کوردستان » ەکەی خۆیان بخوازن! چونکە، هەرچەندە باســــی دیمۆکراسیی دەکەن، تەنانەت، « پارتیی » ئەوەتەی دامەزراوە، ئەو زاراوەیەی بە خۆیەوە لکاندووە، کە هەرگیز دیمۆکراسیی نەبووە! بەڵام، دیمۆکراسیی بە گەلی کورد ڕەوا نابینن، دەیانەوێ، گەلە سەردەستەکان دیمۆکراسیی بن، بۆ ئەوەی، گوێ لە خۆیان بگرن، بەڵام، کۆمەڵگەی کورد دیمۆکراسیی نەبێ، چونکە، ڕۆڵەکانی کورد، چاویان دەکرێتەوە و زۆر شتی خراپیان لێ قەبووڵ ناکەن!

جا، لە لایەکەوە، ناهەقیان ناگرم، چونکە، دیمۆکراسیی و سیستێمی بنەماڵە، دیمۆکراسیی و ئایدۆلۆژیای توندڕەو، دیمۆکراسیی و جەنگی نێوخۆ، هەرگیزا و هەرگیز، پێکەوە نەگونجاون و ناشگونجێن. ئاخر، دیمۆکراسیی و ئەو جۆرە خەسڵەتانە، وەک ئەوە وایە، مرۆڤێ بیەوێ، لە ئاسمان، تەلارێکی چەن نهۆم دروستکا! هەڵبەتە، ئەزموونی تفتوتاڵی دوازدە ســــــــــاڵەی پەرلەمانی « کوردستان » یشمان لەبەرچاوە، نەک هەر هیچ دەسەڵاتێکی ڕەوای نەبوو، بەڵکوو، جگە لەوەی، هێندێ لە ئەندامەکانی، شیاوی ئەوە نەبوون، ئەندامی پەرلەمان بن، چونکە، بێ توانابوون، ئاستی ڕووناکبیریی و ڕامیارییان نزم بوو، ئاگایان لە زۆر ڕووداوی مێژوویی و ڕامیاریی نێوچەکە و جیهان نەبوو. لەبەرئەوە، ئەو دوو فراکسیۆنە لە نێو پەرلەماندا، وەک دوو لقی سەربازیی وابوون، هەر کاتێ، سەرکردەکانیان فرمانیان پێ کردبێ، بێ دەمەتەقێ و ناڕەزاییدەربڕین، یەکسەر قایلبوون! گەورەترین بەڵگەش، بۆ بێ توانایی و بێ

دەسەڵاتیی ئەندامانی پەرلەمانەکە ئەوەیە: کاتێ جەنگی قڕێژی نێوخۆ، لە نێوان « پارتیی » و « یەکێتیی »دا بەرپابوو، نەک هەر نەیانتوانی، ئاوێکی سارد بەو ئاگرە گەرمەدا بکەن و بیکوژێننەوە، بەڵکوو، خۆشیان بەشدارییان تێدا کرد و پەرلەمانەکەش لەکارکەوت! یا، دوای ئەوەی، ڕژێمی « بەعس » ڕوخا، نەک هەر نوێنەرانی پەرلەمان، لەگەڵ نوێنەری عەرەبەکانی « عێراق »دا دا نەنیشتن و بە ناوی گەلی کوردەوە قسەبکەن، بەڵکوو، یەک بڕیاریش چییە، لە هیچ بارەیەکەوە دەریان نەکرد. تەنانەت، شاندێکی نەنارد، باسی کێشەی کوردیان لەگەڵ بکا! کەچیی، هەر زوو، « بارزانیی » و « تاڵەبانیی »، هەر یەکە بە جیا و بە پەلە، خۆیان گەیاندە « بەغدا »ی پێتەخت، بە ناوی خۆیان و پارتەکانیانەوە، دەسیان بە ڕاموسانی سەرانی پارتەکانی « عێراق » کرد، سەردانی مەلا، شێخ و پیاوە ئایینییەکانیان کرد، وایاندەزانی، بەو کارەیان، هەموو مافەکانی گەلی کورد دەستەبەردەکرێ! نەیاندەزانی، لە ماڵوێرانیی پتر، هیچی دیکەی لێ شین نابێ! چونکە، ناکۆکیی و دووبەرەکیی، هەمیشە بە فاکتەرێکی لاواز و بێ دەسەڵاتیی، تەبایی و یەکێتییش، بە فاکتەرێکی هێز و دەسەڵات دادەنرێ! یا گەر پەرلەمان، پەرلەمانێکی ڕاستەقینە بووایە، هەڵبەتە دەبووایە، دوو بەڕێوەبەرێتی لە دوو شاری « کوردستان »دا دا نەمەزرایە، هەر دووکیان هەڵوەشاندایەتەوە، میرییەکی یەکگرتوو و بەهێزیان پێکبێنایە! ئیدی بۆ دەبێ، هەر لە ئێستەوە نیگەران نەبین و چاوەڕێی کاری چاکە، لە سەرکردەکانی ئەو دوو پارتە بکەین، گەر ئەوە ڕابردوویان بێ، ئەوە ئەزموونی پڕ لە شکست و کەموکووریی پەرلەمانەکە بێ و ئەوەش، پلانی نوێی هەڵبژاردنی داهاتوویان بێ؟!!

کەواتە: دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵە، ڕۆڵەکانی کورد نابێ، دەنگی خۆیان، بە نوێنەرانی « پارتیی » و « یەکێتیی » بدەن. بەڵکوو، زۆر پێویستە، بە زووترین کات، دەستە و توێژە ڕووناکبیر و کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان کۆببنەوە، لە سەر بەرنامەیەکی دیارییکراوی هەڵبژاردن ڕێککەون، لیستێکی هەمەڕەنگەی نیشتمانپەروەر ڕێکخەن، لە هەموو جۆرە خاوەن پیشە و بەهرەیەکی تێدابێ، بە ناوی لیستی بێلایەن و کوردپەروەرانەوە دابەزن. گەر زۆربەی دەنگەکانی گەلیان هێنا، ئەوا دەتوانن، کۆمەڵێکی شارەزا و تێکنۆکرات کۆکەنەوە، میرییەکی بە توانا و لێهاتوو پێکبێنن!

سێ جۆر هەڵبژاردن:

بڕیار وایە، لە سەر سێ ئاستی جیاواز، سێ جۆرە هەڵبژاردن لە « عێراق »دا بکرێ:

1. هەڵبژاردنی گشتیی: ئەم جۆرەیان، لە سەر ئاستی هەموو نێوچەکانی «عێراق» دەکرێ. ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆک کۆماری تێدا هەڵدەبژێردرێ. واتە: «عێراق»، بە یەک نێوچەی هەڵبژاردن دادەنرێ.

2. هەڵبژاردنی پارێزگەکان: ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیی تێدا هەڵدەبژێردرێ.

3. هەڵبژاردنی تایبەتیی: ئەم جۆرەشیان، لە سەر ئاستی نێوچە ڕزگارکراوەکانی «باشووری کوردستان» دەکرێ و لە نێوچەکانی «کەرکووک، خانەقین، شەنگار ... هتد ناکرێ. تەنیا، ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمیشی تێدا هەڵدەبژێردرێ.

ئەز پێم وایە، هەموو کوردێ دەبێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی «کوردستان» و ئەنجوومەنی هەموو شارەکانی «سولەیمانیی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک و مووسڵ هتد بکا. بەڵام، هەرگیز نابێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەوڵەتی داگیرکەری «عێراق هتد بکا، تا سەرانی عەرەب، دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورددا دەنێن.1*

ئەوەی ئەوڕۆ، لە زۆربەی زۆری ئەندامە کچکە و گەورەکانی «پارتیی» و «یەکێتیی» دەبیستێن و دەبینین، ئەوەیە: زۆر بە کوڵودڵ، پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی «عێراق» دەکەن، پتر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی «کوردستان»، هەوڵی بۆ دەدەن و خۆیانی پێوە ماندوو دەکەن. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، گەر «بارزانیی» و «تالەبانیی» بڵێن: بەشداریی لە هەڵبژاردندا مەکەن، ئەوا، بوقی پڕوپاگەندەکانیان، بە گۆشەیەکی «180» پلەیی بادەداتەوە، دژی پرۆسەی هەڵبژاردن دەدوێن، زیانە گەورە و گرانەکانی ڕوون دەکەنەوە، گەلێ گوتاریشی لە سەر دەنووسن، هەر وەک چیرۆکی پڕ لە سەیر و سەمەرەی شالیار و «باینجان هتد»ەکەی لێدێ. چونکە ئەمانیش، شالیاری «باینجان»نین و ئەندامی ئەو دوو پارتەن، چییان لە بەرژەوەندیی کورد و ئایندەی «کوردستان» داوە!

هەڵبەتە، هەموو ئەو کوردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزانەی ئایانەوێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و داڕشتنەوەی بنچینە سەرەکییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری «عێراق هتد بکەن، هەروا بە خۆڕایی نییە، بەڵکوو، زۆر بە ئاشکرا دەبینن: لە لایەکەوە، لێپرسراوانی پارت و دەوڵەتی «عێراق»، دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا نانێن. لەلایەکی دیکەشەوە، سەرکردایەتی هەر دوو پارتی گەورەی «باشوور»، جگە لەوەی، هەلە مێژوویییەکەیان لەکیس کورد دا، هێندەش ئازا و کوردپەروەر نین، تەنیا بۆ جارێ، بە سەرانی ئەو

دەوڵەتە بڵێن: تا، هەموو عەرەبە هێنراوەکان، هەموو کوردە دەرکراوەکان، بۆ زێدی تایبەتیی خۆیان نەگەڕێنەوە، هەموو ئەو ناوچانەی لە « کوردستان » دابڕاون، بۆ سەر هەرێمی فیدراڵ نەگەڕێنەوە، تا، هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد جێبەجێ نەکەن، ئێمە، بەشداریی لە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکدا ناکەین!

سەیر ئەوەیە، ئەندامانی ئەو دوو پارتە، لە وڵاتەکانی « ئەورووپا »، وەک دەڵاڵ، پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی « عێراق » دەکەن، خەڵک هان دەدەن، دەنگ بۆ پەرلەمانی « عێراق » بدەن! لەوەش سەیرتر ئەوەیە: « 18 » لایەن لە « سوید » کۆبوونەتەوە، بڵاوکراوەیەکیان واژووکردووە، کە تەنیا هەر، « پارتیی » و « یەکێتیی »، حسێبیان بۆ دەکرێ، ئەگینا، شازدە لایەنەکەی دیکە، هەر ناویان هەیە و کەس کا بە کڵاویان ناپێوێ! کەچی، زۆر بێ شەرمانە نووسیویانە: (پێمانوایە بە شداریی نەکردنی هەر کوردێک لە دەنگداندا، ئەوە دەنگانە دژی دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی کە مافەکانی گەلی کورد تێیدا مسۆگەرە.)«1»

ئاخر دەبێ، ئەو کۆمەڵە بووقلیدەرە نەزانە، بە چ مافێ، خەڵکی کورد بەوە تاوانبارکەن؟!! هەڵبەتە تا ئێستە، کەڵکیان لە ئەزموونی دەوڵەمەند و دیموکراسیی ئەم وڵاتانە وەر نەگرتووە، کە تێیدا دەژین! چونکە، هەر هەڵبژاردن و « ریفراندۆم »ێ بکرێ، هەموو کەسێ ئازادە، بەشداریی تێدا بکا، یا نەکا، کەسیش بۆی نییە، ئەو قسە قۆڕانەی پێ بڵێ! بە ڕاستیی، گەر کەمێ کوردپەروەر بوونایە، دوای فەلسەفەی بۆشی « عێراقچێتیی » نەکەوتنایە، هەڵبەتە، کەمێ هەڵوێستی کوردانەیان دەبوو!

بۆیە، هەر لە ئێستەوە هاواردەکەم، بەشداریی لە هەڵبژاردنی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا مەکەن، با، ڕەوایەتیی بەو داگیرکردنە نەدرێ. ئاخر، سبەینێ هەڵبژاردن کرا و هەموو شت لەدەستچوو، ئیدی، هاوارکردن وگوتار نووسین، چ کەڵکێکی دەبێ؟!!

لەوەش سەیرتر ئەوەیە، ڕۆژنامەی « کوردستانی نوێ »، پلاری لە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی دەرەوەی وڵات داوە و نووسیوێتی: (هەندێ کورد لە دووری وڵاتەوە بۆ خۆیان دانیشتوون و دەڵێن کورد هیچی دەست نەکەوتووە.) «2»

ئایا، ئەوانەی دەرەوەی وڵات کورد نین؟!! ئایا، بۆیان نییە، دید و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان دەربڕن؟!! مافی ئەوەیان نییە، ڕەخنە بگرن؟!! ئایا ناتوانن، بەشداریی لە ژان و ئازاری ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆیاندا بکەن؟!! ئایا نابێ،

بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەی کورد بە گشتیی و ئەو ئەزموونەی گەلی کورد لە « باشوور » بە تایبەتیی نیگەرانبن؟!! هەڵبەتە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی، لە دەرەوەی وڵات دەژین، لەم وڵاتانە لەدایک نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان، ساڵانێکی دوورودرێژ، بە شێوەیە لە شێوەکان، لە کۆڕی خەباتی کوردایەتییدا بەشدارییانکردووە. ئاخر، ئەو جۆرە قسە و نووسینانە، گەر تەنیا قسەی چەن کەسێکی بێ هەست و هۆشی نەتەوەیی نەبن، لە قسە و نووسینی چەن کوردێکی ژیر و نیشتمانپەروەر ناچن! چونکە، هیچ کوردپەروەرێ ناتوانێ، دوور لە ئازار و ژان، گرفت و چەڵەمە، خەون و هیواکانی هاوزمانەکانی خۆیەوە بژی و شەوانە، بێ خەم سەر لە سەر سەرین بنێ!

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی زۆری عەرەبەکانی « عیراق »، لەم کات و ڕۆژەدا، خۆیان هەڵبژاردنیان ناوێ، وردەوردە، بڕیاری پاشەکشەکردن و بەشداریی نەکردن دەدەن، کەچیی، چەن کوردێکی « عیراقچیی »، لاتی نیشتمانپەروەران دەگرن و هێرشیان دەکەنە سەر! ئاخر، تا ئێستە، گەر هەر موسڵمانەکانی عەرەب بگرین، دەبینین: « سووننە »کان بە گشتیی، هەڵبژاردن لەم بارەدا ڕەتدەکەنەوە. بۆ نموونە: لە « بەغـــدا »، ئیمامی مزگەوتی « ئیبن تەیمیە »، « مەهدی ئەلصمیدعی » گوتی: (ئەوەی، بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکا، پێش ئەوەی داگیرکەر بگەڕێتەوە، یاخییە. 2*)«3»

عەرەبە « شیـعـە »کانیش، لە نێو خۆیاندا، زۆر کۆک نین و دوو بەشن: بەشێکیان داوای بەشدارییکردن دەکەن. ئەم بەشەش، پتر لە ئایەتوڵلا « عەلی سیستانیی »یەوە نزیکن. هەر وەک لە شاری « کەربەلا »، شێخ « ئەحمەد سافیی »، ئیمامی نوێژی هەینیی مزگەوتی « ئیمام حوسێن » لە گوتارێکیدا، (بەشدارییکردنی حەلاکرد و هەڕەشەی دۆزەخیشی، لە سەرپێچیکەران کرد.3*) کەچیی، بەشەکەی دیکەیان، دژی بەشدارییکردن وەستاون. ئەم بەشەشیان، لە باڵەکەی « سەدر »دا خۆیان دەنوێنن! «3»

جا وەرە، موسوڵمانە عەرەبە هەژارەکان، لە نێوان ئەو دوو باڵە ئایینییەدا، ڕێی ڕاستی خۆیان بدۆزنەوە! ئەدی کورد، چی لە هەڵبژاردنی دەوڵەتێکی داگیرکەر داوە، گەر عەرەبەکان خۆیان، تا ئێستە نەزانن، چی دەکەن و چۆن هەڵوێست وەردەگرن؟!!

لە کاتێکدا، سەرکردایەتی هەر دوو پارتی گەورە و دەسەلاتداری « باشوور »، زۆر بە کولوکۆڵەوە، هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی « عیراق » دەدەن، کۆمەڵانی خەڵک هاندەدەن، بەشداریی تێدا بکەن، کەچیی، ئەوا دوازدە ساڵی

ڕێک، بە سەر هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی « باشوور »دا تێپەڕیبوو، تەنیا هەر بە دەم نەبێ، باسی دووەمین هەڵبژاردنیان کردووە، ئەگینا، بە کردەوە هیچیان دیار نەبووە و نەشیانتوێستووە، هەڵبژاردن ئەنجامبدەن. چونکە، ئەو شێوە فرمانڕەوایی و دەسەڵاتەی لە « باشوور »دا هەیانبووە، لە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا بووە، ئیدی، هەڵبژاردن بۆ کێ بکەن؟!!
ئاخر، گەر هەڵبژاردنی نوێ، بۆ پەرلەمانی « کوردستان » بکرێ، کوردەکانی « کەرکووک، خانەقین ... » و دەرەوەی وڵات، بەشداریی تێدا نەکەن، ئیدی بۆ دەبێ، گەلی کورد بە گشتیی، کوردی دانیشتووی ئەو ناوچانە و دەرەوەی وڵات بە تایبەتیی، لە هەڵبژاردنی « عێراق »دا بەشدارییبکەن و دەنگبدەن؟!!
4* جا، گەر ئەم کارە بکەن، هەڵبەتە دیارە، هوشیاریی نەتەوەیی و ڕامیاریی کورد، زۆر لاوازە! لەبەرئەوە، هەر کوردێ، خۆی بە نیشتمانپەروەر بزانێ، خاکی نیشتمانەکەی خۆی خۆشبوێ، دژی پرۆسەی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان بێ، هەوڵ بۆ گەڕانەوەی ناوچە بەعەرەبکراو و دابڕاوەکانی « کوردستان » بدا، هەستی نەتەوەیی و هوشیاریی ڕامیاریی بەهێزبێ، کەمێ ئابڕووی نەتەوەیی هەبێ، هەرگیز، بەشـــــداریی لە هەڵبژاردنی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا ناکا!
ئەوە تەنیا هەر، سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە « عێراقچیی »یەن، خەمی کێشەی کورد ناخۆن و بیر لە پاشەڕۆژی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ناکەنەوە، بەڵکوو، تەنیا هەر، خەمی کورسییەکانی خۆیان لە پەرلەمانی « عێراق »دا دەخۆن، تا، لە لایەکەوە، دڵی برا عەرەبەکانیان لێ نەڕەنجێ، لە لایەکی دیکەشەوە، پێیان لە « بەغدا »ی پێتەختی عروبە، پێتەختی تاوان و خوێن نەبڕێ. چونکە، بێ ئاو و هەوای « عێراق » ناژین! ئەم نیاز و ئامانجانەی خۆشیان، لە ژێر پەردەی دیارییکردنی ڕێژەی کورددا دەشارنەوە، کە ڕێژەی کورد، تا سەرژمێرییەکی گشتیی لە « عێراق »دا نەکرێ، ژمارەی هەموو گرووپە ئیتنیکەکان نەزانرێ، هەرگیز بە دەنگدان، ڕێژەی کورد دیاریی ناکرێ! ئیدی، ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد، چییان لە بەرنامە و بەرژەوەندیی ئەو دوو پارتە داوە، خۆ ئەوان، هێندەی کار بۆ دەوڵەتی « عێراق » دەکەن، هێندە کار بۆ « کوردستان »ەکەی خۆیان و ڕۆڵەکانی کورد ناکەن!
ئاخر، گەر نەگبەتیی کـــــــورد نەبێ، دوکتۆر « ڕێژ نووریی شاوەیس »، لە « بەغدا » نوێنەری « پارتیی » دەبێ؟!! با بزانین، ئەو قسە بێ ناوەڕۆکانەی، دەربارەی هەڵبژاردن و شاری « کەرکووک » کردوونی، هەر هەمان ئەو قسانەی « سەددام حوسێن »ی دیکتاتۆر و دوژمنە سەرسەختەکەی کورد

نیيه، كه له هەفتاكاندا كردوويەتی؟!! له كاتێكدا، دوكتۆر جەختی له سەر ناسنامەی كوردیی شاری « كەركووك » كردووه، كەچیی، له هەمان كاتیشدا گوتوويەتی: (ڕای خەڵكی « كەركووك » و ناوچەكانی دیكه وەردەگیرێ، گەر له نێو سنووری « كوردستان »دا بن، هەموو ئەو ناوچانەش، له سـنووری « عێراق »ی دیمۆكراسیی فیدراڵیی یەكگرتوودا دەبن و چارەسەركردنی ئەو گرفتەش، له ڕێی یاساوه دەبێ و هەموو لایەنه « عێراقیی »یەكانیش، له سەر ئەوه ڕێككەوتوون. 5*) «4».
پاشان گوتوويەتی: (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، كه له سەری ڕێككەوتووین، دەڵێ: ئەو كـارانه دادپەروەرانه نیـیـه. پێـویسـتـه، له ڕێی پرۆسـەیەكی بەردەوامـەوه چارەسـەربكرێ. ئەمـەش، له دوای بڕیاردانی یاسـاكـەوه دەسـپێـدەكـا و دوای بڕیاردانی دەسـتـووری هەمـیـشـەیی و هەڵبـژاردنی میرییەكی « عێراقیی »ش كۆتاییدێ. ئەوەش له بنەڕەتدا، چارەسەری ئەو كێشانه دەكا، له سەروو هـەمووشـیـانەوه، هەموو ئەو « كورد، توورکـمان، ئاشووریی و عەرەب »انەی به زۆر ڕاگوێزراون، بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوه. له پاڵ ئەوەشـدا هەوڵبـدرێ، باوەڕ بەو عـەرەبانه بهـێنرێ، كه دانیـشـتـووانی ڕەسـەنی ئەو ناوچانه نین، تا، به شـێوەیەكی ئاشـتـییـیـانه، بۆ نـاوچه ڕەسـەنەكـانی خۆیان بگەڕێنەوه و قـەرەبووشـبكرێن. دوای ئەم هەنگاوانه، گشتپرسێ بۆ هاووڵاتییـیانی « كەركووك » سازكرێ، تا بڕیاربدەن، ڕایان بەرانبەر یەكێتیی و سنووری « عێراق » دیاریبكەن. 6*)«4».
ئاخـر، پیاوێ خۆی به كورد بزانێ، ئەو هەموو سـاڵه، خـەباتی ڕامـیـاریی و چەكداریی كردبێ، مـاوەیه سـەرۆكی مـیریی هەرێم و مـاوەیەكیش سـەرۆكی پەرلەمانی « كوردستـان » بووبێ، سووریش بزانێ، كورد خـاكی داگیركراوه و عەرەبەكان، غەدریان لێ كردووه، كەچیی، تازه داوابكا، پرۆسـێسی شێر و خەتی « ڕیفراندۆم »، له سەر خاكی « كوردستان » بكرێ!
ئاخـر، ئەو بڕیاردانه، به یەكێ له هەڵه زەقـەكـانی « بارزانیی مـسـتـەفـا »ش دادەنرێ، كـاتێ، سـاڵی « 1970 »، بەوه قـایلبوو، كێشـەی « كەركـووك » بمێنێتەوه و سەرژمێری گشتیی له سەر بكرێ! دیاره، ئەم ڕامیاره كەورانەی ئەوڕۆش، هەر له سـەر ڕێوشـوێنی ئەو دەڕۆن، گـەر له هێندێ بڕیاریشـیـدا، هەڵەش بووبێ!
باشـه، گریمان سـەرژمـێر و « ڕیفـراندۆم »یش كـرا، زۆربەی دانیـشـتـووانی پارێزگەی « كەركووك » دەنگیاندا، له سەر « باشووری كوردستان »ەبن، ئەو كاته، سـەركردەی ئەو دوو پارته « عێراقچیی »یه، چی دەڵێن؟!! چی دەكەن؟!!

ئایا، بەو ئەنجامە قایلدەبن؟!! خۆ گەر قایلبن، ناپاکییەکی مێژوویی لە کورد دەکەن. گەر قایلیش نەبن، لە سەرتاسەری « کوردستان » و « عێراق »یشدا، جەنگ هەڵگیرسێنن، هیچ جۆرە کەڵکێکی نابێ. چونکە، ئەوان لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە، بەوە قایلبوون، سەرژمێر و « ڕیفراندۆم » بکرێ، دەبێ، بە ئەنجامەکەشی قایلبن!

گەلێ جار، سەرکردایەتی هەر دوو پارت، دید و بۆچوونی جیاواز و ناکۆکیان، دەربارەی گرفتی نێوەندیی بەعەرەبکردن دەربڕیوە. هەر ڕۆژەی شتێکیان گوتووە و بەپێی سەردەمەکەش، هەڵوێستی خۆیان دەستنیشانکردووە.

« کەرکووک »، گەر شارێکی تێکەڵاوبێ، یا، گەر وەک هەموو شارەکانی دیکەی « کوردستان »، بە شارێکی « عێراقیی »ش دانرێ، ئێمە، قسەمان لە سەر دانیشتووانەکەی نییە، چ گرووپێکی ئێتنیکی زۆرتر تێدا دەژی. چونکە، هەر لە مێژوویەکی کۆنەوە بە گشتیی و لە سەرەتای ساڵەکانی سی سەدەی بیستەوە بە تایبەتیی، پرۆسەی بەعەرەبکردن و گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی شارەکە بەردەوامبووە. بەڵام ئێمە، قسە لە سەر خاک دەکەین، خاکەکەی بەشێکی زیندووی گرنگ، لە خاکی « باشووری کوردستان » پێکدێنێ و بە هیچ شێوەیە، لێی جیا نابێتەوە. هەر کوردێ، چەن گەورەبێ، دان بەم ڕاستییەدا نەنێ، واز لە بەک بستی خاکی نیشتمانەکەمان بێنێ، بە ناپاکێکی گەورە دادەنرێ!7*

کەواتە: پێشەکیی، هەر دوو سەرکردایەتی پارتی گەورە، وازیان لە شاری « کەرکووک » هێناوە و هەر بە دەستی خۆشیان، یاسای کاتیی « عێراق »یان واژووکردووە، بۆیە، ئەم گوتارانە دەدەن و ڕێشی بۆ خۆشدەکەن! چونکە، گەر وا نەبێ، کەس ماڵی خۆی هەراج ناکا و « ڕیفراندۆم »ی لە سەر ناکا!

ئاخر، گەر سەرکردەی پارتەکان، کەمێ هۆشیان هەبێ و بیرەوەریی نەتەوەییان تیژبێ، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی « عێراق »ەوە، بە دەیان یاسا دەرچووە، باسی مافەکانی گەلی کوردی کردووە، ئینجا، هیچیشیان جێبەجێ نەکراون. ئیدی، تازە بە تەمای یاسای کاتیی و دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » بن؟!! ئاخر، کەسێ بە تەمای عەرەب بێ، مافی ڕەوای خۆی بداتێ، بێ شێو سەردەنێتەوە!

ئەز لەو باوەڕەدام، ئەو کاتەی عەرەبەکان، ئەو پێشنیازانەی نوێنەری پارتەکانی « کوردستان »یان واژووکردووە، لە دڵی خۆیاندا، گاڵتەیان پێ کردوون و گوتوویانە: قوڕ بە سەر ئەو گەلەی، ئەمانە نوێنەری بن، بە خوا ساوێلکە و دڵ پاکن، دوای هەشتا ساڵ داگیرکردن، تاڵانکردن، چەوساندنەوە

و بەڵێنی درۆ، تازە بە قسەی ئێمە هەڵدەخەڵەتێن! جا خۆ هەر واش دەرچوو، هەمووی دوای چەن ڕۆژێ بوو، « شێخ یاوەر »ی زاوای « پارتیی »، لە شاری « کەرکووک » ئەوەی ڕەتکردەوە و لە « ڕۆژبەیانیی » تووڕەبوو! ئێستەش، بە هیچ شێوەیە ئامادە نین، ئەو ڕاژە گەورەیەی « ســـەددام » بە گەلی عەرەبی « عێراق »ی کردووە، تێکیبدەنەوە. ئاخر، ئەو عەرەبانەی ئەوڕۆ، کۆشتی تاوانەکانی « سەددام » ناخۆن، بەڵام، کۆشتاوەکەی دەخۆنەوە!!

سەرکردەی گەلانی بندەس، کاتێ گڵۆڵەی دەوڵەتە داگیرکەرەکەیان دەکەوێتە لێژیی، بە هەموو توانایانەوە هەوڵدەدەن، هێندەی دیکە تلۆریکەنەوە و بەرەو نەمانی بەرن. لە هەمان کاتیشدا، مافە نەتەوەیی و ڕامیارییەکانی خۆیان بەدیبێنن. کەچیی، سەرکردەکانی کورد، کاتێ دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، لە مەترسییدابێ، تووشی نەخۆشیی دەبن، خەو لە چاویان ناکەوێ، سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک و کێشە سەرەکییەکەی خۆشیان بیردەچێتەوە، تا، چارەسەرێکی بنەڕەتیی گرفتی دەوڵەتە داگیرکەرەکەش نەکەن، واز ناهێنن. بەڵێ، هەر « بارزانیی » و « تاڵەبانیی » بوون، وەک جووتێ کۆتری ئاشتیی، لە شەقەی باڵیان دەدا، ئاسمانی ڕوونی دەوڵەتەکانی جیهانیان تەیدەکرد، لە دەرگەی دیپلۆماسیی دەزگەکانی جیهانیان دەدا، تا سەربەخۆیی و سەروەریی، بۆ « عێراق »ی « هیوا » و « ئاشتیی » بگێڕنەوە!

ئەوەتە « مەسعوود بارزانیی »، وەک دەمڕاستێکی « عێراق »، وڵاتانی جیهان دەگەڕێ، تا، باوەڕ بە سەرکردەکانیان بێنێ، پشتگیریی هەڵبژاردن بکەن. تەنانەت، کاتێ سەردانی « سووریا »ی کرد و چاوی بە « بەشار ئەلئەسەد » کەوت، (داوای لێ کرد، پشتگیریی ڕامیاریی و مەعنەویی هەڵبژاردن بکا، لەبەرئەوەی، هەڵوێستی ئەرێنی « سووریا »، بۆ پشتگیرییکردنی هەڵبژاردن، گەلێ گرنگە. 8*)«5»

هەروەها، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیشدا، لە « دیمشق » گوتی: (دەربارەی باری « عێراق » و ئەوەی « ســـــووریا » دەتوانێ، لە پشتگیرییکردنی گەلی « عێراق » بیکا، لەگەڵ سەرۆک « ئەسەد »دا قسەمکرد. لە سەرەتادا، ئێمە پێویستمان بە پشتگیرییکردنی مەعنەویی هەیە. ئێمە، لە بەردەم هەڵبژاردن داین و پێویستمان بە هەڵوێستێکی ئەرێنی « سووریا » هەیە و ئەوەشم لە سەرۆک « ئەسەد » دەستکەوت. « سووریا »، کێش و قورسایی خۆی هەیە و پێوەندیی چارەنووســـازانەمان، لە نێواندا هەیە. ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە، بارەتییماندەدا، گەلێ کۆسپ ببڕین. لەو بارەیەوە، پشتگیریی ســــەرۆک « ئەسەد »م بەدەستهێنا. 9*)«6»

دیاره، وەک خۆی دەڵێ. « بەشار »یش بەڵێنیداوەتێ، یارمەتییبدا. چونکە، داوای شتێکی ئەوتۆی لێ نەکردووە، زیانی بۆ بەرژەکانی دەوڵەتی « عێراق » و نەتەوەی عەرەب هەبێ. لە هەمان کاتیشدا، داوای شتێکی تایبەتیی، بۆ کورد نەکردووە، تا، ئەو ڕەتیکاتەوە و بەڵێنی یارمەتییدانی نەداتێ!

سەیر ئەوەیە، ئەوەتەی دەوڵەتی « سووریا » دامەزراوە، ئازادیی و دیموکراسیی تێدا نەبووە، بۆ گەلە جیاوازەکانی، وەک گرتووخانەیەکی گەورە وابووە، بە تایبەتیی، لە سەرەتای ساڵەکانی شەستی سەدەی بیستەوە، تا ئەوڕۆ، بە جووتێ شێر « حافز و بەشار ئەسەدی باوک و کوڕ »، هەناسەیان لە گەلانی « سووریا » بڕیوە، بە هیچ شێوەیە، قایل نەبوون و قایلیش نابن، هەڵبژاردنێکی دیموکراسیی ئازادانە، لە « سووریا »دا بکرێ. کەچیی ئەوڕۆ، لە چانسی ڕەشی کورددا، ئەو شێرەپیاوە « بەشار » زۆر دیموکراسیی و ئاشتیی‌خوازە، داوای هەڵبژاردن بۆ « عێراق » دەکا! ئەوە جگە لەوەی، چ پارتی « بەعس » و چ « ئەسەد »، جیاوازییەکی ئەوتۆیان، لەگەڵ « بەعس »ی « عێراق » و « سەددام »دا نەبووە و نییە. چونکە، هەر دوولایان، هەر لە یەک سەرچاوەی بیر و ئایدۆلۆژیاوە، بۆچوونەکانیان هەڵدەهێنجن، هەر بە یەک چاویش، لە کێشەی کورد دەڕوانن، چ لە « عێراق » و چ لە « سووریا »دا بێ!

لە کۆتاییشدا، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: بۆ کوردێکی نیشتمانپەروەر و بێلایەن، هیچ جیاوازییەکی نییە، گەر یەکێ لەو دوو زلهێزە: « پارتیی » یا « یەکێتیی »، زۆربەی دەنگەکانی گەل بەدەستبێنێ و لە هەڵبژاردندا دەرچێ! بەڵکوو، گرنگ ئەوەیە، ئەو پارتەی دەردەچێ، بە ڕاستیی نیشتمانپەروەربێ، ناپاکیی لە کورد نەکا، دانوستان، لە سەر یەک بست لە خاکی « کوردستان » نەکا، واز لە مافە ڕەواکانی کورد نەهێنێ، دیموکراسیی بچەسپێنێ و بەرانبەر دوژمنی داگیرکەر، توند و کەللەڕەق بێ!

بەڵام بە داخەوە، ئەوڕۆ ئەو مەرجانە، بە تەواویی، لە هیچیاندا نابینم. بۆیە، داوا لە هەموو کوردێکی بە هۆش و گۆش دەکەم، تا بە تەواویی، لێپرسراوانی عەرەبی « عێراق »، دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا نەنێن، بە هیچ جۆرێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی « عێراق »دا نەکەن، هەر وەک چۆن، ساڵی « 1921 »، دانیشتووانی شاری « سولەیمانیی »، بەشدارییان لە دەنگدان و هەڵبژاردنی شا « فەیسەڵ »دا نەکرد، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی شاری « کەرکووک »، دژی « فەیسەڵ » دەنگیاندا، هەروەها، دانیشتووانی هەر دوو شاری « هەولێر » و « موسڵ »یش، بە مەرجێ دەنگیاندا، مافە نەتەوەییەکانی کورد دابینکرێ! «7، 136-139».

گەر سەرانی پارتەکانی « باشوور »، لەبەرئەوە، بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن و لەوە بترسن، نەبا، لێپرسراوانی عەرەب و « ئەمیریکا » بڵێن: کوردەکان پشتگیریی تیرۆریستان دەکەن، ئەوا ئەم بۆچوونە، بە هیچ شێوەیە ڕاست نییە. چونکە، جگە لەوەی، خۆمان قوربانیی دەستی تیرۆرین، ئەم لە یەکچوونی هەڵوێستەش، ڕێککەوت نەبێ، هیچی دیکە نییە. تەنیا هەر ئەوندە هەیە، بەرژەوەندیی هاوبەشی چەن لایەنێکی دژ بە یەک، لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە. ئاخر، کورد داوای مافە ڕەواکانی خۆی دەکا، نەک بەشداریی لە کردەوەی خراپی تیرۆریستانەی هێزە تاریکەکاندا بکا، یا، دژی پرۆسەی دیمۆکراسیی و ئازادیی بێ، یا، دژی هێزەکانی هاوپەیمان بجەنگێ!

گەر گەلی کورد بە گشتیی، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی « عێراق »دا نەکا، ئەوا، گەلێ لەوە باشترە، نیوەی بەشداریی بکا و نیوەکەی دیکەی نەیکا. دەبا، تەنیا بۆ جارێکیش بێ، لە مێژووی تێکۆشانی نەتەوەیی خۆماندا، یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بین، دژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی « عێراق »، هەڵوێستێکی کوردانە وەرگرین، تا، بە هەموو لایەکمان، گوشار بۆ لێپرسراوانی دەوڵەتی « عێراق » بەرین، دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورددا بنێن، هەموو ناوچە بەعەرەبکراو و دابڕاوەکان، بۆ سەر سنووری سروشتیی« کوردستان » بگێڕنەوە. ئەم کارە دیمۆکراسیی و نەتەوەییە ڕەوا گەورەیەش، جگە لەوەی، پێویستی بە بڕیارێکی ڕامیاریی پەرلەمان و دەسەڵاتدارانی کورد هەیە، تەنیا هەر بە هەموانیش دەکرێ و بەس، لە ئەستۆی هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار دایە. بۆیە، ڕووی دەمی دڵسۆزییم، لە هەر دوو سەرکردە « بارزانیی » و « تاڵەبانیی » دەکەم، ئەم هەلە مێژووییە لەکیس کورد نەدەن، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی « عێراق »دا نەکەن، بەڵکوو، تەنیا کار بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی « کوردستان » و ئەنجوومەنی پارێزگەکان بکەن. گەر هەڵبژاردنی « عێراق »یش دواخرا، ئەوا ئەوان، پێ لە سەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی « کوردستان » داگرن و لە کاتی دیارییکراوی خۆیدا بیکەن. جگە لەوەی دەبێ، پتر، بایەخ بە پرۆسەی « ریفراندۆم » بدەن، گەر پێویستیشیکرد، مانگرتنێکی گشتیی، لە سەرانسەری « باشوور »دا ڕاگەیەنن، تا هەموو گەلانی جیهان بزانن، گەلی کورد، بە شێوەیەکی ئاشتییخوازانە، داوای مافە نەتەوەیی و دیمۆکراسییە ڕەواکانی خۆی دەکا. خۆ ناشکرێ، لە ئاستی ئەو هەموو دەستدرێژییانەی، بۆ سەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکرێ، سەرکردایەتی ئەو دوو هێزە دەسەڵاتدارە، چی دیکە بێ دەنگبن. هەڵبەتە، بەو کارەشیان، هەڵوێستێکی نەتەوەیی ڕاست دەنوێنن و مێژووش، ناویان ون ناکا!

تێبینییەکان:

* لەو بارەیەوە، حەفتەنامەی « هاوڵاتی »، ڕۆژی « 2004. 12. 15 »، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کردم. لە گوتاری داهاتوودا بڵاویدەکەمەوە.

1* لە مێژە، لە گوتاری « ڕێفراندۆم » و « هەڵبژاردن » و لە « Kurdistanpost »دا، هەڵوێستی خۆم ڕوونکردۆتەوە.

2* (ان من يشارك فى الانتخابات قبل انسحاب المحتل عاص.)

3* (ان للمشاركه حرمه شرعيه لان المخالف يدخل الجهنم.)

4* ئەمە وەک دەڵێن: تەنیا هەر لە کورد ڕوویداوە! ئەگینا، گەر وا نییە، بۆ دەبێ، هەموو خەڵکی « عێراق »، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، بۆیان هەبێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی « عێراق »دا بکەن. کەچی، هیچ کوردێکی دەرەوەی وڵات، بۆی نەبێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی « باشووری کوردستان »دا بکا؟!! ئایا، ئەوە هەر هەمان دید و بۆچوونی « سەددام » و ڕژێمی « بەعس » نییە، کە هەموو مافێکی لە کوردی دەرەوەی وڵات سەندبۆوە؟!! ئایا، ئەوە نیشانەی ئەوە نییە، سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، لە لایەکەوە، بە یەک چاو، تەماشای گەلانی « عێراق » ناکەن!!! لە لایەکی دیکەشەوە، بە هەموو شێوەیە دەیانەوێ، لە ژمارەی کورد کەمکەنەوە!

سەیر ئەوەیە، ڕۆژی « 2004. 12. 07 »، تیمەی بەشدارانی هەشتەمین فیستیڤاڵی ڕۆژەی « گەلاوێژ »، نزیکەی « 200 » کەس دەبووین، لە هاوتەهەواری « دوکان »، میوانی « جەلال تاڵەبانیی » بووین و لەگەڵیدا کۆبووینەوە. دوای ئەوەی، باسێکی باری ڕامیاریی « کوردستان » و هەڵبژاردنی بۆ کردین، بەشداربووان، پرسیارێکی زۆریان لێ کرد. منیش دوو پرسیارم لێ کرد و دەمەتەقێیەکی زۆرم لەگەڵدا کرد.

یەکەم: دەربارەی لیستی هاوبەش بوو. گوتم: ئێوە پێتان وا نییە، ئەزموونی تاڵی « فیفتی - فیفتی »، لە « کوردستان » دووبارەدەکەنەوە؟

گوتی: نەخێر.

دووەم: دەربارەی هەڵبژاردنی « عێراق » بوو. گوتم: گەر کوردی ناوچەکانی « کەرکووک، خانەقین، شەنگار ... » مافی ئەوەیان نەبێ، دەنگ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانەکەی خۆیان بدەن، گەر من وەک کوردێ، لەبەرئەوەی لە وڵاتی « سوید » دەژیم، مافی دەنگدانم بۆ پەرلەمانی « کوردستان » نەبێ، بەڵام، بۆمان هەبێ، دەنگ بۆ پەرلەمانی « عێراق » بدەین، بە چ هەقێ، داوامان لێ دەکەی، دەنگ بۆ پەرلەمانی ئەو دەوڵەتە بدەین، لە کاتێکدا، دەوڵەتەکە هەڵگرشاوەتەوە، سوپای نییە، تەواوەی ئەوڕۆش، کاری دەوڵەتەکە بەڕێوەدەبەن. دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا نانێن، تا ئێستەش، کوردە دەرکراوەکان، بۆ زێدی خۆیان نەگەڕاونەتەوە، عەرەبە هێنراوەکان، هەر لە « کوردستان » ماونەتەوە، ناوچە دابڕاوەکان، بۆ سەر سنووری پێشووی « کوردستان » نەگەڕاونەتەوە؟!!

دیانەوە، وەڵامیدامەوە و گوتی: بەڵام پێویستە، لە هەڵبژاردندا بەشداریبکەین، بۆ ئەوەی، ڕێژەیەکی زۆرتر بێنین، لە پەرلەماندا دەمەتەقێیان لەگەڵدا بکەین و لە دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی « عێراق »یشدا، ئەو مافانە بچەسپێنین.

منیش کرتم: ڕێژەی کورد لە «عێراق»دا، بە هەڵبژاردن دیاریی ناکرێ. بەڵکوو، بە سەرژمێریی گشتیی دیاریدەکرێ. هەرچەندە، وەڵامیدامەوە و دەمەتەقێیەکی زۆرمان کرد، بەڵام، هیچمان بە وەڵامەکانی یەکدی، قایل نەبووین!

5* (سیتم اخذ رای اهالی کرکوک و المناطق الاخری فیما اذا کانت تقع ضمن حدود کردستان و ان کل هذه المناطق تقع ضمن حدود العراق الدیمقراطی الفیدرالی الموحد وان حل هذه المشکله سیتم من خلال القانون وقد اتفقت جمیع الاطراف العراقیه علی ذلک.)

6* (ان قانون اداره الدوله الذی اجمعنا علیه یقول ان هذه اجراتات غیر عادله و یجب ان تعالج عن طریق عملیه مستمره تبدا بعد اقرار القانون و تنتهی بعد اقرار الدستور و انتخاب الحکومه الدائمیه العراقیه وهی تعتمد اساسا علی معالجه هذه المسائل و علی راسها عوده الاکراد و الترکمان و الاشوریین و العرب المهجرین عنوه، الی جانب ذلک العمل علی اقناع العرب من غیر السکان الاصلیین لهذه المناطق بالعوده الی مناطقهم الاصلیه بصوره سلمیه و تعویضهم مالیا. بعد هذه الاجرائات سوف یجری استفتاء مواطنی کرکوک الذین سوف یقررون ماذا سیکون موقعهم من الوحده و الحدود العراقیه.)«4»

7* هەر لە کۆڕەکەی «دوکان»دا، «جەلال تاڵەبانیی»، دەربارەی «کەرکووک» گوتی: بیرە نەوتەکانی «کەرکووک»، خەریکە وشکدەکا و دوای چەن ساڵێکی دیکە، نەوتی تێدا نامێنێ! ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئایا، مەبەستی لەوە نەبووە، وردەوردە، ڕەوشێ بۆ پاشەکشەکردن، لە «کوردستان»بێتی ئەو شارە و هەموو پارێزگەی «کەرکووک» خۆشکا و وازی لێ بێنن؟!! بۆچی ئێمە هەربین، شەڕی نەوت بکەین؟!! ئێمە، شەڕی نەوت ناکەین، قسە لە سەر هەژاریی یا دەوڵەمەندیی، سامانی سەر زەویی و ژێر زەویی ناکەین، بەڵکوو، قسە لە سەر خاک و جگرگۆشا دەکەین، خوای دەکرد، لەبری نەوت، ژاری ماری تێدا دەبوو، پارێزگەی «کەرکووک»، هەر بە بەشێکی گرنگ و لەبنەهاتووی «باشووری کوردستان» دادەنرێ! جگە لەوەی، کێ دەڵێ، دوای چەن ساڵێکی دیکە، چاڵە نەوتەکانی «کەرکووک» وشکدەکا؟!! بەپێی زانیاریی هەموو سەرچاوە ئەکادیمییەکانیش بێ، نەوتی «کەرکووک»، بە درووەمین یەدەکی نەوتی هەموو جیهان دادەنرێ!

ئاخر، کێشەی «مووسڵ»یشیان، هەر بەو شێوەیە چارەسەرکرد، بۆیە، ئەمڕۆ هەر دوو سەرۆکی پارت: «بارزانیی» و «تاڵەبانیی»، بە شارێکی عەرەبیی دادەنێن، کە لە بنەڕەتدا، شارێکی دێرینی «کوردستان»ە و هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکانیش، گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدەن. بە ڕاستیی، لە مێژوو گوتوومە و نووسیومە: گەر «پارتیی» و «یەکێتیی»، لە یەکدی نەترسانایە، ئەوا دەمێبوو، وازیان لە «کەرکووک» هێنابوو، بەو جۆرە «فیدراڵیی»یەی سێ پارێزگەکەی «سولەیمانیی، هەولێر و دهۆک»یش قایلدەبوون!

سەیر ئەوەیە، «جەلال تاڵەبانیی»، ڕۆژی «28 .12 .2004»، لەگەڵ هێندێ لە ئەندام و کادیرەکانی «یەکێتیی» مەڵبەندی «کەرکووک» کۆبۆوە، کەچیی، بە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆیەوە گوتی: بایەخی «کەرکووک» لەوەدا نییە، چەندی نەوت تێدا هەیە، بەڵکوو، لە بەر ستراتیژیی گرنگی شارەکەیە، وازی لێ ناهێنین، لە ڕووی ڕامیاریی، ئابووریی و فەرهەنگیشەوە، لێی دەڕوانین. ئاخر، ئەمە چەتی بە چەن؟!!

8* (اوضح بارزانی ل "الحیاه" انه طلب من الاسد «دعما معنویا من الانتخابات لان الموقف الایجابی السوری فی دعم الانتخابات مهم جدا.)

*9 (لقد تحدثت مع الرئيس الاسد حول الوضع في العراق وما يمكن ان تقوم به سوريه من تقديم دعم للشعب العراقي، في البدايه نحن نحتاج الى الدعم المعنوي، نحن بصدد اجراء الانتخابات ونحتاج الى موقف ايجابي من سوريه، و هذا الذي حصلت عليه من الرئيس الاسد. فسوريه لها وزنها و ثقلها و علاقاتها المصيريه بيننا و بينها. ولها دور ايجابي سيساعد على تجاوز الكثير من العقبات. وبهذا الخصوص حصلت على دعم الرئيس الاسد.)»6.

سەرچاوەكان:

1. راگەیاندنی كۆتایی كۆبونەوەی پارتەسیاسیەكانی كوردستانی عیراق و كۆمەڵە كوردستانیەكان و ڕێكخراوە دیمكراتی و مرۆییەكانی دەرەوەی وڵات لە سوید، ستۆكهۆڵم، 2004. 10. 24

2. كوردستانی نوێ، ژمارە 13، 3418. 07. 2004، ل1.

3. عدنان حسين، عراقيون! .. الى جهنم!، Kdp.info، 27. 10. 2004

4. نائب الرئيس العراقي شاويس: كركوك محافظه كردستانيه و المصادر التاريخيه تؤكد ذلك، kdp.info، 22. 10. 2004

5. بارزاني ل « الحياه »: الاسد متحمس لاجراء انتخابات العراق في موعدها، كدپ.ينفۆ، 4002. 10. 19

6. بارزاني: كركوك قضيه عراقيه داخليه و لا يحق لاي دوله التدخل فيها، KDP.info، 2004. 10. 19

7. دكتور كمال مظهر، كركوك و توابعها، حكم التاريخ و الضمير، دراسه وثائقيه عن القضيه الكرديه في العراق، الجزء الاول، 2004.

« هاوبیر » و پێنج پرسیار دەربارەی هەڵبژاردن

1. تا چەند گەشبینی بە بەشدارییکردنی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستاندا؟

لەبەرئەوەی، ئەز لە « کوردستان » نازیم، هەر لە دوورەوە، ئاگام لە ڕەوشی رامیاریی « کوردستان » و باری ژیانی کۆمەڵانی خەڵک هەیە، ناتوانم، بە تەواویی، وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. بەڵام، بەپێی هەموو ئەو هەڵە، تاوان و خراپەکارییانە بێ، کە پارتەکانی « باشووری کوردستان » بە گشتیی، هەر دوو پارتی گەورە و دەسەڵاتدار بە تایبەتیی کردوویانە، دەبێ، ڕێژەیەکی زۆر، بەشداریی لە هەڵبژاردندا نەکەن. یا، گەر بەشداریشبکەن، دەنگ بۆ ئەوان نەدەن. بەڵام هیوادارم، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی « کوردستان »دا بکەن.

2. ئایا، بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنی « عێراق »دا، ئەچێتە ئاستی ناپاکیی نەتەوەییەوە؟

بەم پرسیارەدا، شتێکی سەیرم بیرکەوتەوە. « یوسف زۆزانیی »، لە کۆڕێکی تێلێڤیزیۆنی « Kurdsat »دا گوتی: (ئەوەی بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی « عێراق »دا نەکا، ناپاکیی لە گەلی کورد دەکا.) بە ڕاستیی، ئەم دید و بۆچوونە، زۆر ساکارانەیە. ئاخر، لە هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانەدا نەبووە و نییە، گەر یەکێ، بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا نەکرد، بە ناپاک دانرێ!

ئینجا، لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەڵێم: هێندە ناپاکیی، لە مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەکەماندا ڕوویداوە، گەر بەشدارییکردن لە هەڵبژاردندا، بە ناپاکیی دانرێ، لە چاو ئەو ناپاکییانەی دیکەدا، هەر هیچ نییە! بۆچی، « جەنگی نێوخۆ، کوردکوشتن، گەل چەواشەکردن و وازهێنان لە مافە ڕەواکانی گەلی

کورد »، بە ناپاکیی نازمێردرێ؟!! ئاخر، کێشە و باسی ناپاکیی، شتێکی ڕێژەیی نەبێ، هیچی دیکە نییە. چونکە، « عێراقچیی »ەکان بە پێچەوانەوە، لەو باسە گرنگە دەڕوانن. نەتەوەیی و موسوڵمانەکانیش، بە شێوەیەکی دیکە، هەڵوێست وەردەگرن. من لە گوتاری « ڕیفراندۆم » و « هەڵبژاردن »دا، زۆر بە ڕوونیی، هەڵوێستی خۆم دیاریکردووە. هیوادارم، لەگەڵ ئەم چاوپێکەوتنەدا، بڵاوبکەنەوە.

هەرچی چۆنێبێ، گەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە « ڕیفراندۆم »ێکی ئازادانەدا بڕیاربدەن، لە نێو چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی « عێراق »دا بمێننەوە، ئەوا دەبێ، گەر هەموو نەبێ، زۆربەی هەر زۆری ڕۆڵەکانی گەل، بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن، تا، ژمارەیەکی زۆرتر، لە کورسییەکانی پەرلەمانمان بەرکەوێ. بەڵام، ئەمە کەی دەبێ؟ کاتێ دەبێ، کە دەسەڵاتدارانی « عێراق »، هەموو مافە ڕەواکانی کوردیان دابینکردبێ. بە کورتیی: من خۆم، دەنگ بۆ پەرلەمان و سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » نادەم، جا، هەر کەس بۆ خۆی ئازادە، بە چ شێوەیە، هەڵوێست وەردەگرێ.

3. ئەو لیستەی بەڕێزت تیا بەشداری، چۆن لە لیستەکانی تر خۆی جیادەکاتەوە؟

ئەز، لە سەر لیستی « زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان »، خۆم پاڵاوتووە. ڕەنگە جیاوازییەکە، پتر لە چۆنێتی پاڵێوراوەکان، بەرنامە و دروشمەکاندا بێ. هەڵبەتە، بەرنامەی سەربەخۆیی، لەگەڵ بیر و باوەڕی نەتەوەیی دیمۆکراسیخوازانەی مندا دەگونجێ. بەڵام، دید و بۆچوونی « عێراقچێتی »، نە هەرگیز گونجاوە و نە هەرگیزیش دەگونجێ. مەگەر دەوڵەتی « عێراق »، وەک « سویسرا »ی لێبێ، هیچ جۆرە چەوساندنەوە و جیاوازییەکی نەتەوەیی تێدا نەمێنێ!

جگە لەوەی، ئەو لیستە، ڕکەبەرایەتی گەورەترین لیستی پارتەکان دەکا. ئێمە، لە پێناوی چەسپاندن و قووڵبوونەوەی پرۆسەی دیمۆکراسیدا هەوڵدەدەین و دەمانەوێ، دابونەریتێکی دیمۆکراسیی، لە « کوردستان »دا بیادەکەین و بچەسپێنین، نەک تەنیا هەر، لە بەر خاتری چەن کورسییەک، هەڵبژاردن بکەین! ئەوان، هەڵبژاردن لە سەر هیچ ناکەن. چونکە، ڕکەبەریان نییە. پێشەکیی، لە سەر دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان ڕێککەوتوون. وەک دەڵێن: تەنانەت لە سەر دابەشکردنی پۆستەکانی دەسەڵاتی میرییش، هیچ گرفتێ لە نێوانیاندا نەماوە. جا ئیدی، چۆن جیاوازیی، لە نێوان ئەو لیستەی ئێمە و ئەواندا نییە؟!!

ئەوان، هەڵبژاردن بۆ ناشتنی تەرمی پەرلەمانی کۆن دەکەن، چەن دەموچاوێ، بە چەن دەموچاوێکی دیکە دەگۆڕن. بەڵام، ئێمە خۆمان دەپاڵێوین، تا، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، دەنگمان بۆ بدەن و چەن کورسییەک، لە پەرلەمان بەرینەوە. ئێمە، پشت بە دەنگی ئازاد و ویژدانی زیندووی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەبەستین. ئەوان، پێویستیان بەو دەنگە ئازاد و ویژدانە زیندووانە نییە. چونکە، پێش ئەوەی، پرس بە گەل بکەن، خۆیان بپاڵێون، تا دەنگیان بۆ بدەن، پێشەکیی، بڕیاری دەرچوون و دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانیان داوە. ئەمەش، نە بە دیمۆکراسیی و نە بە هەڵبژاردن دادەنرێ، بەڵکوو، ئەزموونی تاڵی پڕ لە هەڵەی « فیفتی ـ فیفتی » دووبارەدەکەنەوە. بەهانەکەشیان ئەوەیە: گوایە، یەکڕیزیی و یەکێتیی ڕیزەکانی گەل دەپارێزن! ئایا ناکرێ، هەر لیستێ، بە تەنیا خۆی بپاڵێوێ، ئەو یەکڕیزیی و یەکێتییەش بپارێزن، گەر ئەوان، باوەڕیان بە دیمۆکراسیی هەیە؟!! بەڵام، چونکە ئەوان، باوەڕیان بە پاوەنخوازیی هەیە، باوەڕێکی تەواویان، بە دیمۆکراسیی نییە، بەڵکوو، لە دیمۆکراسیی دەترسن، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دڵنیانین، دەترسن، لایەکیان دەنگی پتر و لاکەی دیکەیان، دەنگی کەمتر بێنێ، هیچ لایەکیشیان، نە فێری ئەوە بووە، دەنگی کەم بێنێ و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە، نە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قایلدەبێ و نە یەکدیشیان پێ قەبووڵدەکرێ!

بەڵام، ئێمە، گەر چەن دەنگێکی کەمیش بێنین، زۆر لەوە باشترە، ئەزموونی خراپی چەن ساڵە دووبارەکەینەوە، دەریۆزەی چەن کورسییەک، لە ئەوان بکەین، گەر دەریش نەچین، ئەوا هەر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، خۆمان تاقیدەکەینەوە، تا بزانین، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، تا چەن باوەڕمان پێ دەکەن. ئەوە، جیاوازیی سەرەکیی ئێمە و ئەوان بوو!

4. بۆچی لەگەڵ کەسایەتییە نەتەوەییەکان پێکەوە، لیستێکی سەربەخۆتان ساز نەکرد؟ ئایا، خەواندنی پێنج هەزار دۆلار، یەکێ لە ڕێگرەکان بوو؟

هەڵبژاردنی پەرلەمان، پێوەندیی بە بیر، فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاوە نییە. لە هەڵبژاردندا دەبێ، هاوپەیمانێتیی، لە نێوان بیر و فەلسەفە جیاجیاکاندا بکرێ. ئەو بیر و فەلسەفانەی، لە یەکدییەوە نزیکن. یا، لە دروشمی سەرەکییدا یەک دەگرنەوە. یا، لە ئامانجێکی ستراتیژیی گرنگدا، بە یەک دەگەن. گەر «کۆمۆنیست، ناسیۆنالیست، دیمۆکرات، سۆسیال دیمۆکرات، لیبراڵ ... »کان، سەربەخۆخوازین، ئامانجی سەرەکییان، ئازادیی کورد و سەربەخۆیی « کوردستان » بێ، ئیدی بۆ دەبێ، نەتەوەییەکانی کورد، بە

لیستێکی جیاواز دابەزن؟!! ئایا ئامانجەکە، تەنیا هەر، خۆی لەو بەرنامە و دروشمانەدا نابینێ؟!! پاشان، کامانەن ئەو کەسایەتییە ناسیۆنالیستانەی لە « کوردستان » هەن؟!! ژمارەیان چەندە؟!! شوێنپەنجەیان، لە کاری نەتەوەیی، خەباتی ڕامیاریی و پرۆسەی دیمۆکراسییدا چییە، تا بە یەک لیستی تایبەتیی دابەزن؟!!

لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: گەر ئەو کەسایەتییە نەتەوەییانە هەبن، باوەڕیان بە خۆیان هەبێ، هەرگیز، پێنج هەزار دۆلار، گرفتێکی گەورە، لە بەردەم لیستی جیاوازدا دروست ناکا!

بە ڕاستیی، ئەوڕۆ لە هەموو جیهاندا، چەرخی ئایدۆلۆژیای تەسک بەسەرچووە، بە تایبەتیی، ململانێی ئایدۆلۆژیا، هێندەی دیکە، ئەندامەکانی جەستەی نەتەوەیەکی داگیر و دابەشکراوی وەک کورد دادەڕزێنێ. لەبەرئەوە، ئەز وەک نەتەوەییەک، لە مێژە، باوەڕم بە گەلەکۆمەکەی بیر و ئایدۆلۆژیا نەماوە، بەڵکوو، باوەڕێکی تەواوم، بە تەبایی و یەکێتیی ڕیزەکانی نەتەوەکەم هەیە. هەوڵدەدەم، بنچینە سەرەکییەکانی دیمۆکراسیی، لە نێو کۆمەڵی کورددا بچەسپێنم، گەشەی پێ بکەم، قووڵیکەمەوە، تا ڕۆڵەکانی گەلەکەم، بێ ترس و دڵەڕاوکە، لە کەشێکی دیمۆکراسییدا، زۆر بە ئازادیی، خۆیان بپالێون، یا، دەنگ بۆ پالێوراوان بدەن. لە ئەنجامیشدا، کۆمەڵگەیەکی تەندرووست و ڕێکوپێک دامەزرێنین، لە لایەکەوە، پاوەنخوازیی، هەڕەشلێکرد، چاوسوورکردنەوە، تۆقاندن و کوشتن، لە لایەکی دیکەوە، ماستاو ساردکردنەوە، دەمچەورکردن و هەموو نیشانەکانی دیکەی گەندەڵیی نەهێڵین! ئەمانەش، تەنیا هەر، بە دانیشتن، دیالۆگ، گفتوگۆی دیمۆکراسیی و ئازاد بەدیدێ، نەک بیر و ئایدۆلۆژیا، ڕۆڵێکی گرنگی تێدا ببینێ!

5. کەسانێک هەن، هەڵبژاردنی کوردستانیش ڕەتدەکەنەوە. ئایا، ئەمە ڕایەکی ڕاستە یان خوارە؟

بە ڕاستیی، ئەمە دید و بۆچوونێکی زۆر خراپ و ساکارانەیە. چونکە دەبێ، جیاوازیی، لە نێوان پەرلەمانی نیشتمانەکەمان و پەرلەمانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »دا بکەین. ڕاستە، پەرلەمانی پێشوو « 1992 - 2005 » جگە لەوەی، ڕەوایەتی خۆی لەدەستداوە، واتە: لەو کاتەوە دەبووایە، سێ هەڵبژاردن بکرایە. دەسەڵات، سەروەریی و توانای نەبووە، دوو پارتە گەورەکەش خۆیان، ڕێزیان لێ نەگرتووە. بۆیە، کەسانێ هەن، تووشی نائومێدیی و ڕەشبینیی بوون، باوەڕیان بەو دوو پارتە و سەرکردەکانیان

نەماوە، وا دەزانن، گەر دەنگ بۆ پەرلەمانی « کوردستان » نەدەن، ئیدی هەموو کەموکووڕیی و هەڵەکان، بەوە چارەسەردەکرێ. بەڵام، هیچ گرفتێ، بە هەڵە چارەسەر ناکرێ، بەڵکوو دەبێ، دەنگ بۆ نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بدەن، تا، داکۆکیی لە بەرنامە و دروشمەکانیان بکەن، ئامانجە « نەتەوەیی، ڕامیاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، کەلتووریی »یەکانیان بەدیبێنن.
ڕاستە، هەڵەیەکی زۆر کراوە، گەلێ تاوان، بەرانبەر گەلەکەمان ئەنجامدراوە، سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە، لە ئاستی داگیرکەراندا، وەک پێویست، داکۆکییان لە مافە ڕەواکانی کورد نەکردووە. بەڵام، بە دەنگنەدان و دژایەتییکردنی لیستەکانی پەرلەمان، هیچ لەو بارە نالەبارە ناگۆڕێ. بۆیە دەبێ، دەنگبدەین، تا، کۆتایی بەو ترازیدیا گاڵتەجارییەی پەرلەمانی کۆن بێنین. گەشە بە پرۆسەی دیمۆکراسیی بدەین، هەڵبژاردنێکی نوێ بکەین، پەرلەمانەکەمان نوێکەینەوە، بە کادیری تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، دڵسۆز و کوردپەروەری دیکە، دەوڵەمەندیکەین، بەرنامەی نوێ و کوردپەروەرانە پێشنیازکەین، لە بێ دەسەڵاتیی و بێ توانایی ڕزگاریکەین، خوێنێکی گەش و نوێ، بە شادەمارەکانی ببەخشین، گیانێکی زیندووی بەبەردابکەینەوە.
ئەمە، پوختەی دید و بۆچوونی من بوو، هەموو کوردێکیش ئازادە، دەنگ بۆ پەرلەمانی « کوردستان » یا « عێراق » دەدا. بەڵام، تکایەکی کوردانەم، لە ڕۆڵەکانی کورد هەیە، بیرێ لەو بڕیار و هەڵوێستەی خۆیان بکەنەوە، ئەوەی پێویستە، دەنگی بۆ بدەن، تەنیا پەرلەمانی « کوردستان »ە‌کەیانە، ئەوەی دەبێ، دەنگیشی بۆ نەدەن، پەرلەمانی « عێراق »ە، تا گوشاریان بۆ بەرین، دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا بنێن. چونکە، گەر گەلەکەمان، پەرلەمانێکی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی نەبێ، لەم قۆناغە ناسکەدا، دەنگ نەدەین و دژایەتییبکەین، جگە لەوەی، ئەزموونەکەمان لاوازدەبێ و سەر ناکەوێ، لە بەردەم گەلانی جیهانیشدا چی بڵێین و کێ، بڕیار لە سەر یاساکانی هەرێمی « کوردستان » بدا؟!!
لە کۆتاییدا، هیوای هەڵبژاردنێکی دیمۆکراسیی و دەنگدانێکی ئازادانە دەخوازم، تا ڕۆڵەکانی کورد، لە سایەی سێبەری « کوردستان »ێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیاردا، بە ئازادیی و خۆشیی بژین.

* * *

تێبینییەکان:

1. « هاوبیر »، ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی سەربەخۆیە، کۆمەڵی هاوبیری نەتەوەیی، لە شـــاری « سولەیمانیی » دەریدەکەن.
2. ئەم چاوپێکەوتنە، ڕۆژی « 15 .12 .2004 »، لە شاری « سولەیمانیی »، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە کاک « نزار محەممەد » ئەنجامیداوە.
3. « یوسف زۆزانیی »، کادیرێکی پێشکەوتووی « یەکێتی نیشتمانیی کوردستان »ە.

پرۆسەی « ڕێفراندۆم »

گومانی تێدا نییە، پرۆسەی « ڕێفراندۆم »، بەپێی بڕچوون و بەرژەوەندیی گەلە جیاوازەکان دەگۆڕێ. واتە: پرۆسەکە بۆ گەلێکی بندەس و چەوساوە، بە کارێکی دیمۆکراسیی و چارەنووسسازانە دەژمێردرێ. بەڵام، بە لای گەلە سەردەسە داگیرکەرەکانەوە، بە جیاوازیخوازیی و ناپاکیی دادەنرێ. بۆیە، شۆڤێنیستێکی خێڵەکیی وەک شێخ « باوەر »، بزووتنەوەی « ڕیفراندۆم »ی، بە ناپاکیی دانا و هەڕەشەی نوێبوونەوەی جەنگی لە کورد کرد!
بەڵام، ئەوەی تا ئێستە بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە، سەرکردایەتی هەموو نەتەوە بندەس و چەوساوەکان، کاتێ ویستوویانە، نەتەوەکەی خۆیان، لە ژێردەسیی و چەوساندنەوە ڕزگارکەن، وڵاتەکەی خۆیان، لە دەس سوپای داگیرکەر ئازادکەن، دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ، لە سەر بستەبستی خاکی نیشتمانەکەی خۆیان دامەزرێنن، گەر بارەڕیان، بە پرینسیپەکانی دیمۆکراسیی هەبووبێ، گەر ویستبێتیان، ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆیان، لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا بەشدارکەن، گەر ویستبێتیان، بە ڕێیەکی ئاشتیخوازانە، چارەسەری کێشەی نەتەوەکەی خۆیان بکەن، ئەوا، پەنایان بۆ بەر، پرۆسەی « ڕیفراندۆم » بردووە و پرسیان، بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆیان کردووە، وەک سەرکردەی گەلانی « نەرویژ، مەڵدۆڤە، ئەرتیریا، تەیموری خۆرهەڵات، لاتڤیا، لیتڤیا، ئیستۆنیا ... » کردیان.
ئاخر، سەرکردە دڵسۆزەکانی گەلانی ئازادیخواز و دیمۆکراسیخواز، نەک هەر بۆ کارێکی وا پیرۆز و پێویست، نەک هەر بۆ کارێکی وا گرنگ و چارەنووسسازانە، پەنایان بۆ بەر پرۆسەی « ڕیفراندۆم » بردووە، بەڵکوو تەنانەت، بۆ هێندێ بڕیاری کەم بایەختریش، هەر « ڕیفراندۆم »یان سازکردووە و پرسیان، بە ڕۆڵەی گەلەکانی خۆیان کردووە. بۆ نموونە:
کاتێ دەوڵەتێکی شانشینی دیمۆکراسیی وەک « سوید » ویستی، جێی خۆی لە « یەکێتی ئەورووپا »دا بکاتەوە، دەنگیان لە سەر دا و زۆربەی دانیشتووان، لەگەڵ ئەوەدا بوون، ببێ بە ئەندام. یا، کاتێ لێپرسراوەکانیان ویستیان، دراوی وڵاتەکەیان، لە « کرۆن ـ Kron »ەوە بۆ « ئیرۆ ـ Euro » بگۆڕن،

پرسیان به ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆیان کرد و ڕۆژی « 15 .09 .2003 »، پرۆسەی « ڕیفراندۆم ێکی دیمۆکراسیی ئازادانەی سەرتاسەرییان سازکرد، هەرچەندە، سەرانی هێندێ لە پارتە ڕامیارییەکانی « سوید »، زۆر حەزیاندەکرد، پارەکە بگۆڕن، بەڵام، چونکە زۆربە دەنگیاندا، پارەکە نەگۆڕن، هەر وەک خۆی مایەوە و هیچ دەسەڵاتێ نەیتوانی، ئەو پارە نوێیەیان بە سەردا بسەپێنێ!

کەچی، سەرانی کورد، لە لایەکەوە، پێش ئەوەی، پرس بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بکەن، پرس بە سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی « کوردستان » دەکەن! لە لایەکی دیکەشەوە، یا پرس بە گەل ناکەن، بەڵکوو، ئەوەی خۆیان بیانەوێ، ڕایدەگەیەنن و دەیکەن، هەر وەک چۆن، ساڵی « 1992 »، بێ ئەوەی، پرس بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە « باشووری کوردستان »دا بکەن، لە یەک لاوە و لە ڕێی پەرلەمانەوە، سیستێمی « فیدراڵی »یان ڕاگەیاند! یا، گەر ڕۆڵەکانی گەل بیانەوێ، « ڕیفراندۆم ێکی سەرتاسەریی و ئازادانە، لە سەر ئایندەی « کوردستان » و چارەنووسی گەلی کورد سازکەن، گەر بە هەموو توانایانەوە، دژایەتی نەکەن، ئەوا، بە دەیان گرفت و کۆسپی لە ڕێدا دروست دەکەن، نایەڵن، سەرکەوێ. یا، گەر وازەشیان دا، ئەوا، بۆ مەبەستی تایبەتیی و بەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتیی خۆیان یەکاریدێنن، هەر وەک ئەو بزووتنەوەیەی، بە ناوی « بەرەو ڕیفراندۆم »ەوە، ڕۆژی « 13 .07 .2003 »، لە شاری « سولەیمانیی »، یەکەمین کۆبوونەوەی فراوانی خۆی گرت، چەندین « خوێندەوار، ڕووناکبیر، نووسەر، هونەر، مامۆستا، پارێزەر، ئەفسەر ... » بەشدارییان تێدا کرد.*

سەرەتا، هەر دوو پارتی فرمانڕەوا، هەڵوێستێکی باشیان لێ وەر نەگرت. پاشان، کاتێ زانییان، لە لایەکەوە، بزووتنەوەکە خەریکە، وردەوردە پەرەدەسێنێ، جێی خۆی، لە نێو ڕیزەکانی گەلی کوردا دەکاتەوە و ڕۆڵەکانی کورد، لە دەوری بەرنامەکەی کۆدەبنەوە، بازەشیان بۆ کردەوە. بەڵام، نەک بۆ ئەوەی، جوڵانەوەی « بەرەو ڕیفراندۆم »، ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بەدیبێنێ، بەڵکوو، ئەوەک لە پاشەڕۆژدا، گەورەترین و پارتێکی ڕامیاریی لێ بکەوێتەوە، ڕۆڵی سەرەکیی هەر دوو پارتی فرمانڕەوا و زلهێز کزولاوازکا. یا، تەنیا هەر بۆ ئەوەبوو، وەک کارتێکی گوشار، دژی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » بەکاریبێنن و بەرنامەی پارتەکانی خۆیانی پێ بەدیبێنن، بۆیە، ڕێزیان لە دید و بۆچوونی گشتیی خەڵکی « کوردستان » نەگرت، بزووتنەوەکەشیان، لاوازکرد و تاساندیان!

بەڵام، ئەوڕۆ لەوە دەچێ، هەر دوولایان ناچاربن، بایەخێکی تایبەتیی، بە بزووتنەوەی « ریفراندۆم » بدەن، بە تایبەتیی، دوای ئەوەی، کۆمیتەکانی بـــــزووتنەوەکە توانییان، نزیکەی دوو میلیۆن واژوو، لە نێوەوە و دەرەوەی « کوردستان » کۆکەنەوە، لە ڕێی نوێنەرەکانیانەوە، ڕۆژی « 22 .12 .2004 »، ســەردانی بارەگــەی « کــۆمــەڵەی نەتەوە یەککرتووەکــان » بکەن و لەگــەڵ نوێنەرەکانیاندا کۆبنەوە. بڕیاریش وایە، ڕۆژی « 05 .01 .2005 »، جارێکی دیکە، لە « ژنێڤ »، لەگــەڵ نوێنەری نەتەوە یەککرتووەکــاندا کــۆبنەوە. ئەم چالاکیی و هەنگاوە گەورانە، گوڕ و تینێکی باشیان، بە بزووتنەوەکە داوە.
بە ڕاستیی، گەر هەموو لایەک یەکبن، هەوڵێکی بە کوڵ بدەن و خەباتێکی چڕ و پڕی بۆ بکەن، ئەنجامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە. ئاخر، ئەوڕۆ کاتی ئەوە هاتووە، ڕۆڵەکانی گەلی کوردیش، وەک ڕۆڵەی هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ڕووی زەوی، دید و بۆچوونی تایبــەتیی خــۆیان دەربڕن، بڕیار لە ســـەر چارەنووسی خۆیان و ئایندەی « کوردســتــان » بدەن. چی دیکە، بە ژیانی کۆیلەیی و نۆکەریی قایل نەبن، کۆمەڵگەیەکی ئازاد و نیشتمانێکی سەربەخۆ دامەزرێنن. چونکە، مرۆ بە ئازادیی لەدایکدەبێ، دەبێ، هەر بە ئازادیی بژی و بە ئازادییش بمرێ. بۆیە، هەمــوو مــرۆڤێ بۆی هەیە، چۆنی دەوێ، هەر بەو شێوەیە بژی!
ئاشکرایە، مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی هەموو گەلێ، یا نەتەوەیەکی دیاریکراو، بە شتێکی زۆر پیرۆز دادەنرێ. لەبەرئەوە دەبێ، ئەو مافانە، لە ســەروو هەمــوو شــتێکی دیکەوە دانرێ. ئێمــە نابێ، گــوێ بەوە بدەین، سەرکردەی هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار: « بارزانیی » و « تاڵەبانیی » چییان دەوێ؟ دروشمیان چییە؟ یا چی دەڵێن و چی دەکەن؟ چونکە، ئەوە داواکاریی ئەوان و پارتەکانیانە. بەڵام، هەمیشە دەبێ، داواکاریی ڕۆڵەکانی گەل، لەگەڵ داواکاریی ئەواندا، جیاوازیی هەبێ. بۆیە دەبێ، داواکاریی جەماوەری گەل، لە داواکاریی ئەوان، گەورەتر و پیرۆزتربێ!
ئاخر، ئەوان ئەوەندەی هەن، هەوڵدەدەن، قەڵای قایمی مێشکی ڕۆڵەکانی گەل داگیرکەرن، چییان بـــــوێ، ئەوەی تێدا بچێنن. خۆ مێشکی ڕۆڵەکانی گەل، « کەبکی حەمەد ئاغا » نییە، هەر جارەی بە نۆرە، لایەکیان داگیریکەن و بەرەڵڵایکەنەوە! جەماوەری گەل دەبێ، خاوەنی مێشکی ئازادی خۆیان بن، خۆیان لە داگیرکردن، چەوساندنەوە و داڕشتن ڕزگارکەن.
لە ڕاستیدا، سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە، نوێنەری پارتەکانی خۆیان نەبێ، نوێنەری گــەلی کــورد نین. چونکە نایانەوێ، یا ناتوانن، وەڵامی گــوتار و

لێدوانەکانی سەرانی دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » بدەنەوە، کاتێ، هەڕەشە لە کورد دەکەن، سووکایەتی پێ دەکەن، یا ڕۆڵەکانی تیرۆردەکەن. لەوە دەچێ، سەرکردایەتی هەر دوو پارت، بەو لێدوانە شۆڤێنیستانەیەی « شێخ یاوەر » قایلبن، بۆیە، دەنگیان لێوە نەهاتووە! ئەدی چۆن قایل نەبن، خۆ ئەوانیش، لە عەرەبەکان پتر، داوای پاراستنی یەکێتی خاکی « عێراق » دەکەن، پتر لە عەرەبەکان، دژی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی « کوردستانیی » وەستاون. لە سەرەتاشدا، پتر لە « یاوەر »، دژی « ڕیفراندۆم » بوون!

بۆیە، ئێستەش باوەڕم بە سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە نییە، بۆ سەربەخۆیی « کوردستان »، پشتگیریی بزووتنەوەی « ڕیفراندۆم » بکەن، بە تایبەتیی، دوای ئەوەی، « جەلال تالەبانیی »، ڕۆژی « 24 .12 .2004 »، لە وەلامی پرسیارێکی بەرنامەی « عالەم ئەلئان »ی ڕادیۆی « ساوا »دا، دەربارەی سەردانی نوێنەرەکانی بزووتنەوەی « ڕیفراندۆم » بۆ دەرەوەی وولات، زۆر بە ڕاشکاویی گوتی: (ڕیفراندۆم واتای بانگەواز نییە بۆ جیابوونەوە، بەڵکوو، بۆ دیاریکردنی شێوەیەک لە شێوەکانی فیدرالییەتە و ئێمە، هەرگیز نامانەوێ، لە « عێراق » جیابینەوە.)1*

دەبا، « ڕیفراندۆم »ێکی گشتیی وەک کۆڕەوەکەی ساڵی « 1991 »، بۆ سەربەخۆیی تەواوی « کوردستان » سازکەین و هەموو پێکەوە، بڕیار لە سەر چارەنووسی گەلەکەمان بدەین. چونکە کۆڕەوەکە، « ڕیفراندۆم »ێکی میللیی خۆڕسکیی گەلی کوردی « باشووری کوردستان » بوو، دژی گەڕانەوەی داگیرکەری دەوڵەتی « عێراق » سازکرا!

* * *

تێبینیی و سەرچاوە:

* هەر زۆر زوو، هەستم پێ کرد، « ڕیفراندۆم »، گەمەیەکی نوێ نەبێ، هیچی دیکە نییە. چونکە، سەرانی « یەکێتیی » دەیانویست، پرۆسەی « ڕیفراندۆم »، وەک کارتێکی گوشار، بەرانبەر عەرەبەکانی « عێراق » بەکاربێنن. تا، دان بەو « فیدرالیی »یەدا بنێن، کە خۆیان دەیانەوێ! بۆیە لە « کوردستان » تەنیا هەر، لە یەکەمین کۆبوونەوەدا بەشداریمکرد و کۆڕێکی ڕاستەوخۆشم، لە سەر تەلەفیزیۆنی « زەحمەتکێشان » سازکرد. لە « سوید »یش، هەر لە ڕێی ڕادیۆی کوردیی « زرێبار » و گوتارنووسینەوە، بەشداریم تێدا کرد. ئەویش لەو باوەڕەوە، گەر لەم قۆناغەی خەباتدا، بۆ چەسپاندنی سیستێمی « فیدرالیی »ش بێ، هەر خراپ نییە!

1* سامان کەریم، بزووتنەوەی ڕیفراندۆم فریوتاندەدات. ئاگاداربن! Kurdistanpost، ڕۆژی 25 .12 .2004

« کورد » و « فەلە »

لە کاتێکدا، ڕۆژی « 2004. 08. 02 »، کەناڵی « ئەلشەرقیە » ڕایگەیاند، تیرۆریستە عەرەبەکانی « عێراق » و وڵاتانی دیکەی موسوڵمان، لە شاری « بەغدا » و « مووسڵ »، چەن « کڵێسە »یەکیان تەقاندۆتەوە، کۆمەڵێ خەڵکی فەلەی بێ تاوانیان کوشتووە، زۆربەی ڕێکخراو و دەوڵەتەکانی جیهان، چ عەرەبیی، چ ئیسلامیی و چ بیانیی، دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرزکردەوە، تووڕەیی و بێزاریی خۆیان دەربڕی.
هەر بۆ نموونە: لە پێش هەموویانەوە، « زانکۆی دەوڵەتە عەرەبییەکان »، بلاڤۆکێکیان دەرکرد و ئەو کارەیان ڕیسواکرد. « ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی » دژ وەستان. « شالیاری دەرەوەی لوبنان »یش گوتی: (دەستدرێژییکردنە سەر کڵێسەکان، جگە لە « ئیسرایل »، ڕاژەی بەرژەوەندیی کەسی دیکە ناکا.)«1»
هەروەها، پیاوانی ئایینیی، چ سووننە و چ شیعە، لە هەموو جیهانی ئیسلامەوە، وەک بێجووە قاز قیڕاندیان، هەموو بە یەک جار، دەنگیان لێ هەڵبڕی و دڵتەنگیی خۆیان دەربڕی. تەنانەت یەکێکی وەک « موفتە»دا سەدری نەزان و گێرەشێوێنیش، خۆی بۆ نەگیرا و گوتی:(دەستدرێژییکردنە سەر فەلەکان، دەستدرێژییکردنە سەر هەموو عێراقییەکە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا عێراقیین و هێرشکردنە سەر کڵێسەکان، جگە لەوەی دەیانەوێ، بەردەوام خوێنی عێراقیی بڕژێ، هیچی دیکەیان ناوێ.)«2»
هەروەها، سەرۆک کۆماری کاتیی « عێراق » شێخ « یاوەر »، سەرۆک شالیاران « عەلاویی » و جێگرەکانیشیان، قسەی خۆیان کرد و داخی دڵی خۆیان هەڵڕشت.

کەچیی، کاتێ عەرەبە موسوڵمانە « بەعسیی »یەکان، شارۆچکەی« هەڵەبجە » و چەن نێوچەیەکی دیکەیان وێرانکرد، دانیشتووانە کوردە موسوڵمانەکەیان، لە بووکەڵی گازی کیمیاوییدا نقوومکرد، بە ژاری « خەردەل » و « سیانید »، هەناسەیان لێ برین و کۆرپەی سەر بێشکەیان تاساندن، نزیکەی « 5.000 » کوردیان، بە بای مەرگی کیمیاویی خنکان، موسوڵمانەکانی جیهان و برا عەرەبەکانی کورد، دەنگیان لێوە نەهات!

کاتێ، عەرەبە موسوڵمانەکان، « 4.500 » گوندیان، لەگەڵ زەوییدا تەختکرد، دانیشتووانە کوردە موسوڵمانەکانیان، بۆ هۆردوگا زۆرەملێییەکان گواستەوە، چواردەوریان گرتن، وەک ئاژەڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردن، هیچ جۆرە ئازادیی و ژیانێکیان پێ ڕەوا نەدەبینین، دەسیان بۆ ئابرووی کیژ و ژنانی کورد دەبرد، نەک هەر دەنگ لە کەسەوە نەهات، بەڵکوو، بە کارێکی باشیشیان دادەنا، گوایە: « عێراق » گوندی هاوچەرخ درووستدەکا و بنکەی کشتوکاڵیی گەورە دادەمەزرێنێ! «3»

کاتێ عەرەبە موسوڵمانەکان، بە ناوی سوورەتی « ئەنفال »ەوە، « 182.000» کوردی موسوڵمانی بێ دەرەتانیان، لە زێد و نیشتمانی خۆیان دوورخستەوە، گوندەکانیان ڕوخاندن، پیاوانیان لە ژنان جیاکردەوە، سەر و ماڵیان تاڵان و « ئەنفال » کردن، بێ سەروشوێن مانەوە، جگە لە چەن دەنگێکی کزولاواز نەبێ، یەک مرۆڤی وڵاتانی عەرەب و ئیسلامیی، یەک ڕێکخراو و دەوڵەتی موسوڵمان، دەنگیان نەکرد، وەک کورد گەلێکی گاوربێ، « پەیامبەر » زیندووبووبێتەوە و بریاری بۆ لەشکرەکەی دەرکردبێ، پەلاماری ئەو گەلە گاورە بدەن، سەر و ماڵی « ئەنفال »کەن!

کاتێ، « 8.000 » ژن و منداڵ، پیر و پەککەوتەی هۆزی « بارزان »یان، سواری شەمەندەفەری مەرگ کرد و هەموویان کوشتن، کەس هاوارێکی موسوڵمانانە و مرۆیانەی لە دەم نەبیستن!

ئەدی بۆ دەبێ، کاتێ چەن ترۆمبێلێ، لە بەردەم چەن « کڵێسە »یەکدا بتەقێندرێتەوە، هەر عەرەبە موسوڵمانەکان خۆیان، پێش قەلەکانی جیهان، بە هاوارهاوار و هاژەهاژ، گوێی هەموو جیهان کەڕکەن؟!! سەری جیهانیان لێ بێتەوە یەک، مەترسییەکی گەورەی، بۆ سەر پاشەڕۆژی دەوڵەتی « عێراق »، نەتەوەی « عەرەب » و ئاینی « ئیسلام »یش هەبێ؟!! کەچیی، هەر هەمان عەرەبی موسوڵمان خۆیان، نزیکەی « 5.000 » مزگەوت بڕوخێنن، پتر لە یەک ملیۆن « قورئان » بسووتێنن، بە هەزاران مەزارگەی پیر و پیاوچاکانی موسوڵمانی کوردیش، لەگەڵ زەوییدا تەختکەن، یەک موسوڵمانیش نەبێ،

دەنگی نارەزایی بەرزکاتەوە، دژی ئەو کارە چەپەڵە بوەستێ، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ زیانێکیشی، بۆ سەر ئایینەدەی دەوڵەتی « عێراق »، نەتەوەی « عەرەب » و ئایینی « ئیسلام »یش نەبێ؟!!
بە ڕاستیی، ئەمە تەنیا هەر لەوە دەچێ، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، بە زۆر، خۆیان بە ئایینی ئیسلامدا هەڵواسیبێ. ئەگینا، گەر لە هەموو جیهانیشدا قڕکرێن، کێ بە دەنگیانەوە دێ و لە سەریان هەڵدەداتێ، وەک ئەو موسوڵمانە عیار بیستوچوارانەی، لە سەر گەلانی موسوڵمانی « فلەستین، کشمیر، بۆسنە، چیچین، کۆسۆڤۆ ... » هەڵدەدەنێ؟!! چونکە، ئەوان بە هەموو شێوەیە، یارمەتیی ئەو گەلە موسوڵمانانە دەدەن! بەلام، لەوە دەچێ، کورد بە موسوڵمان نەزانن، بۆیە، هەر خۆیان هەوڵی لەنێوبەردنی دەدەن و خوێنی حەلالدەکەن، وەک « خومێنیی »، غەزای دژی کورد ڕاگەیاند!
کەچیی، کاتێ پێویستیان، بە ڕۆڵەکانی گەلی موسوڵمانی کورد بووە، تا، چۆلەکەی سەر داری دوژمنیان بۆ بگرن، پێش سوپاکانی خۆیانیان خستوون، وولاتانی گەلانی دیکەی جیهانیان پێ داگیرکردوون، ئینجا، تەنیا هەر ئەو کاتە، ڕێزێکی زۆریان لێ گرتوون و لە خۆیان بە موسوڵمانتریان داناون! چونکە ویستوویانە، بەو مقاشە گەورە و درێژانەی کورد، پشکۆی گەورە و گەرمی نەیارەکانی خۆیان بگرن، جەنگاوەرانی کوردیش، بەو پەڕی دڵپاکیی، دڵسۆزیی، بە ئەمەکیی و ئازایی خۆیانەوە، بۆ ئەو دەسەلاتدارە خوێنڕێژانەی جێنشین و سوڵتانەکانی « ئەمەویی، عەبباسیی و عوسمانیی » جەنگاون، قوربانییەکی زۆریان داوە، خوێنێکی زۆریان ڕشتووە، هەر وەک چۆن ئەوێژ، چەندین کوردی سەرلێشێواو، خەڵکێکی بێ هەست و هۆشی نەتەوەیی، بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە، دژی ڕۆڵەکانی نەتەوە و خاکی نیشتمانەکەی خۆیان، لە ڕیزی ڕێکخراوە موسوڵمانە توندڕەو و بەڕگیرەکاندا کاردەکەن، تێدەکۆشن، دەجەنگن و گیانی خۆیان، لە پێناوی نەتەوەی عەرەب و ئایینی ئیسلامدا بەختدەکەن، وەک ئەوەی، کورد نەتەوە نەبێ، هەموو مافە ڕەواکانی خۆی بەدەستهێنابێ، نیشتمانەکەی لە دەس « توورک، فارس و عەرەب » ڕزگار کردبێ! یا، وەک ئەوەی عەرەبەکان، کورد بە گەلێکی موسوڵمانی سەربەخۆ بزانن، زۆر ڕێز لە ویست و ئارەزووەکانی بگرن!
بەلام، کاتێ کورد، داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە، ئەوا عەرەبێکی فەلە، یا فەلەیەکی بیانیی، لە کوردێکی موسوڵمان لە پێشتر، خۆشەویستتر و باشتربووە. لەبەرئەوە، لە کۆندا، هەمیشە کوردیان بە « کێرەشێوێن، تێکدەر، ئاژاوەچیی، ڕێگر، دز و جەردە » ناوزەدکردووە، ئێستەش، قەوانێکی دیکەی

بۆ لێدەدەن و بە نۆکەری « ئیسرایل »، بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی « ئەمێریکا » و بەرەی خۆراوای دادەنێن!

جا، ئەم کارە دڕندە و نامرۆیانانەیەی عەرەبە موسوڵمانەکان، بەرانبەر بە کورد لە مێژوودا کردوویانە، ئێستەش، هەر بە بەردەوامیی دەیکەن، هۆکەی هەرچی بووبێ و هەرچییەک بێ، گرنگ نییە. چونکە، وا دیارە، ڕۆڵەکانی کورد، بە مرۆڤ و « عێراقیی » نازانن، بە موسوڵمانیان دانانێن، بەڵکوو، بە برېرەی پشتی دوژمنە گەورەکەیانی « ئیسرایل » دەزانن! ئاخر، هەر هەمان ئەو عەرەبانەن، ئەوڕۆ، داکۆکیی لە فەلە و « کڵێسە »کانیان دەکەن، کەچیی، دوێنێ، داکۆکییان لە کوردە موسوڵمان و مزگەوتەکانیان نەدەکرد![1] تۆ بڵێی، کورد هێندە مەترسیی، بۆ سەر نەتەوەی عەرەب و ئایینی ئیسلام زۆربێ، وا بە ئاشکرا، تۆوبڕیدەکەن، کەسیش لە سەری هەڵ ناداتێ و خۆی بە خاوەنی نازانێ؟!!

بە ڕاستیی، گەر ڕۆڵەکانی هەر نەتەوەیەک بە گشتیی، نەتەوەیەکی بندەس و چەوساوە بە تایبەتیی، یادەوەریی نەتەوەییان، هێندە کزولاوازبێ، ئەو هەموو « داگیرکردن، دابەشکردن، زۆرداریی، کوشتنی بە کۆمەڵ، وێرانکردن، ڕوخاندن، سووتاندن، تالانکردن، ئابڕووبردن و لەنێوبردنانە »یان بیر نەبێ، یا بە دەسی ئانقەست، لە بیر خۆیانی بەرنەوە، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: دەبێ، ئەو نەتەوەیە، لە ڕووی سایکۆلۆژیی و مەڕاڵەوە، کەموکووڕییەکی گەورەی هەبێ، نەتەوەیەکی نەخۆش و پەککەوتە بێ، پێویستە، چارەسەرێکی خۆی بکا، نەک تەنیا هەر، سەرکۆنەی دوژمن و داگیرکەرانی نیشتمانەکەی بکا!

* * *

---

1. الاعتداء على الكنائس في العراق لا تخدم سوى مصالح اسرائيل.
2. الاعتداء على المسيحيين هو اعتداء على كل العراقيين لانهم بالاساس عراقيين و ان الهجوم على الكنائس لا يراد منه سوى استمرار نزيف الدم العراقي.
3. گەر تەماشایەکی پەرتووکی وڵاتانی جیهانی « یەکێتیی سۆڤێت » بکەین، ئەو چەن مرواریی و گەوهەرانە دەخوێنینەوە!

« کورد » و « جوو »

لەو ڕۆژەوە، دەوڵەتی « ئیسرایل » دامەزراوە، لە هەموو جیهانەوە، بەرەبەرە، « جوو »ەکان، بۆ وڵاتەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە، خانوو دروستدەکەن، کاردەکەن، خۆیان فێری زمانی « عیبری » دەکەن، منداڵەکانیان، بە شیری بیری « جوولەکەیەتی » پەروەردەدەکەن، بە هەموو شێوەیە، داکۆکیی لە سەر و ماڵی خۆیان و هاووڵاتییانی دەوڵەتەکەیان دەکەن. بۆیە، بەو شێوەیە، « 5 » ملیۆن « جوو »، بەرانبەر نزیکەی « 300 » ملیۆن عەرەب و پتر لە یەک ملیار موسوڵمان وەستاون و ماون، تا ئەوڕۆ، بەرگەیانگرتووە، زۆر بەهێزن و لە هەموو ڕوویەکیشەوە، لە عەرەب پێشکەوتووترن! چونکە، زۆر مەردانە، دژی دوژمنەکانی خۆیان دەجەنگن، بۆ ئایین، ڕۆڵەکانی گەلی « جوو » و دەوڵەتی « ئیسرایل »، زۆر دڵسۆز و بە ئەمەکن، بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەی خۆیان و دەوڵەتەکەیان، پێش هەموو جۆرە، بەرژەوەندییەکی تەسکی ڕەگەزیی و پارتایەتییەوە داناوە!

بەڵام، وا نزیکەی « 60 » ساڵ دەبێ، عەرەبەکان بە گشتیی، ڕۆڵە و سەرکردەکانی گەلی « فەلەستین » بە تایبەتیی، هەر هاواردەکەن، دەقیڕێنن، جنێودەدەن، هەڕەشەدەکەن، گوایە: « جوو »ەکان، فڕێدەدەنە نێو زەریاوە، خۆیان کۆدەکەنەوە، کۆبوونەوە دەکەن، کۆنگرەی لوتکەی « دەوڵەتە عەرەبییەکان » دەگرن، پەلاماردەدەن و جەنگ بەرپادەکەن، کەچیی، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر « جوو »ەکان سەرکەوتوون و « عەرەب »ەکانیش ژێرکەوتوون!

ئەدی گەر کورد، لە گەڵ « جوو »ەکاندا بەراوردبکەین، بەرانبەر ڕۆڵەکانی خۆی و نیشتمانەکەی چۆن ڕەفتاردەکا؟ ئاشکرایە، کاتێ « باشووری کوردستان » ئازادکرا، سوپای دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » کشایەوە، میریی دەسەڵاتی نەما، هەموو دەزگەکانی « بەعس » و بەڕێوەبەرێتییە « سیخووڕیی »یەکانی پێچرانەوە، لەبری ئەوەی، پۆلپۆل، کوردی پەڕیدەی هەندەران بگەڕێنەوە، وڵاتەکەی خۆیان ئاوەدانکەنەوە و بەرەو پێشەوەی بەرن، دەستەدەستە و کۆمەڵکۆمەڵ، خانوو و کەرەستەی نێو ماڵی خۆیان تاڵانفرۆشکرد، قەرزوقۆڵەیەکی زۆریان کرد، دەسی ئەم و ئەویان ماچکرد، پاڕانەوە و لاڵانەوە، تا، ڕێیانبدەن، لە سنوور بپەڕنەوە، پارتەکانی « کوردستان »یش، نەک هەر ڕێیان لێ نەگرتن، بەڵکوو، خۆیان هانیاندەدان و پارەیەکی باشیشیان دەسکەوت! جگە لەوەی، کاتێ دەریشدەچوون، دەیان کارەساتی ناخۆش، بەرۆکی دەگرتن، بە دەیان کاری ناشیرینیان دەکرد، تووشی چەندین گرفتی « برسێتیی، تینوێتیی، ماندووبوون، گرتن، لێدان، دەسبڕین، ڕووتکردنەوە و گەڕانەوە »ش دەبوون، کەچیی هێشتا، هەر لە سەر هەڵاتن و بەجێهێشتنی نیشتمانەکەی خۆیان، بەردەوامبوون و کۆڵیان نەدەدا! *

ئاخر، کورد بەو چەشنە دەیەوێ، « کوردستان »ێکی ئازاد دامەزرێنێ و گەلێکی بەختیار دروستکا؟!! خۆ « جوو »ەکان بە خۆڕایی، ئەو دەوڵەتە بچووکە خاوەن دەسەڵاتە بەهێزە زانستانەییەیان دا نەمەزراندووە، بەڵکوو، هەوڵێکی زۆریان داوە، گەلێ ماندووبوون و خوێنێکی بێ ئەندازەشیان ڕشتووە، تا، بەم ڕۆژە گەشە گەیشتوون.

خۆزگە، شالاوی ئەو کۆچڕەوە دەرەستا، چی دیکە، ڕۆڵەکانی کورد، نیشتمانەکەی خۆیان چۆڵ نەدەکرد، چی دیکە، لەوە پتر، سووک و ڕیسوا نەدەبوون!

خۆزگە، کۆچی پێچەوانەی پەنابەرانی کورد بە گشتیی و خاوەن بەهرەدارەکان بە تایبەتیی، لە وڵاتانی هەندەرانەوە، بەرەو « کوردستان » دەسپێدەکرد!

خۆزگە، سەرکردەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی « باشووری کوردستان »یش، چارەسەرێکی بنەبڕییان، بۆ ئەو گرفتە گەورەیە دەدۆزییەوە!

* * *

تێبینی :

* جگە لەوەی، «مەحموود گەرگەریی»، لە «قامیشلی» بۆی گێڕامەوە، چۆن ژنانی کورد، لەو بەر ئاوەکەی نێوان «زاخۆ» و «سووریا»وە وەستاون، تا بپەڕێنەوە، دەیانپەڕێنەوە و بەڵێنی جووتبوونێکی خۆش، بەو کەسانە دەدەن، دەیانپەڕێننەوە!

ئەوەی لە وڵاتی «گریک»یش، لە هێندێ کورد ڕوویداوە، مرۆ، هەر کوردێ لە بەر چاو دەکەوێ! دەگێڕنەوە، باوک کچ، برا خوشک و مێرد ژنی خۆیان، بە هەرزان فرۆشتووە، تا، پارە پەیداکەن و پێی دەرچن. کەم نەبوون، ئەو ژن و کچانەی، لە گەڕەکانی «ئامۆنیا»ی شاری «ئەتینا» وەستابوون و بە پارە، لەشی خۆیان دەفرۆشت! مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ، لە هۆردوگاکانیش، چییان بەسەرهاتووە!

گەر، هەر کەسێ، چاوێ بەو دوو گۆتارەی «کورد و دیمەیلی»ی «پێشووی بابان»دا بخشێنێ، ئینجا، بۆی دەردەکەوێ و تێدەگا، «گلۆپ، لەش و دەرمان» چی دەگەیەنێ!

ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم، لەگەڵ گۆتارەکەدا بڵاوکردبۆوە، هێندێ کەس، بە هەڵە لە مەبەستەکانم تێگەیشتبوون. جا بۆ ئەوەی، لە ئایندەدا، کەسی دیکە بە هەڵە، لە مەبەستەکانم تێ نەگا، لێرەدا، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: کاتێ نووسیوومە، «ژنانی کورد»، دیارە، مەبەستم لە هەموو ژنانی کورد نەبووە و نییە، بەڵکوو، هێندێ لەو ژنانەی، ملی ڕێی کۆچیان گرتبوو، لە ڕێ لێیان قەومابوو، ئەو کارانەیان کردبوو. هەڵبەتە، چەم بێ چەقەڵ نابێ، لە نێو کۆمەڵگەی کوردیشدا، وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی دیکە، ژنی بێ ڕەوشتی تێدا هەیە. بەڵام، لەوە دەچێ، ئەم قسەیە، بە زۆر کەس هەرس نەکرێ! ئەگینا، ڕێزێکی زۆرم، بۆ ژنانی کورد هەیە!

ئەوەی لە وڵاتی «گریک»یش ڕوویداوە، درۆی تێدا نییە و هێندێ خێزان، ئەو کارەیان کردووە. تەنانەت ئێستەش، هێندێ لەو ژنانە، هەر لەوێ دەژین و ئەو کارانە دەکەن. بۆچی ئەوڕۆ، ئەو جۆرە ژن و ئەو کارە خراپانە، لە شارەکانی «کوردستان» کەمن؟!!

جگە لەوەی، «گلۆپ، لەش و دەرمان»، قسەی من نین و لە هەر دوو گۆتاری «کورد و دیمەیلی» لە «**Kurdistanpost**»دا خوێندوومنەتەوە، تا ئەوەشم نەخوێندبۆوە، ئەو شتانەم نەبیستبوو، بەڵام، باوەڕی پێ دەکەم!

ئەز، هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبووە و نییە، سووکایەتی بە هیچ کوردێ بکەم. تەنیا هەر هێندە هەیە، باسی ئەو گرفتە گەورە و ڕووداوە ناخۆشانەم کردووە، کورد و جووەکانم، بەراوردکردووە، داواشم لە کەس نەکردووە و ناشیکەم، بۆ «کوردستان» بگەڕێتەوە، چونکە، هەموو کەس ئازادە، چۆن دەژی، لە کوێ بەوێ، بژی!

هەلی مێژوویی

سەرکردە بلیمەت و دڵسۆزەکانی گەلانی جیهان بە گشتیی و گەلە ژێر دەستەکان بە تایبەتیی، هەمیشە، بیریان لەوە کردۆتەوە، چۆن ئامانجە نەتەوەیی و ڕامیارییەکانی خۆیان بەدیبێنن. لەبەرئەوە، ئەو پلانانەی دایانناوە و نەیانتوانیوە، لە ڕێی دیالۆگ، دانوستان و یاسای نێودەوڵەتییەوە بەئەنجامیانبگەیەنن، یا، ئەو ئامانجانەی خەونیان پێوە دیوە و نەیانتوانیوە، بە ئاسانیی بەدییانبێنن، یا، ئەو مەرجە قورسانەی هەیانبووە و نەیانتوانیوە، بە سەر نەیارەکانی خۆیانیاندا بیانسەپێنن، هەمیشە، چاوەڕێی هەلێکی مێژووییان کردووە، بۆ ئەوەی، گرفت و لاوازیی نەیارەکانیان بقۆزنەوە. بۆیە، هەرگیز هەلی مێژووییان، لەکیس خۆیان نەداوە، هەر کە هەلەکەیان بۆ ڕەخساوە، سەرەتا، لە ڕێی کەناڵەکانی دیپلۆماسییەوە، داوای مافەکانی خۆیان کردووە، گەر دوژمنەکانیان، دانیان پێدا نابێ، ئەوا، بە شێوەیەکی ئاشتییخوازانە، کۆتاییان، بە هەموو گرفتەکانی نێوانیان هێناوە. بەڵام، گەر دوژمنەکانیان، هەر لە سەر کەللەڕەقیی خۆیان سووربووبن، ئەوا، پەلاماریانداون و بەهێزی چەک، مەرجەکانی خۆیانیان بە سەردا سەپاندوون، یا، زیانێکی گەورەیان پێ گەیاندوون و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش، سەر پێی خۆیان نەکەوتوونەتەوە.

ئەم جۆرە پرینسیپە گرنگە، وەک یاسایەکی گشتیی، گەمەی ڕامیاریی و دیپلۆماسیی نێوان دەوڵەتان، ئەوەتەی دەوڵەتەکانی جیهان دامەزراون، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئابووریی جیاواز، لە نێوانیاندا پەیدابووە، لە نێوان هەموو میرنشین، دەوڵەتە بچووک و ئیمپرتۆریاکانی جیهاندا هەبووە و هەیە، تا، یەک دەوڵەتیش لە جیهاندا بمێنێ، ئەم گەمەیەش هەر دەمێنێ. سەرکردەی بنەماڵە، خێڵ، گەل، نەتەوە و دەوڵەتەکانی جیهانیش، زۆر بە وردیی پیادەیانکردووە، کەڵکیان لەم گەمە گرنگە وەرگرتووە و وەریشیدەگرن.

بۆ نموونە: ئەوەتەی دەوڵەتی « ئیسرایل » دامەزراوە، زۆربەی رامیار و لێپرسراوەکانی میریی، هەر کاتێ زانیبێتیان، درزێ لە یەکێتیی ڕیزەکانی نەتەوەی عەرەب کەوتووە، دەوڵەتە عەرەبییەکان یەک نین و وەک جاران ناتوانن، گەلەکۆمەکێی لە « جوو »ەکان بکەن، سوپا کۆکەنەوە، جەنگ ڕاکەیەنن و پەلاماریان بدەن، ئەوا، بە هیچ جۆرێ، یەک و دوویان لێ نەکردووە، لە هەر شوێنێ بووبێ، دەسیان لە دوژمنەکانی خۆیان وەشاندووە، سەرکردەکانیان خەڵتانی خوێن کردوون، پەلاماری بارەگەی ڕێکخراو و هێزە چەکدارەکانی « فەلەستین »یان داوە و لێیان کوشتوون. هەر وەک چۆن، ڕۆژی « 1972. 04. 10 »، لە نێو جەرگەی شاری « بێرووت »دا، پەلاماری بارەگەی « ڕێکخراوی ئەیلوولی ڕەش »یان دا، چەن سەرکردەیەکیان لێ کوشتن و دەسیشیان، بە سەر هەموو دەکومێنتە نهێنییەکانیاندا گرت!
یا، گەر یەکێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، تووشی بەڵایەکی نێوخۆیی بووبێ و سەر هیچ جۆرە کارێکی دیکە نەپەرژابێ، وەک گرفتی نێوان « قاعیدە » و سەرانی « شانشینی عەرەبستانی سعوودیە »، ئەوا ڕۆژانە، دەسێکی باشیان لە سەرکردە و چەکدارە چالاکەکانی ڕێکخراوەکانی « حەماس » و « جیهاد » وەشاندووە، وەک تری بن گلەمیش ڕێشتوون و هیچیشیان پێ نەکراوە!
یا، گەر دەوڵەتێکی بەهێزی عەرەبیی، بە جەنگێکی دەرەکییەوە خەریکبووبێ، وەک جەنگی نێوان « عێراق » و « ئێران »، یەکسەر بە فڕۆکە، هێرشیان بۆ سەر وولاتەکەی کردووە، وەک ئەوەی، هەلی ئەو جەنگەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دوژمنەیان قۆزتەوە، ڕۆژی « 1981. 06. 07 » پەلاماری بنکەی ئەتۆمیی « بەغدا »یان دا و بۆمبارانیانکرد.
یا، گەر یەکێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەی گەورەوە، لێی درابێ و خاکەکەی داگیرکرابێ، وەک چۆن هێزەکانی « ئەمێریکا » و هاوپەیمانەکانی، لە « عێراق »یان داوە و داگیریانکردووە، زۆر بە گەرمیی، دەسیان لە سەرکردە و ڕۆڵەکانی گەلی « فەلەستین » وەشاندووە!
واتە: هەرگیز، هەلیان لە کیس خۆیان نەداوە، کەی دوژمنەکانیان، سەریان قاڵبووبێ، لاوازبووبن و توانایان نەبووبێ، داکۆکیی لە خۆیان بکەن، زۆر بە توندیی و دڵڕەقانە، پەلاماری نەیارەکانی خۆیان داوە، مەرجەکانی خۆیانیان، بە سەردا سەپاندوون و سەرکەوتنیان بە دەسهێناوە.
کەچیی، هەر کاتێ دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق »، لە مەترسییدا بووبێ، سەرانی کورد لە « باشووری کوردستان »، نەک هەر هەلەکەیان، لە دەس خۆیان و کورد داوە، نەک هەر پەلاماری دوژمنەکەیان نەداوە، بەڵکوو،

نژایەتییان نەکردووە، جەنگەکەیان وەستاندووە و یارمەتییشیانداوە، تا، سەربێتی خۆی کەوتۆتەوە و لەو بەلا کەورەیە قورتاربێت. پاشان، پەلاماری رۆڵەکانی کورد و خاکی « کوردستان »ی داوەتەوە، بە خراپترین شێوە، لێیداون و چەوساندوونیەتیەوە. وەک چەندین جار، لە مێژوودا روویداوە.

بۆ نموونە: « مستەفا بارزانیی »، لە سەر داواکاریی عەرەب بووبێ، یا، بە خوایشتی خۆی بووبێ، لە هەموو جەنگەکانی نێوان عەرەب و « ئیسرایل »دا، لە گەرمەی جەنگی نێوان کورد و سوپای داگیرکەری دەوڵەتی « عێراق »دا، ئاگربەستی راگەیاندووە و شەڕی راگرتووە.

یا، « جەلال تاڵەبانیی »، لە گەرمەی جەنگی کاولکارانەی، نێوان هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری « عێراق » و « ئێران »دا، ساڵی « 1983 - 1984 » جیا لە پارتەکانی دیکەی « بەرەی کوردستان »، گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی « بەعس »دا کردووە و لە گوتاری جێژنی « نەورۆز »لە « سورداش »، زۆر بە راشکاویی گوتوویەتی: ئێمە، لە پشتەوە خەنجەر لە سوپای « عێراق » نادەین!!!

یا، ساڵی « 2004 »، لە کۆنگرەی « کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان » و لە « قەلاچوالان » گوتی: (ئێستە « کوردستان »، وەک سەربەخۆ وایە. ئێمە، هێندێ لەو سەربەخۆیییەی خۆمان دەگێڕینەوە، دەیدەینەوە بە « عێراق ».)

ئایا، ئەمە « کوردایەتیی » و « کوردستانچێتیی » پێ دەڵێن؟!! ئایا، گەر سەرکردەی گەلێکی ژێردەس، بەو جۆرە بیربکاتەوە، دەتوانێ، گەلەکەی لە کەناری ئازادیی نزیکخاتەوە؟!! ئایا، سەرکردەی گەلانی بندەستی دیکەش، کاتێ سوپای داگیرکەری نیشتمانەکانیان، بە جەنگێکی لاوەکیی دیکەوە خەریکبووبێ، جەنگە سەرەکییەکەی نێوان خۆیان و دەوڵەتە داگیرکەرەکەیان وەستاندووە؟!! ئایا، سەرکردەی گەلانی بندەستی دیکە هەوڵیانداوە، لە سەربەخۆیی گەلەکانی خۆیان بدەنەوە و بە قورگی نەهەنگی دەوڵەتە داگیرکەرەکەیاندا بکەن؟!! ئایا، کەس دیوێتی، بەردی بنچینەی دەوڵەتی داگیرکەری نیشتمانەکەی هەڵوەشێتەوە، سەرانی کورد، بە هەموو توانایانەوە هەوڵبدەن، بناغەیەکی پتەوتری بۆ داڕێژنەوە؟!!

جا گەر ئەورۆ سەرکردایەتی کورد بە گشتیی، « بارزانیی » و « تالەبانیی » بە تایبەتیی، لە ئاستی پێویستدا بوونایە ئەرکە نەتەوەیییەکانی سەر شانی خۆیان، بە رێکوپێکی جێبەجێکردایە، لە بەردەم رۆڵەکانی کورد، خوێنی شەهیدان و مێژوودا، هەستیان بە بەرپرسیاریی و لێپرسینەوە بکردایە، هەڵبەتە، رۆڵەکانی گەلی کورد، ئەو رۆژەڕەشانەیان نەدەبینی، ڕەوشی

نەتەوەیی و ڕامیاریی « کوردستان »یش، بەو بارە نالەبارە نەدەگەیی! ئاخر، کاتێ لە شاخ بوون، بە حسێبی خۆیان، دژی سوپای داگیرکەری « عێراق » دەجەنگان، کەچیی، دە ساڵی ڕێک، بە جەنگی نێوخۆوە خەریکبوون! من نازانم، ئەو سەرکردە زۆر دڵسۆزانە، بۆ کوردکوژیی، شاخیان لە دوژمنی داگیرکەر گرتبوو؟!! تەنانەت، دۆست و دوژمن، تانەی لێدەدان، هیچ کەڵکێکی نەبوو، ئەو جەنگە چەپەڵەیان، هەر ڕا نەدەگرت!
وە نەبێ، سەرکردەی ئەو پارتانە، پەندیان لە مێژووی خوێناویی و پڕ لە شەرمەزاریی، ئەو دە ساڵەی جەنگی نێوخۆی شاخ وەرگرتبێ، بەڵکوو، کاتێ بەشێکی زۆری « باشووری کوردستان »یش ئازادکرا و دەسەڵاتی دەوڵەتی نێوەندیی تێدا نەما، هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار، لە سەر پارە و کورسیی، لە شاریش، لە گیانی یەکدی بەربوونەوە، جەنگێکی چەپەڵی نێوخۆییان بەرپاکرد، چوار ساڵی ڕێکی خایاند، بە هەزاران ڕۆڵەی کوردیان برسیکرد و بەکوشتدا، دۆست و دژمن، هاواریان لێ هەستا و داوایان لێ کردن، ئەو جەنگە پڕخڵە ڕاگرن، بەڵام، هیچ کەڵکێکی نەبوو، تا، دەوڵەتێکی زلهێزی وەک: « ئەمێریکا » فریاکەوت و پێی ڕاگرتن! تۆ بڵێی، سەرکردەی گەلانی بندەستی دیکەی جیهانیش، هەر بەو شێوەیە، ڕەفتاریانکردبێ، بۆیە ڕزگاریانبووبێ و بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆشیان گەیشتبن؟!!
ئاخر، سەیر ئەوەیە، سەرکردەکانی دەوڵەتی « ئیسرایل »، هەمیشە، بە دوای هەلێکدا دەگەڕێن، دەس لە دوژمنە سەرەکییەکانی خۆیان بوەشێنن. چونکە، هەلی مێژوویی، بۆ گەلە بچووکە بێ پشتوپەنا و بێ تواناکان، وەک ئەوە وایە، مردوویەک لە گۆڕدا زیندووبێتەوە! کەچیی، سەرکردەکانی کورد، بە دوای هەلێکدا وێڵن، تا، جەنگی نێوخۆ هەڵگیرسێنن، تۆڵە لە یەکدی بکەنەوە و کوڕی کورد، بە خۆڕایی بە کوشتبدەن!

* * *

نامیلکە و پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر

1. دەربارەی پرۆژەکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چاپی1، سوید، 1994.
2. دوا پەیڤ، چ.1، سوید، 1994.
3. پێنج وتاری غەمگین، چ.1، سوید، 1994.
4. دیموکراسی، ئایدۆلۆژی و جەنگی نێوخۆ، چ.1، سوید، 1994.
5. ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا:
   - چ.1، سولەیمانی 1993.
   - چ.2 ، سوید، 1995.
6. پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا:
   - چ.1، سوید، 1995.
   - چ.2، سولەیمانیی 1996.
   - چ. 3، سولەیمانیی، 2002.
7. نامەیەکی درێژ بۆ نەوشیروان مستەفا، چ.1، سوید، 1995.
8. کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی:
   - چ.1، سوید، 1996.
   - چ. 2، کوردستان، 2000.
9. فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ:
   - چ.1، سوید، 1996.
   - چ.2، سولەیمانی، 1996.
   - چ.3، سولەیمانی، 2004.
10. بەڵێ لێکۆڵینەوە و ڕەخنە نەک شێواندنی ڕاستیی، چ.1، سوید، 1996.
11. خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا:
    - چ.1، سوید، 1997.
    - چ.2، سولەیمانیی، 2002.
12. ڕۆڵی سیستێمی بنەماڵە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا:
    - چ.1، سوید، 1997.
    - چ. 2، سولەیمانیی، 2001.
13. گیروگرفتە سەرەکییەکانی کورد:
    - چ.1، سوید، 1998.
    - چ. 2، سولەیمانیی، 2000.
14. ئۆجەلان ئەزموونێکی نوێ و پەندی مێژوویی:
    - چ.1، سوید، 1999.
    - چ.2، سولەیمانیی، 1999.

15. سەنیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی:
چ.1. سولەیمانیی، 1999.
چ.2. سولەیمانیی، 2005.
16. خلتەی بیرێکی ژاراویی، چ.1، سولەیمانیی، 2000.
17. مەسعوود محەممەد و دوو دیداری دۆستانە، چ.1، سولەیمانیی، 2002.
18. دیدی نەتەوەیی و نانەتەوەیی، چ.1، سولەیمانیی، 2002.
19. پەیانێکی ڕەش و ڕۆژێکی سوور، چ.1، سولەیمانیی، 2003.
20. سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن:
چ.1، کوردستان ـ سولەیمانیی، 2003.
چ.2، سولەیمانی، 2004.
21. یاقووت و زمڕووتی کوردیی، بەرگی1، چ.1، سولەیمانیی، 2003.
22. شەکرە شارەکەم سولەیمانی، چ.1، سولەیمانیی، 2003.
23. حەوت گوتاری قەدەغەکراو، چ.1، چاپخانەی ئەزمر، سولەیمانیی، 2004.
24. یاقووت و زمڕووتی کوردیی، بەرگی 2، چ.1، سولەیمانیی، 2004.
25. ئێمە بۆ واین؟ چ.1، چاپخانەی سیما، سولەیمانیی، 2005.
26. برایەتی درۆزنانە، چ.1، چاپخانەی سیما، سولەیمانیی، 2005.
27. دڵ و قودسی کوردستان، چ.1، چاپخانەی سیما، سولەیمانیی، 2005.

* * *

بەرهەمی داهاتووی نووسەر

1. یاقووت و زمڕووتی کوردیی، بەرگی سێیەم.
2. یاقووت و زمڕووتی کوردیی، بەرگی چوارەم.
3. یاقووت و زمڕووتی کوردیی، بەرگی پێنجەم.
4. ئایین و نەتەوایەتی.
5. بەرکۆڵێ لە خەرمانی بیری نەتەوەیی.
6. ناکۆکیی و ناپاکیی لە مێژووی کورددا.
7. جیۆپۆلێتیکی کوردستان.
8. بە ڕاشکاویی.

لە ڕاستییدا، شاری (کەرکووك)، لە هیچ شارێکی دیکەی ئەم جیهانە ناچێ: لەبەرئەوە، نە (دڵ)ە، نە (قودس)ە و نە (بڕۆکسل)یشە. بەڵکوو، وەك هەموو شارێکی دیکەی ئاسایی (کوردستان) وایە. بەلام، پێش ئەوەی، شارێکی (عێراقیی) بێ: بە شـــارێکی دێرینی (کـــوردیی) و (کوردستانیی) دادەنرێ.

گرنگ ئەوەیە، سەرکردەکانی (پارتیی) و (یەکێتیی)، وازی لێ نەهێنن، (ڕیفراندۆم)ی لە سەر نەکەن و لەکیس کوردی نەدەن، چونکە، ئەوەی لە ماڵی خۆی دڵنیابێ: شێر و خەتی لە سەر ناکا!

KURDS & KIRKUKS PROBLEM

A KRITICAL STUDY

Dr. HUSSEIN M. AZIZ

2005/2705K